# رۆژنە

سەرەتایەک بۆ کاری سینەما و تلەڤزیۆن



ئامادە کردنی تەیفور

## وێنە

هەرئەوەندە کە کامێرایەک بەدەستەوە بگرین و و جارێک لە نزیکەوە و جارێک لە دوورەوە دیمەنێک تۆمار بکەین، ئایا دەبێ بە فیلمێک یان بەرنامەیێکی تلەڤزیۆنی؟ بێگومان نە.

دەرهێنەری وا هەن کە تەنیا گرنگی بە جوانی جل و بەرگ و دێکۆری رەنگاورەنگ دەدەن و پارەیەکی زۆر بۆ ئەم شتانە خەرج دەکەن، بەڵام جوانکاری تەسویر و جووڵانەوەی کامێرا بە هەند ناگرن، بۆیە فیلم و بەرنامەکانیان بایەخی هۆنەری نییە. پەیداکردنی فەنی شیاو بۆ ناورۆکی دیاریکراوە کە کاری هۆنەرمەندانەیە! دەنا دەنگ و رەنگ و هەرا و هوریا جێگای کاری هۆنەری پڕناکاتەوە.

لەباسی چۆنیەتی وێنەدا ئەم بابەتانەی خوارەوە گرنگییان هەیە.

- روناکی. وایت بالانس
- ئەندازەی وێنە، جۆری ئەندازە لەگەڵ ناوەرۆک
- تەرکیبی تەسویر،
- کۆنتراست ، رەنگ
- جوڵانەوەی کامێرا، پان، تیلت، زوم
- شوێنی کامێرا (گۆشەی سەرنج)، ئاستی کامێرا.



**رووناکی**

رووناکی بڕیاردەری بوونی وێنەیە. چەندی و چۆنی رووناکی چۆنیەتی وێنە دیاری دەکا. چاوی مرۆڤ بۆ دیتن و ناسینەوەی شتەکان رووناکییەکی زۆر کەمی پێویستە. هیچ فیلم یان کامێرایێکی دیژیتال ئەو هەستیارییەی نییە کە بتوانێ لەو رووناکییە کەمەدا کە چاو توانای دیتنی هەیە، ببینێ، مەگەر بە شەوقی تایبەتی. (شەوقی x)

**دانانی رووناکی لە کامێرای فیلمدا:**

بۆ دانانی رووناکی دروست لە وێنەدا، دەبێ سێ شت پێکەوە رێک بخەین. یەکەم هەستیاری فیکمەکە کە بە (ASA) دیاری دەکرێ و لەسەر بەرگی فیلمەکە نووسراوە. بازنەیێکی تایبەتی لە کامێرای فۆتۆدا هەیە کە ژمارەکانی (ASA) ی لەسەر نووسراوە. ئەو بازنە لەو ژمارە دادەنین کە لەسەر فیلمەکە نووسراوە. دواتر دەتوانین کامێراکە لەسەر ئۆتۆمات دانێین، یان دوگمەی وێنەگرتنەکە هەتا نیوە داگرین بۆ دیتنی ژمارەی ئەو دوو ئامێرەکەی دیکە. یانێ رۆژنە و خێرایی. دوایە دەتوانین بۆ خۆمان دایان بنین (بڕوانە بەشی کامێرا). یان کامێراکە لەسەر ئۆتۆمات دانێین و وێنەکەمان بگرین. لە کاری پێشەییدا ئامێری جودا بۆ ئەندازەکردنی رووناکی هەیە کە لوکس مێتری پێی دەگوترێ. بە پێی هەستیاری فیلمەکە و زیاد و کەمی رووناکی رادەی رۆژنە و جێرایی دیاری دەکەن.

لە کامێرا ئاماتۆرییەکاندا تەنیا فلاش دانراوە کە لە رووناکی کەمدا هەڵ دەبێ و وێنەکە روون دەکاتەوە. (بەو شەرتە لەسەر خێرایی فلاش دانرابێ) بەڵام دەبێ بزانین فلاشی ئەم کامێرایانە هەتا ٣-٤ مێتر بڕدەکا و تەسویرەکەشی زۆر تەخت دەبێ. فلاشی پێشەیی هەیە کە تا ٣٠ مێتر بڕ دەکا و فۆتۆگرافە رۆژنامەوانەکان کەڵکی لێی وەردەگرن.

**رووناکی لە کامێرای دیژیتاڵدا:**

دیژیتاڵ کامێراکان ساڵ بە ساڵ نوێ دەبنەوە و ئێستا کامێرا هەیە کە بە ٣ لۆکس کار دەکا. (هەر لۆکسێک بە گریمان بەرانبەرە لەگەڵ رووناکی مۆمێک) یانێ لە رووناکی نێو ماڵێکی ئاساییدا دەکرێ وێنە تۆمار بکەین. بەڵام رووناکی هەر بۆ ئەوە نییە کە شتەکان دیار بن بەڵکوو ئەرکی دیکەشی هەیە.

ئەرکە گرینەگەکانی رووناکی بریتین لە:

١- یەکدەست کردنەوەی کۆنتراست (جیاوازی نێوان تاریک و روونی، یان رەنگەکان) بە شیوەیەک کە بگاتە میزانی کۆنتراستی تلەڤزیۆن. یان بەو رادەیە کە ئێمە مەبەستمانە.

٢- پیشاندانی دروستی شێوە، رووپەر، بارستایی و کەش و هەوا (دراما) لە دیمەنەکەدا.

٣- راکێشانی سەرنجی بینەر بۆ بەشی گرینگی وێنەکە.

٤- پیشاندانی تایبەتمەندیی ژوورەکە. وەکوو سەرچاوەی رووناکی (پەنجەرە، دەرکە، گڵۆپ...)، سێبەری تایبەتی کەسێک یان شتێک، نەرم کردنەوە یان لابردنی سێبەرەکان و...


٥- جوان کردنی رووناکی بە گڵۆپی رەنگی، یان لابردنی رووناکییەک بە رووناکییەکی بەهێزتر. گەرم و سەرد کردنی رەنگەکان.

## لۆژیکی چۆنیەتی ڕووناکی:

هەمووکاتێک ڕووناکی دەبێ لۆژیک بێ. یانێ لە دیمەنی ئاسایی نزیک بێتەوە. یان لەو مانا کە دەمانەوێ بیدەینێ. ئەگەر کەسێک لە شان پەنجەرەیێکەوە ڕاوەستاوە، دەبێ تیشکە تیژەکە لە لایەن پەنجەرەکەوە بێ. ئەگەر لە ژێر گلۆپێکدا دانیشتوە دەبێ ڕووناکی سەرەکی لە شوێنی گلۆپەکەوە خۆی بنوێنێ.

**تایبەتییەکانی سەرچاوەی ڕووناکی:**

هەر سەرچاوەیێک تایبەتی خۆی هەیە. ئەم تایبەتییە لە چەند و چۆنی ئەو ڕەنگانەیە کە ڕووناکییەکە پێک دێنن.
دەزانین کە هەتاو بەهێزترین ڕووناکییە و حەوت ڕەنگی تێیدایە. شین، زەرد، کەسک، پرتقالّی سوور، بنەوش، سەرەوەی بنەوش (شەوقی x - کە بەچاو نابیندرێ بەلّام لەسەر فیلم کاریگەری هەیە.)
گلۆپەکان بە پێی ئەو ڕەنگانە کە تێیاندان ڕەنگی وێنە دەگۆڕن. ئەمە جیا لەوەیە کە چەند بەهێز بن. هەندێک زەردیان زۆرە و هەندێک شین و... دەبێ لە کاتی بەکاربردنیاندا ئەم زانیارییە ڕەچاو بکەین.
ئەگەر بمانەوێ ئەو ڕەنگە تایبەتییە زاڵ نەبێ بەسەر وێنەکەماندا، لە فیلمدا بە فیلتەر و لە کامێرای دیژیتاڵدا بە وایت باڵانس ڕەنگەکان ئاسایی دەکەێتەوە.





ڕووناکی ناڕاستەوخۆ کە لە ئاسمانەوە بێت نەرم و یەکدەستە.
ڕووناکی گلۆپێک کە بە سەقفەوە هەڵاوەسراوە سێبەری ناشیرین لە سەروچاودا پێک دێنێ.
تیشکی تاو و تیشکی گلۆپی سەقفی بەهێز دەبێ بە یارمەتی ڕفلێکتۆر (ڕووپەری سپێ) یان گلۆپێک کە لە خوارەوە پێدەکرێ چاک بکرێ دەنا چاوەکان لە سێبەری ڕەشدا ون دەبن.

**سێبەرەکان نەرم بکەنەوە:**

لە بوونی سێبەر لە وێنەدا مەترسن. شوێنی بێ سێبەر زۆر کەمە ئەگەریش هەبێ زۆر تەخت و ناخۆش دێتە بەرچاو.
بۆ ئاسایی بوونی وێنە دەبێ سێبەرەکان زۆر توند نەبن، دەنا لە تلەڤزیۆندا زۆر ڕەش دەنوێنێ.
گلۆپ بە پێچەوانەی ڕووناکی پەنجەرە، سێبەری تیژ دروست دەکا. بۆ نەرم کردنەوەی سێبەرەکان دەکرێ تۆڕێکی ناسک لە پێش گلۆپەکە دانێن یان ڕووی گلۆپەکە بەرەوڕووی ڕووپەرێکی سپی بگرین یان ڕووی لە دیوار یان

سەقفێکی سپی بکەین کە رووناکی ناراستەوخۆ دروست بێ. ئاگادار بن دیوارەکان رەنگدار نەبن دەنا رەنگەکانی وێنەکە تێکدەشێوێن.






رووناکی نەرمی سەروچاو: هەرچی دیمەنەکە نزیکتر بێ دەبێ رووناکییەکە نەرمتر بێ. بۆ نەرم کردنەوە بە تایبەت لە دەرەوە رفلێکتۆر بەکار بێنن، بەڵام ئەگەر وێنە بڵاو بێ سێبەرەکان زۆر خۆیان نیشان نادەن.

**دەوری گڵۆپەکان لە دانانی رووناکیدا:**

شێوەی دانانی رووناکی بۆ فیلم و بۆ دیژیتاڵ وەک یەکن. جیاوازی لە هێزی رووناکی و چۆنی پرۆژێکتۆرەکاندایە کە بۆ کاربە کامێرای فیلم هێندێک جیاوازهەیە هەتا کار بەکامێرای دیژیتاڵ.

بۆ دەرهێنانی بێچم(فۆرم)ی هەر شتێک لانی کەم سێ سەرچاوەی رووناکی پێویستە: هەر رووناکییەک دەوری خۆی هەیە.

**گڵۆپی یەکەم** رووناکی سەرەکی دەدا، سێ جوارەمی شتەکە روون دەکاتەوە. ئەرکی پیشاندانی بارستایی شتەکەیە.





**گڵۆپی دووەم** نیوەی گڵۆپی یەکەم بەهێزە، ئەرکی نەرم کردنەوەی ئەو سێبەرانەیە کە گڵۆپی یەکەم پێکێ هێناوە.


**گڵۆپی سێیەم** لە یەکەمیش بەهێزترە و کاری تەواوکردنی شێوەکە و جیا کردنەوەی وێنە لە رووپەڕەکەی پشتەوەیە. بۆ وێنە ئەگەر کەسێک جلی رەشی لەبەردا بێ و لە پێش پەردە رەشێک دانیشتبێ، بێشک دەبێ رووناکییەک ئەو لە پەردەکە جوێ بکاتەوە.

**رووناکی بێ سێبەری گشتی:** دەکرێ پرۆژێکتۆرێکی بەهێز کە فیلتێری لەسەرە یان لە سەقف دەدرێ هەموو دیمەنەکە روون بکاتەوە. ئەمە بێ سێبەر دەبێ. ئەوکات بۆ وێنە نزیکەکان لە سوچی شانی کامێراکەوە رووناکییەک زیاد دەکەین کە وێنەکە تەخت نەبێ.

**شوێنی پرۆژێکتۆرەکان:**

رووناکی یەکەم وا دادەنێین کە سێ لەچوار بەشی وێنەکە روون بکاتەوە و سێبەرەکان بکەوێتە تەنشت و خوارەوە، (دیمەنی ٤) رووناکی دووەم هەر لەو ئاستەدا بەرز بێ و سێبەرەکانی رووناکی یەکەم نەرم بکاتەوە. رووناکی سێیەم لە سەر سەرەوە بۆ خوار بە شێوەیەک کە هەر دوو شانەکە روون بکاتەوە و لە کامیراکەش نەدا.

- لەو وێنانەی بەرانبەردا:




وێنەی ژمارە 1 : رووناکییەکە زۆر کەوتووەتە پشتەوە و زۆر لە سەرەوەیە.


وێنەی ژمارە 2: دوو رووناکی دراوە کە هەر دوویان بە یەک ئەندازە رووناکی دەخەنە سەر کەسەکە.

وێنەی ژمارە 3: رووناکییەکە زۆر لە پشتەوەیە.

وێنەی ژمارە 4: وەکوو رووناکی یەکەم زۆر باشە. بەڵام دەبێ بە دوو رووناکی دیکە تەواو بکرێ.

وینەی ژمارە 5: رووناکییەکە زۆر لە تەنیشتەوەیە.

وێنەی ژمارە 6: هەردووک رووناکییەکە زۆر لە تەنیشتەوەن و دەبێ بهێنرێنە پێشەوە.




بێگومان ئەگەر کەسەکان زۆربن، سەرچاوەی رووناکی زۆرترمان دەوێ بەڵام ئەوە بەو مانا نییە کە بۆ هەرکەس سێ سەرچاوە پێویستە. بەڵکوو دەکرێ لە سەرچاوەیەک بۆ دوو کەس کەڵک وەرگرین. بۆ نموونە ئەگەر دوو کەس بەرانبەر یەکتر راوەستاون گڵۆپێک کە دەبێتە رووناکی پشت سەر بۆ یەیکیان دەتوانێ ببێتە رووناکی دووەم بۆ کەسی بەرانبەر.

ئەگەر هەر سێ پرۆژێکتۆرەکان هێزیان وەک یەک بێ بە دوورو نزیک کردنەوەیان رووناکییەکەیان کەم و زیاد دەکەین.

- هەرچی جیاوازی هێزی پرۆژێکتۆرەکان زۆرتر بن کۆنتراست زۆرترە.
- هەرچی زاویەی کامێرا و پرۆژێکتۆری سەرەکی زۆرتر بێ سێبەرەکان درێژتر دەبنەوە.

ئەو شتانەی کە بریقە دەداتەوە وەکوو چاویلکە، یان شتی بلۆری و ... دەبێ لابرێن، یان زاویەکەیان بگۆڕدرێ.
ئەو رووپەڕانەی کە بەرەو کامێراکە تیشک دەگێرنەوە ، نەختێک خوار بکرێنەوە یان رووناکییەکە و کامێراکە جێگۆرکێیان پێ بکرێ.

**گڵۆپی سەر کامێرا:**

گڵۆپی جۆربەجۆر بۆ سەر کامێرا هەیە، چ بۆ بەکار بردنی دەرێ و چ ژووری. ئەم گڵۆپە بە چەند مەبەست بەکار دێ. وەکوو: نەرم کردنەوەی سێبەری سەروچاو، باشکردنی رەنگەکان (هەندێ جار بە فیلتەری شێنەوە)، نەختێک زیادکردنی رووناکی لە کاتێکدا کە سەرچاوەی رووناکی سەرەکی دوورە، یان لە تەنیشت یان لە پشتەوەیە.

**سێ شێوەی کەم کردنەوەی رووناکی گڵۆپ:**

١- دوورکردنەوەی پرۆژێکتۆرەکە

٢- پاش و پێش کردنی گڵۆپەکە لە نێو کاسەکەیدا.

٣- دانانی فیلتەرێکی تۆری تایبەت، کاغەزی چەور، یان فیلتەری تایبەتی کە بۆ ئەم کارە دروست کراوە.

**وایت باڵانس:**

چونکە رەنگی رووناکی دەرێ و ژووری زۆر جیاوازی هەیە، کامێرای دیژیتاڵ دەبێ وایت بالانس بکرێ. کامێرا ئاماتۆرییەکان ئەم کارە بە شێوەی ئۆتۆماتیک دەکەن. بەڵام لە کامێرای پێشەییدا دەبێ بۆ خۆمان رێکی بخەین.

لە پێشدا دیافراگم(رۆژنە) و خێرایی دیاری دەکەین. خێرایی نابێ لە شەست کەمتر بێ و رۆژنەش بە پێی کەم و زۆری رووناکییەکە زیاد و کەم دەکرێ. دوایە کامێراکە بەرەو رووپەڕێکی سپی دەگرین و دوگمەی وایت باڵانس دادەگرین و خزنی دەکەین. بەم شیوە ئێمە بە کامێراکەمان دەڵێین لەم رووناکییەدا رەنگی سپی من ئەمەیە، باقی رەنگەکانم بە پێ ئەم سپییە بۆ رێک بخە! ئەگەر گەرمای رووناکی گۆرا، لە پرۆژێکتۆری جۆربەجۆردا، یان لە ژوورەوە چوینە دەرێ دیسان دەبێ وایت باڵانس بکرێتەوە.


بە گۆرینی لاپەری سپی بۆ رەنگێکی دیکە دەتوانین






ڕەنگی وێنەمان بەگشتی بگۆڕین. بۆ نموونە ئەگەر لەباتی کاغەزی سپی کاغەزێکی پرتەقاڵی بەکار بێنین وێنەکەمان شین دەبێ، ڕەنگی بەرەبەیان، یان مانگەشەو پەیدا دەکا. یان ئەگەر بمانەوێ ئێوارەکەمان زۆر سور نیشان بدەین لەسەر کاغەزێکی شینی کاڵ وایت باڵانس دەکەین.

وایت باڵانس کراوە — وایت بالانس نەکراوە



**ڕووناکی تێکەڵ:**

ئەگەر ڕووناکی دەرێ و ژووری تێکەڵ بووبێ. وێنەگرتن هاسان نییە و دەبێ چارەسەر بکرێ. بۆ نموونە: دەمانەوێ چاوپێکەوتنێک بکەین، ئەو کەسە کە دەبێ قسە بکا، پشت بە پەنجەرەیێکی گەورە دانیشتووە. ڕووناکی دەرێ نە تەنیا زۆر زیادترە لە ژووری. بەڵکوو لە دوو ڕەنگی جیاوازن. ئەگەر بە لەبەرچاوگرتنی دەرێ بێ، دیمەنی نێو ژوورەکە تاریک دەبێ، ئەگەر ڕۆژنە بکەینەوە و وایت باڵانس بۆ ژووری دابنین، پەنجەرەکە ئەوەندە سپی دەبێ کە وێنەکە تێک دەدا. ئەگەر بە پێ ڕووناکی دەرێ وایت باڵانس بکەین، ژووری بە تەواو تاریک دەبێ.



چەند ڕێگا بۆ چارەسەرکردن هەیە.

ئاسانەکانی ئەمانەن: گۆڕینی جێگای بێژەر، کێشانی پەردە بەڕووی پەنجەرەکەدا، یان خستنە شەوی چاو پێکەوتنەکە. هەر هیچ نەبێ، لە ڕووناکی سەر کامێرا کەڵک وەردەگرین.

دەتوانین پرۆژێکتۆری وا بەهێز بێنین کە ڕووناکی ژووری هاوپەرا بکەین لەگەڵ دەرێ. بەڵام زۆر گران تەواو دەبێ. لە فیلمە سینەماییەکاندا جار وایە ئەو کارە دەکەن، کاتێک کەسێک لەبەر پەنجەر ڕاوەستاوە و دەرێ تەواشا دەکا و وێنەی دەرێ و ژووری پێکەوە دەبیندرێ.

ڕێگای دیکە ئەوەیە کە فیلتەری خۆڵە مێشی لە پەنجەرەکە بدەین، یانێ رووناکی دەرەوە کەم دەکەینەوە بێ ئەوەی ڕەنگەکان بگۆڕدرێ. یان لە پێش پرۆژێکتۆرەکان فیلتەری شین دابنین. لەم شیوەدا دەبێ پرۆژێکتۆری فیلم بەکار ببرێ کە ڕەنگی ژوورەوە وەکوو دەرەوە بێ.

لە کامێرای نیوە پێشەییدا فیلتەری خۆڵەمێشی(ND) لە نێو کامێراکە دا دانراوە بۆ کەم کردنەوەی رووناکی لە دەرێ. بەڵام ناکرێ هەم ژوورەوەت هەبێ هەم دەرەوە. کاتێک رووناکی لە رادەی ئۆتۆماتەکە زیاتر بێ کامێراکە خۆی داوای فیلتەر دەکا. بە پاڵ پێوەنانی دوکمەکە فیلتەرەکە دادەنین.

- تۆمار کردن لە شەودا و لە دەرەوە شێوەی تایبەتی هەیە. دیارە ناکرێ هەموو کوچە و کۆڵان روون بکەینەوە. چراکانی نێو شەقام بۆ خۆیان زۆر رووناکن و دەبنە هۆی تاریک دیار دانی بەشەکانی دیکە. دەکری لە دیمەنە گشتییەکاندا دیافراگم نەختێک بکەینەوە، با چراکان زۆر رووناکتر لە ئاسایی دەرکەون. لە وێنە نزیکەکاندا چرای سەر کامێرا بەکار بێنین.

- ئەگەر بابەتەکە زۆر گرینگ بێ لەو کامێرایانە کەڵک وەردەگرین کە فیلتێری لەیزەری هەیە و پێی دەڵێن (Night shot). وێنەکە رەش و سپی دەبێ بەڵام چاک دەبیندرێ. لەم شێوە بۆ تۆمارکردنی شەڕ و رووداوی سروشتی و ئاژەڵی کێوی کەڵک وەردەگیرێ. لە دراما‌دا دەکرێ لە رۆژدا شەو تۆمار بکرێ و دوایە لە مۆنتاژدا کۆنتراستی زیاد بکرێ و یەک رەنگ بکرێتەوە (هەموو دیمەنەکە ببێتە شینی کاڵ، وەکوو مانگەشەو) یان بکرێتە رەش وسپی. ئەمە پێی دەڵێن رۆژ بۆ شەو(day for night).




## ئەندازەی وێنە:

**وێنەی گشتی**:(Total shot) شوێنی رووداوەکە بە بڵاوی نیشان دەدا. ئەم جۆرە وێنە یارمەتی بە وێنەکانیتردەدا کە شوێنی خۆیان بدۆزنەوە. لە تلەڤزیۆندا لەبەر چوک بوونی شاشە، نابێ زۆر قورسایی بخەینە سەر ئەم وێنە گشتییانە! شتی زۆر چوک لە کەناری وێنە دامەنێن رەنگە دواتر لە شاشە دەرنەکەوێ. وێنەی گشتی بۆ دەستپێکردنی وتار باشە.

ئەگەر خۆ بپارێزین لەوە کە بە نیشاندانی وێنەی گشتی بینەر ماندوو بکەین و لە هەمان کاتدا بە مەبەستی نیشاندابێ کە پێوەندی نێوان وردەکارییەکان و جێگای رووداوەکەمان وێنەی گشتیمان نیشان دابێ، باشتر ئەوەیە شتی گرینگ یان کەسەکە لە نزیک کامێراکەوە دانێین.

**وێنەی بڵاو**: (Lang shot) تایبەتییەکانی ئەم وێنەش وەکوو وێنەی گشتییە، لە نزیکترەوە جووڵانەوەکان نیشان دەدرێن و بۆ چیرۆکەکە قووڵایی دروست دەکا. زەمینە خۆش دەکا بۆ وێنە بەستراوەکان.

**وێنەی مام ناوەنجی**: (Medium) ئەم وێنە لە نزیکترەوە کاری کەسەکە نیشان دەدا و زیاتر بۆ گێرانەوەی چیرۆک و نیشاندانی کار بەکەڵکە.

**وێنەی نزیک** (Close up) ئەم وێنە زیاتر کاراکتێر دەردەخا و وردەکارییەکان نیشان دەدا و هەستی بەقووەت دەردەخا. ئەگەر وتار هەبێ، راستەخۆ دەبێ لەگەڵ دیمەنەکە بگونجێ.



وێنەی نزیک    وێنەی مێدیوم

**وێنەی زۆر نزیک:** (Ex close up) هەستی زۆر بە قووەت دەدا و بۆ نیشاندانی کاری زۆر وردە. بۆ نموونە: گرێدانی پەتێک یان پاک کردنەوەی سەری نینۆک و... ئەمە دەبێ بە تەواوی پێوەندی لەگەڵ وتارەکە هەبێ دەنا سەرلێشێواوی دروست دەکا. ئەم جۆرە وێنە زیاتر بە لێنزی ماکرۆ تەسویر دەکرێ. هێندی کامێرای دیژیتاڵ
ئەم ئیمکانەیان هەیە.

وێنەی زۆرنزیک



**تەرکیبی تەسویر(کۆمپۆزیسیۆن)**

رێکخستنی تەرکیب لە وێنەدا یاسا نییە، بنچینەیە بۆ دارشتنی تەرتیبی بۆ وێنەکان کە بە یارمەتی ئەو شێوە فکری وێنەگر یان دەرهێنەر بەردەوام دەبێ و پێوەندی خۆی لەگەڵ بینەر درێژە پێدەدا.

بە رێکخستنی دروستی نێوەرۆکی وێنە سرنجی بینەر بۆ ئەو شوێنە گرینگە رادەکێشرێ کە پێوەندی بە پەیامەکەوە هەیە. دانانی تەرکیب تەنیا لەبەر جوانی نییە، بەڵکوو دەبێ تەرکیبەکە لە خزمەت ئامانج و پەیامی وێنەکەدا بێ.

- بە هەموو شێوەیەک، رووناکی، فۆکوس، کۆنتراست و قووڵایی دروست کردن و لە جێگای باش دانانی شتە گرینگەکان، دەمانەوێ سرنجی بینەر بۆ ئەو شوێن و کەسە راکێشین کە مەبەستمانە.

- بێگومان ئەو کەسە لە شوێنێکە کە دەوروبەری شتی جۆراجۆری تێیدایە، دەبێ کەس یان شتی سەرەکی وا دابنین کە جووڵانەوەی دەوروبەر سرنجی بینەر بۆ خۆی رانەکێشێ دەنا بابەتە سەرەکییەکە گرینگی خۆی لەدەست دەدا و بینەر لەدووی شتە لاوەکییەکان دەکەوێ. بۆ نموونە لەکاتێکدا کەسێک قسە دەکا، مێشێکی پێوە دەنیشێ و ئەو بە دەست دووری دەخاتەوە، رەنگە یەکەم جار بینەر زۆر گرنگی نەداتێ بەڵام دووەم جار بینەر قسەکانی لەبیردەچێتەوە و مێشەکە دەبێتە بابەتی سەرنجدان.

- چوونکە ئێمە لە راستەوە بۆ چەپ و لە سەرەوە بۆ خوارێ دەخوێنینەوە، چاو راهاتووە کە زیاتر بەرەو راست بڕوانێ. ئەم راهاتنە یارمەتی دەدا کە ئەو شتەی کە دەمانەوێ زووتر ببیندرێ، لە لای راستەوە دابنین. ئەگەر شتێکی گەورە لە چەپەوە دابندرێ بەرانبەری دەکا لەگەڵ شتێکی چووکتر کە لە راستەوە دانرابێ. ئەم جۆرە بالانسە پێوەندی بە رەنگ و رووناکیشەوە هەیە.

- ئەگەر شتێک رەنگی تۆختر بێ قورسترە لە شتێک کە رەنگی کاڵتری هەبێ. رەش قورسترە لە سپی، سوور قورسترە لە شین و..هتد. قورسەکان خۆیان لە پێشترەوە نیشان دەدەن، ئەگەرچی لە یەک ئاست دانرابن. ئەم هاوپەرایی و باڵانسە بۆ فۆرمی جۆراوجۆر و جووڵانەوەی جۆراوجۆریش هەیە. ئەم زانیاریانە یارمەتی دەدا کە قوڵایی لە دیمەنەکەدا دروست بکەین. بە دروست کردنی قوڵایی (پرسپێکتیڤ) دەتوانین چاوی بینەر بۆ ئەو شوێنە بەرین کە دەمانەوێ.

**باڵانس کردنی وێنە**




وێنەی باڵانسکراو دەبێ ئەم تایبەتییانەی تێیدا رەچاو بکرێ:

**١- جێگای بابەتەکە لە چوارچێوەی وێنەکەدا.**

**خاڵە زێرینەکان** ١٣:٨ یان دەگوترێ ٥:٣ ئەم نیسبەتە لە کۆنەوە کەشف کراوە و زۆربەی پەیکەرەساز و نەقاشەکان پێرەوەیان کردووە. ئەگەر وێنەکەمان لە هەر لایێکەوە بە پێی ئەم نیسبەتە دابەش بکەین و لەوێوە چوار خەت (بە شێوەی وێنەێ ئەم لاپەڕە) بکێشین ئەوە چوار خاڵ بە دەست دێ کە پێی دەڵێن خاڵە زێرینەکان. و هێڵەکانیش ئەو هێڵانەن کە باشترین جێگای دانانی بابەتە گرینەکەی ئێمەن و باشترین باڵانس لە وێنەدا پێک دێنن.

- ناوەڕاستی وێنە شوێنێکە کە بینەر زوو لێی ماندوو دەبێ.

- گواستنەوە لە ناوەڕاستەوە سرنج رادەکێشێ.

- شتی قورس (یان بە ئەندازە قورسە، یان بە رەنگ، یان ئێمە دەزانین ئەو شتە قورسە بۆ نموونە بەردێکی گەورە) لە سەرەوەی چوارچێوەکە دامەنێن!

- بەتاڵکردن یان پڕکردنەوەی لایەک لە وێنە مانای جیاوازی هەیە، دەبێ بە ئاگادارییەوە بکرێ. بۆ نموونە: کاتێک یەک کەس لە لایێکەوە دانراوە ئەو لاکە بەتاڵە: تەنیایی، چاوەڕوانی، بەرەوشوێنێک چوون و... مانا دەدا کە بە پێ ناوەرۆکی چیرۆکەکە جیاوازی هەیە.

- ماوەی نێوان بابەتەکان مانای جۆربەجۆر دروست دەکا. بۆ نموونە دوو مرۆڤ ئەگەر زۆر لێک نزیک دانرابن نیشانەی خۆشەویستی نێوانیانە، ئەگەر دوور لەیەک بن نامۆ بوونیانە و هتد... بزانین کە بەدەور هەر مرۆڤیکدا

بازنەیەک هەیە بە درێژایی دەستێک. ئەو بازنە خەڵوتیی ئەو تاکەیە و کەس بۆی نییە بچێتە نێو ئەو بازنەیەوە. مەگەر خۆشەویستی زۆر نزیکی بێ یان دوژمن بێ و بۆ شەڕ هاتبێ.

**٢- ئەندازە و قورسایی بابەتەکە لە چوارچێوەی وێنەکەدا.**

- بۆ نیشاندانی ئەندازەی دروستی شتێک دەبێ لەگەڵ شتێکی ئاشنا بۆ بینەردا بەراوردی بکەین. ئەگەر تەختەبەردێک مرۆڤێکی لەپاڵ نەبێ نازانین گەورەبییەکەی چەندە.

- ئەگەر لە لایێکەوە شتێکی قورس یان گەورە هەبوو شتێکی دیکە - نەبەو ئەندازە- لەوبەری دابنێن!
- رەنگی تۆخ قورستر لەچاو دەدا!
- شتی رێکوپێک لە شتی نارێک زیاتر جێکەوتوویی دروست دەکا.
- خەتە ئەستونییەکان ریتمیان زیاتر لە خەتە ئاسۆییەکانە، خەتی ئاسۆیی ئارامە و ئەستونی نائارام.
- ریتم لە وێنەدا هەر وەکوو ریتم لە موسیقادا حەز دەدا بە مرۆڤ.

**٣- پێوەندی نێوان بابەتەکانی نێو چوارچێوەکە.**

- ئەو شتانەی کە لە وێنەیەکدان، جۆرێک پێوەندی پێکەوە دروست دەکەن، کە جاری وایە بۆمان ئاشنایە و بە ئەنقەست دادەندرێ. بۆ نموونە سێ شت سێ گۆشەیەک دروست دەکەن. یان کاتێک دوو خەت خاچێک دروست دەکەن، ئەگەر خاچەکە خوار بێ (X) ئەوە نیشانەی رەدکردنەوەی شتێکە، بەڵام ئەگەر راست بێ (+) نیشانەی ئیزافەکردنە و باری ئایینیشی هەیە. هەر ئەم دوو خەتە ئەگەر لەپاڵ یەکدا(=) بن ئارامی و رۆیشتن و پێکنەگەیشتن و بەرانبەری مانا دەدا.

- هەوڵ بدەن تەنیا یەک خاڵی سەرنجراکێش لەوێنەدا هەبێ. ئەگەر چەند خاڵ بێ سەرلێشێواوی دروست دەکا و بینەر پێی راناگا هەمووی تێبگا. بەتایبەت ئەگەر ماوەی نیشاندانەکەی کەم بێ. بۆ نموونە چەند کەس دوو دوو راوەستاون و هەر دووانەش کارێك دەکەن. باشترە دوای نیشاندانی کورتەیەک لە هەموو دیمەنەکە، بە جیا، جیا بچینەسەر هەرکام لە دوو کەسییەکان ، بۆ نیشاندانی کارەکەیان.

- ئەگەر لە وێنەیەکدا خاڵی سەرنج (ئەو خاڵەی وێنە کە بینەر بۆی دەڕوانێ) لە جێگایەکی تایبەتی وێنەکەیە (بۆ نموونە لە دەستی راستەوە) لە وێنەی دواییشدا باشتر ئەوەیە هەر لەوێ بێ دەنا پەڕینی وێنە دروست دەبێ. ئەمە بەو مانا نییە کە چوارچێوەی وێنەکان وەک یەک بن، بەڵکوو بەو مانایە کە چاوی بینەر جێگا ئاشناکەی پێشوو زووتر دەبینێتەوە.

**٤- رەنگی بابەت لە پێوەندی لەگەڵ رەنگی دەوروبەرەکەیدا.**

گەیاندنی مەبەست لە رێگای رەنگەوە، زیاتر بە هۆنەری نەقاشییەوە ناسراوە، بەڵام راست بە شێوەی نەقاشی لە فیلمیشدا رەنگ دەور دەبینێ و وێنەگر و دەرهێنەر دەبێ زمانی رەنگ بزانن و ئاگایان لە مانا تایبەتییەکانی بێ. لێرە ئاماژە بە چەند خاڵی ئەم زمانە دەکرێ، گەرچی بۆ راهاتن و بەتەواو مانا کارپێکردنێکی زۆری دەوێ.

کارکردنی رەنگ لەسەر هەستەکانی ئێمە بەم شێوەیە کە:

- رەنگی گەرم قورستر دەنوێنێ / رەنگی تۆخ قورستر دەنوێنێ. ئەگەر دەمانەوێ باڵانسی رەنگ پێک بێ رەنگی تۆخ و کەمتر و رەنگی کاڵ زۆرتر دابنین!
- رەنگەکان لەگەڵ پاش زەمینەی جۆراوجۆردا رەنگیان رۆشنتر یان تۆختر دەنوێنێ.
- کەسک لە پاش زەمینەیێکی خۆڵەمێشی کەسکتر دەنوێنێ.
- رەنگی بەهێز ئەگەر لە پێش رەنگی سپی دانرێ لاوازترە لەوەی کە لەپێش رەش دانرێ.
- هەموو رەنگەکان لەگەڵ تەختی رەشدا بەهێزتر دەنوێنن.
- هەر رەنگێک لەگەڵ رەنگی تەکمیلی خۆیدا بەهێزتر و رووناکتر دەنوێنێ.
- بەگشتی رەنگە رۆشنەکان سرنج رادەکێشن، بەتایبەت سووری رۆشن، زەردی رۆشن، و نارنجی رۆشن. بەو مەرجەی لە فۆکوسدا بن.
- هەررەنگێک شتێکمان وەبیردێنێتەوە کە بۆمان ئاشنایە و ئەو هەستەمان تێدا زیندوو دەکاتەوە بۆ نموونە رەنگی سوور گوڵی سوور یان خوێنمان وەبیر دێنێتەوە و کەسک سەوزە و بەهار.
- بەگشتی هەستی رەنگەکان بەم شێوەن:
- سوور: گەرما، قەڵسی، زویری، هەڵچوون، هێزو توانا.
- سەوز: بەهار، تازەبوون، ترس.
- زەرد: خۆر، خەیانەت، درۆشانەوە.
- سپی: بەفر، زەریفی، سەردی و پاکی.
- ئەگەر رەنگی کاڵ- رۆشن لەوێنەدا زاڵ بێ، هەستی وێنەکە شاد، زەریف، سادە، ئاشکرا و بێهێزە.
- ئەگەر رەنگی تۆخ زاڵ بێ: هەستەکە خەفە، دڵتەنگ، بڕیاردراو و سەنگین و بەهێزە.




**٥- پرسپێکتیو (قووڵایی دیمەن)**

بۆ نیشاندانی شێوە، دوور و نزیکی شوێنی بابەتەکە و بەمەبەستی راکێشانی سەرنجی بینەر بۆ خاڵێکی تایبەتی، پێویستیمان بە دروست کردنی پرسپێکتیوە.

**پێنج شێوە بۆ دروست کردنی پرسپێکتیڤ:**

١- بەکاربردنی لێنزی بڵاو (واید). ئەم لێنزە دەبێتە هۆی کێش هاتنی خەتەکان بەرەو قووڵایی وێنەکە. خەتەکان سەر بەیەکەوە دەنێن. وەکوو دوو بەری کەناری رێگا.

٢- دانانی شتی رەنگ تۆخ لە دوورترەوە.



٣- بەکاربردنی رووناکی پشت سەر و رووناکی تەنشت. رووناکی پێشەوە قوڵایی کەم دەکاتەوە.

٤- بەکاربردنی مەودای فۆکوسی کورت، بەشێوەیەک کە پێش و پاشەکەی فۆکوس نەبن.


٥- چووڵانەوەی کامێرا بە هێواشی دەبێتە هۆی ئەوە کە خێرایی شتەکانی پێشەوە کەمتر لەوانی پشتەوە لەچاو بدات.

**تێبینی:** بە زوومکردن قوڵایی دروست نابێ و نیشان نادرێ.

## شوێنی کامێرا، ئاستی کامێرا

مەبەست لە شوێنی باش بۆ کامێرا یان ئەوەی کە پێی دەگوترێ گۆشەی نیگا، ئەوەیە کە هەتا ئەو رادە کە ئیمکانی هەیە، بەشێکی هەرچی زیاتری دیمەنەکە نیشان بدرێ. واتە کامێرا لەشوێنێک دابندرێ کە زۆرترین زانیاری نێو دیمەنەکە لەو شوێنەوە دیار بێ. لەم دوو وێنەی خوارەوەدا دەبینین بە جێگۆرکێ کامێرا بە مەودای یەک متر





چەندە وینەکە گۆڕاوە. هەم قووڵایی دیمەنەکە زیاد بووە، هەم زانیارییەکی زیاتر سەبارەت بە خانووەکە دەرکەوتووە.

لە وێنە نزیکەکانیشدا ئەم سێگۆش ڕاوەستانە جوانکارییەکی زیاتر دەدا بە وێنەکە. دیارە هەموو کاتێک مەبەست لە وێنەکەش دەبێ لەبەرچاو بگیرێ. وێنەگری باش زۆر بە خێرایی شوێنی کامێراکەی دەدۆزێتەوە و دەزانێ کە ئەو جێگا تایبەتییە لە مەبەستەکەی ئەو نزیکترە و لەهەمان کاتدا زۆرترین زانیاری و جوانترین تەرکیب لە وێنەکەیدا پێکدێنێ.



گۆڕانی شوێنی کامێرا دەبێتە هۆی مانای جیاوازی درامایی

**ئاستی کامێرا** زمانی درامایی تایبەتی هەیە و دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگیرێ. بۆ نموونە: ئەگەر کامێرا بەسەر مرۆڤدا زاڵ بێ، ئەوە مانای چووک کردنەوەی ئەو کەسە دەدا یان بە پێچەوانەوە. زۆر جار بۆ نیشاندانی پاڵەوان بوون یان پایەبەرز بوونی کەسێک ئاستی کامێراکە لەخوارەوە دەگرن.



ئاستی ئاسایی بۆ مرۆڤ ئاستی چاوە. یانێ کامێراکە دەبێ لە ئاستی چاوی کەسەکەدا ڕابگیرێ. هەتا نە ئەو زاڵ بێ بەسەر بینەردا و نە بینەر سواری سەری ئەو بێ. ڕەچاوکردنی ئەم یاسایە بە تایبەت لەکاتی وێنەگرتن لە منداڵان دەگرن، زۆر گرینگە.



جاری وا هەیە بەرز و نزمی ئاستی کامێرا بۆ جوانکاری یان بۆ مەبەستی دیکە کەڵکی لێی وەردەگیرێ. بۆ نموونە: زاویەی ژێرەوە کە پێی دەگوترێ "چاوی بۆق" بۆ هەندێ بابەت وەکوو بەندبازی زۆر باشە، بینەر بەرزی شوێنەکە هەست پێدەکا و دڵەخورپەیەتی کە نەکا بکەوێ. بەڵام ئەگەر لەسەرەوە نیشان بدرێ ئەو هەستە نادا. زاویەی زۆر لەسەرەوە

که پێی دەڵێن " چاوی باڵندە" بۆ نیشاندانی مەیدانی گشتی دیمەنەکەیە و چۆنیەتی جێگاورێگاکە دەردەخا.

**جووڵانەوەی کامێرا**

**جووڵانەوەی ئاسۆیی (Pan)**پان: کامێرا لە جێ خۆیەوە بەرەو چەپ یان راست دەسوورێ. ئەم جووڵانەوە لە کاتێکدایە کە بمانەوێ بەردەوام لەگەڵ کەس یان شتێکدا بگەڕین و لەگەڵی بڕۆین. پان وەکوو سەرسووڕانی مرۆڤە بۆ زیاتر دیتن و ورد بوونەوە لە دیمەنێک، یان چاو لە دووی شتێک خستن. بۆیە ئەگەر بەبێ هۆ پان بکەین کاتێکی بێخۆمان بە هەدەر داوە. پان پێوەندی لە نێوان شتەکاندا دروست دەکا. ئەگەر بەشێک لە نێوانیاندا بەتاڵ بێ، کاتکوژیمان کردووە.
خێرایی پان دەبێ لەگەڵ ناوەرۆکی دیمەنەکە یەک بگرێتەوە. ئەگەر شت بۆ دیتن زۆر بێ و کامێرا بە خێرایی بڕوا، بینەر تووڕە دەبێ و هیچی دەستگیر نابێ. بە پێچەوانەوە ئەگەر شتی بەرچاوی تێیدا نەبێ و کامێرا بە هێواشی بڕوا ئەوە بینەر ماندوو دەبێ.
**زیپ پان:** سووڕاندنی خێرای سەر کامێرا بە شێوەیەک کە وێنەکە ئاشکرایی خۆی لەدەست بدا پێی دەڵێن زیپ. ئەم وێنە بۆ پێوەندکردنی دوو وێنەیە کە لێک دوورن و دەمانەوێ پێکەوە گرێیان بدەین، باشە.
نموونە: فرۆکەیەک هەڵدەستێ، زیپ پانێک و چەرخەکانی لە فرۆکەخانەیێکی دیکە لە زەوی دەدا. (ئێستا زۆر کەم لەم شێوە کەڵک وەردەگیرێ بەڵام بۆ راگرتنی خێرایی لە دیمەنە زۆر توندەکاندا بەکاری دێنن)

**جووڵانەوەی ئەستوونی (Tilt)**تیلت: کامێرا لە جێ خۆیەوە لەخوارەوە بۆ سەری دەڕوانێ (Tilt up) یان لە سەرەوە بۆ خوارێ. (Tilt down). کامێرا چاوی بینەرە ئەگەر سەرهەڵبڕێ و لە ئاستی خۆی بەرزتر بڕوانێ ئەوە هەست بە لەخۆی گەورەتر بوونی بابەتەکە دەکا. بۆ نیشاندانی بڵند بوونی شتێک لەم جووڵانەوە کەڵک وەردەگیرێ. لە سەرەوە بۆ خوار روانین چووک کردنەوە و لەخۆ بایی بوونی بینەری تێدایە. لەم جووڵانەوە بەم مانایە کەڵک وەردەگیرێ.
تێکەڵاوی جووڵانەوەی ئەستوونی و ئاسۆیی رۆیشتنی کامێرایە لە سووچێکەوە بۆ سووچێکیتر و پێوەندی نێوان دوو شت دروست دەکا. باشە بزانین کە ئەم شێوە جوولانەوە نابێ شەپۆلی بێ و دەبێ لە هێڵی راست پێک هاتبێ.

**زووم** : تەسک کردنەوە و بڵاو کردنەوەی دیتنی کامێرا کە بەڕواڵەت وەکوو چوونە پێشەوە و کشانەوەی کامێراکەیە، بەیارمەتی لێنزی زووم دەکرێ. دیارە چۆنیەتی گۆڕانی وێنە وەکوو چێگۆڕکێ کامێراکە نییە. زووم زیاتر بۆ ئیمکاندان بە وێنەگرە کە چەند لێنزی جۆربەجۆری لەبەردەستدا بێ. لە فیلمە جددییەکاندا بە دەگمەن زووم دەکرێ. هەتا دەتوانن لە زووم کردن خۆ بپارێزن مەگەر چاری دیکە نەبێ و بتانەوێ پێوەندی نێوان بەشێک لە دیمەنەکە لەگەڵ بەشەکانی دیکە نیشان بدەن، یان چوارچێوەی وێنەکە بە یارمەتی زووم راگرن.

لە کاتی زووم کردندا لانی کەم یەکێک لە شانەکانی وێنەکە بێ جووڵە راگرن و ئەو سێ شانەکەیتر با بکرێتەوە هەتا زوومکردنەکە کۆتایی دێ. هاوکات کامێراکە دەبێ بە شێوەیەک بسوورێ کە هەموو کاتێک تەرکیبی وێنەکەمان دروست بێ.

**- جێ گۆڕکێ کامێرا**

بۆ بە دوادا چوونی کەسێک یان لەگەڵ چووڵانەوەیەک کەوتن، کامێراکە سواری **کرێن** دەکەن کە بتوانن لە بەرزایەکی زیاتر لە ئاساییەوە وێنە بگرن و هەر لەوکاتەدا کامێرا بتوانێ راست و چەپ و خوار و ژوور بکا. هاتنەخوارەوەی کامێرا دابەزینی بینەرە و دڵشکاندنی پێوەیە. بەرزکردنەوەی کامێرا هەستی سەرکەوتنی پێوەیە. دیارە هەموو ئەمانە بەپێی چۆنی چیرۆکەکە زیاد و کەم دەکا.
**تراک** : دانانی کامێرا لە سەر چوارچەرخێک کە پێی دەکوترێ **دۆڵی** و لەسەر **رێل** بەرەو پێش یان پاش دەیبەن. ئەم جووڵانەوە کارتێکەری دراماییی لەسەر بینەر هەیە بینەر بۆخۆی بەدووی کەسێکدا دەڕوا یان لێی دەکشێتەوە. کاتێک کامێرا بەرەو بابەتەکە بڕوا ئەوە پشکێنەرە، بەڵام بینەرمان بردۆتە خزمەت شت یان کەسەکە. بە پێچەوانە ئەگەر کەسەکە بەرەو کامێرا بێنین رێزی بینەرمان زیاد کردووە.
**ستادی کام**: چۆرێک پایەی کامێرایە کە وێنەگر بە خۆیەوە دەبەستێ و کامێراکە لەگەڵ خۆی دەبا بە بێ ئەوە جووڵەی لەش کار بکاتە سەر وێنەکە. ئەم کەرەستە بۆ جووڵانەوەی پێچاوپێچە و وەکوو کرێن و رێل پێویستی بە جێگا و کارگەری زۆر نییە.


**وێنەگرتن لە وێنە:** کاتێک بمانەوێ لە وێنەیەک یان شتێکی تەخت وێنە بگرین، ئەگەر لێنزی واید بەکاربێنین و بچینە پێشەوە تووشی کەوانەبوونی تەسویر دەبین و کەنارەکانی وێنەکە کێشیان دێ. ئەگەر بە لێنزی تێلە بیگرین مەودای فۆکوس زۆر کەمە و مەترسی روون نەبوونی وێنەکە هەیە. کاتێک بمانەوێ کامێرا بجووڵێتەوە، بۆ نموونە لە لایەکی وێنەکەوە پان بکەین بۆ لایەکیتر ئەم ناکۆکییانە زۆرتر خۆیان نیشان دەدەن. ئەگەر نەخشەیەکمان لەبەردەستدا بێ و بمانەوێ لەسەر ئەفریقاوە پان بکەینە سەر ئاسیا، باشتر وایە کامێراکە هاوپەرا لەگەڵ رووپەڕی نەخشەکەدا جێگۆڕکێ پێی بکەین. (تراک بکەین) نەک پان بکەین. چوونکە لە فوکوس دەردەچێ. یان ئەگەر ئیمکان هەبێ لە لێنزی ماکرۆ کەڵک وەربگرین. لە کامێرای فیلمدا لە لێنزێکی تایبەتی بە ناو لێنزکلۆزئاپ بۆ ئەم کارە کەڵک وەردەگیرێ.

# دەنگ

**دەنگ چییە؟**

هەر شتێک کە بلەرێتەوە، هەوای دەوری خۆی دەخاتە لەرزین و شەپۆل دروست دەکا. کاتێک ئەو شەپۆلانە دەگەنە گوێ ئێمە، پەردەی گوێ دەلەرێننەوە و ئێمە بەیارمەتی مێشک ئەو دەنگانە دەبیسین.

- گوێ ئێمە شەپۆلی نێوان ٢٠- ١٥٠٠٠ سیکل دەبیسێ. هەندێ ئاژەڵ سەرەوەی ئەم ژمارەش دەبیسن.




- هەرچی بەرزی شەپۆل زیاتر بێ شەپۆلەکە بەهێزترە.
- فرەکانس بەرانبەرە بە ژمارەی سیکل لە چرکەدا کە بە هێرتز Hertz دەژمێردرێ. هەرچی ژمارەی شەپۆلەکان لە چرکەدا زیاتر بێ، شەپۆلەکە بەهێزترە.
- ئاساییترین دەنگ کە گوێ بەباشی دەیبیسێ ٣٥٠٠ سیکلە. ئەمە پێوەندی لەگەڵ ساختمانی گوێ مرۆڤدا هەیە. هەرچی پیرتر بین دەنگەکانی سەرەوە کەمتر دەبیسین.
- دەنگی موسیقا لە ٤٠دەست پێدەکا (تەپڵ) هەتا ١٠٠٠٠سیکل و فلوت لە ٣٥٠وەیە هەتا ١٠٠٠٠ بۆیە گوێ دەتوانێ دەنگەکانیان لێک جوێ بکاتەوە.
  بە دانانی فیلتەری تایبەتی دەتوانرێ بۆ وێنە دەنگی ترۆمپێت بکرێتە کەمان. ئەو کارەی کە ئەمڕۆ لە کامپیوتێر دەیکەن. یان دەنگە ناسازەکان لا بەرن. بە دروست کردنی فرێکانسی دەنگی سازێک بە کامپیوتێر یان بە سینت سایزێر دەکرێ دەنگی ئەو سازە دروست بکرێ. مێشکی ئێمە لێمان قبوڵ دەکا. گەرچی جیاوازییەکە دیارە.
- لە هەر میکسەرێکدا چەند فیلتەر هەیە کە بە یارمەتی ئەوانە دەنگ میزان دەکرێ، خەوشەکانی لادەبرێ و زیاد و کەم دەکرێ.
- گوێ مرۆڤ ستریۆ کار دەکا، بۆیە پرسپێکتیوی دەنگەکان (دور و نزیکی) لێک جوێ دەکاتەوە. بەڵام میکرۆفۆن ناتوانێ ئەو کارە بکا.
- ئەگەر دەنگ بدا لە رووپەرێک و بگەڕێتەوە دەڵێن دەنگ دەداتەوە. ئەو گەڕانەوە دەبێ ١/١٠ ی چرکە بخاینێ هەتا ئێمە هەست بە دەنگدانەوە بکەین. دەنا وەکوو ئەوەیە دەنگەکە کێشدار بێ. ئەو رووپەڕانەی کە سافن،تەختن، ئاوێزان کراون، یان ناسکن زیاتر دەنگ دەدەنەوە و بە پێچەوانە ئەوانەی کە زوێر و ناهەموارن، شەپۆلدارن، سەر و بنیان قایم کراوە و ئەستورن کەمتر دەنگ دەدەنەوە.
- ئەگەر دەنگدانەوە زۆر بێ دەنگی سەرەکی دادەپۆشێ و لێی تێ ناگەین.
- ستۆدیۆ دە بێ چۆرێک چی کرابێ کە دەنگدانەوەی زۆر کەم تێدا بێ، بەڵام نابێ بگاتە سفر. ستۆدیۆیەک کە هیچ دەنگدانەوەی تێدا نەبێ پێی دەڵێن مردوو. لەوێ دەبێ بەرزتر قسە بکرێ و زۆریش بێ رۆحە.

**ئەرکە گرینگەکانی دەنگ:**

١- دەنگ یارمەتی دەدا ئەو شتەی کە نایبینین هەستی پێ بکەین
٢- دەنگ پرسپێکتیو (قووڵایی) دروست دەکا. دووری و نزیکی دەنگ دوور و نزیکی جێگاکەمان بۆ دەردەخا.
٣- دەنگ دەبێتە هۆی بەرفراوانکردنی بابەت. وەکوو قرچەقرچی نەردیوانێک کە نیشانەی کۆن بوونیەتی یان جریوەی چۆلەکە لە ئێوارەیەکدا هەستێکمان تێدا پێک دێنێ.
٤- دەنگ یارمەتی دەدا کە پەیامەکەمان بچەسپێنین. دەنگ یارمەتی دەدا هەستی جیاوازمان لە درامادا هەبێ.
٥- دەنگ پردێک لە نێوان دوو بابەتدا دروست دەکا. کاتێ دەنگێک پێش گۆڕینی بابەت دەست پێدەکا هەستەکان دەهۆنێتەوە.
٦- دەنگ سرنجی بیسەر بۆ بەشێکی تایبەت لە بابەتەکە رادەکێشێ.
٧- دەنگ دەتوانێ زانیاری دێکومێنتی بدا بە شێوەی وتە، چاوپێکەوتن یان وتووێژ.

٨- دەنگ دەتوانێ دنیایێکی دیکەی هەبێ جودا لە وتەکان. وەکوو موزیک.

**سێ دەنگی ناساز**

دەنگ دەبێ ساف و بێ خەش بگاتە گوێ بیسەر. ئەو دەنگانەی کە خەوش پێک دێنن سێ دەستەن:

١- زایڵە: ئەو دەنگەیە کە لە سەرچاوەی دەنگی سەرەکییەوە دێ بەڵام لە دەرودیوار دەدا و بە مەودایێکی کەم دوای دەنگی سەرەکی، دەگاتە میکرۆفۆنەکە و دەڵێن دەنگ دەداتەوە. زۆر جار گوێ هەستی پێناکا بەڵام میکرۆفۆن وەری دەگرێ.

٢- دەنگی نابەجێ لەسەرچاوەی دیکەوە: گوێ ئێمە هەندێ دەنگ جیا دەکاتەوە و مێشک تەرکیز دەکاتە سەر ئەو دەنگە کە دەیەوێ بیژنەوێ. بەڵام میکرۆفۆن هەموو دەنگەکان تێکەڵ دەکا. خرەخڕ و چیرەجیر و گژەگژ لەگەڵ دەنگە سەرەکییەکە تێکەڵ دەبنەوە و لە بیستنەوەدا گوێ ئازار دەدەن.

٣- خشە و گرمەی با: با هەرچەند کەم هێزیش بێ، لە میکرۆفۆندا خشە خش دروست دەکا. وەکوو پفت کردبێ بە میکرۆفۆنەکەدا. ئەم دەنگە دواتر لاناچێ و بۆ چارەسەرکردنی دەبێ میکرۆفۆنەکە بە باگر داپۆشین.

کورت کردنەوەی مەودای میکرۆفۆن و سەرچاوەی دەنگەکە، دەبێتە هۆی بەهێز بوونی دەنگی سەرەکی و کز بوونی ئەوانی دیکە. بەو کەسەی کە قسە دەکا مەڵێن دەنگی بەرزکاتەوە، چونکە ئەو کاتە بەرز قسە دەکا و دوایە لەکاتی تۆمار کردندا دەیهێنێتە خوارەوە. ئەگریش وا نەکا، دەنگی بەرز و میکرۆفۆنی نزیک خشە پێک دێنن. ئێوە دەبێ لای خۆتان دەنگەکە میزان بکەن.

## میکرۆفۆن

**تایبەتییەکانی میکرۆفۆن:**


**١- تایبەتی فیزیکی**


گەورە و بچوکی، شیاو بۆ سەر سێپایە، بێ وایەر و وایەردار، ئەم تایبەتییانە، بە پێ ئەوەی میکرۆفۆنەکە بۆ چ کارێک بەکاری دەبرێ گرینگی دەداتێ.




**چەند جۆر میکرۆفۆن هەیە:**

- میکرۆفۆنی هەمە لایەنە: (Omni) بۆ وەرگرتنی دەنگی دەوروبەر باشە.
- میکرۆفۆنی یەک لایەنەی دڵ (Cardioids) ئەمە زۆر باوە بۆ گۆرانی بێژ. لەبەر ئەوەی کە مەیدانەکەی کورتە و دەنگی موسیقاکە وەرناگرێ جۆرێکی دیکەی ئەم شێوە میکرۆفۆنە هەیە کە بەهێزترە، هەم لە پێشەوە و هەم لە پاشەوە دەنگ وەردەگرێ. پێی دەگوترێ (Shotgun) زۆرجار ئەم میکرۆفۆنانە لە لوولەیێکی درێژ دادەندرێ کە لە دوولاوە کون کونە. ئەمانە ئەگەر زۆر لە سەرچاوەی دەنگەکە نزیک کەینەوە خرەخڕ دەکا.





- میکرۆفۆنی 8 ؛ لە دوولاوە دەنگ وەردەگرێ و لە سەر و خوارەوە وەرناگرێ. ئەم جۆرە میکرۆفۆنە بۆ وتووێژی دووکەسی باشە.



- دەکرێ بۆ دەنگی جیاواز لە میکرۆفۆنی گەورە و چوک کەڵک وەرگیرێ. میکرۆفۆنی ممبران بەرپان بۆ دەنگی باس باشترە هەتا دەنگی تیژ. ممبرانی بەرپان دەنگێکی گەرم و خۆش دروست دەکا، بۆ خوێندنەوەی شێعر و گۆرانی باشە. میکرۆفۆنی ممبران چوک بۆ دەنگی تیژ باشە و بۆ کۆڕ و ئۆرکێستر باشە کە میکرۆفۆنەکە لە دوورەوە دادەنێن.

**٢- چۆنی دەنگ**

میکرۆفۆنی باش ئەوەیە کە هەموو فرێکانسەکانی بیستن وەربگرێ و دەنگ هەرچەندە خێرا و کورت بێ، وەری بگرێ. دەنگەکەی ساف و بێ خەوش بێ. (زۆربەی میکرۆفۆنەکان دەنگی زۆر بەرز وەکوو تەقەی تۆپ وەرناگرن.)

**٣- جۆری وەرگرتنی دەنگ:**
میکرۆفۆن دەبێ لەو فرێکانسانەیدا کە بۆ ئێمە گرینگە باش کار بکا. گەرچی دەکرێ بە ئامپلی فایر دەنگەکە بەرز کەینەوە بەڵام زۆر بەرزکردنەوەش خشەخش دروست دەکا.
ئەگەر دەنگ نزم بێت دەکرێ میکرۆفۆنەکە نزیک بکەینەوە و بۆ دەنگی بەرز دووری بخەینەوە.
هەندێ میکرۆفۆن تەنیا لە لایێکەوە دەنگ وەردەگرن و هەندێ لە هەموو لایێکەوە. بە پێ پێویست لە جۆری شیاو کەڵک وەردەگیرێ.
**چوار جۆر میکرۆفۆن هەیە:**

- دینامیک

ئەم جۆرە میکرۆفۆنە رووپەڕ (ممبراند) ێکی زەریفی هەیە کە سیم پێچێکی چکۆلەی پێوە رەبت کراوە. سیم پێچەکە لە نێو مەدیدانێکی مێغناتیسیدایە. بەم شیوە لەرینەوەکانی ممبراندەکە دەبێتە شەپۆلی ئەلکترۆنی و دەگاتە پەخشکەرەکە. ئەم میکرۆفۆنانە بۆ فرێکانسی خوارێ زۆر باشن، بەڵام سەری فرێکانسە گەورەکان دەپەڕێنن و دەنگەکە کپ دەکەن. میگ و میکرۆفۆنی گشتی لەم شیوەیەن.

- خازن (ئەنبار)ی

وەرەقەیێکی زۆر ناسکی فلزی لە نزیک وەرەقەیێکی فلزی ئەستورتر دانراوە. هەرکات دیمانەی نێوان ئەم دووانە کەم و زیاد دەکا شەپۆلی ئەلکترۆنی دروست دەبێ، بەڵام زۆر بێهێزە، بۆیە دەبێ شەپۆلەکەی بە DC بەهێز بکرێ. ئەم میکرۆفۆنانە فرێکانسی نێوان ٢٠- ١٨٠٠٠وەردەگرن. دەنگی خێرا و کورت بەباشی وەردەگرن. ئەمانە بۆ ئۆرکێستر و دەنگی دەرێ و دەنگی دوور زۆر باشن. بۆ هەڵاوەسین و لەسەر سێپایەدانانیش باشن.

- ئەلکترێت Electret

ئەمانە لە شێوەی خازنین، بەڵام لە وەرەقەیێکی پلاستیکی دروست بوون. بۆ دەنگی گشتی و قسە کردن زۆر باشن و بەباتری کار دەکەن، بەڵام گەرما و هەڵم و تۆزوخوڵ کاریان تێدەکا و لە کاربردیان کەم دەکاتەوە. زۆربەی میکرۆفۆنە چووکەکانی نێو کامێرا و دەزگا ئەلکترۆنییەکانی دیکە لەم شێوەیەن.

- نەواری


نەوارێکی فلزی لە نێوان دوو قوتبی مێغناتیسیدا دانراوە کە بە لەرینەوەی نەوارەکە هەوای نێوان دوو قوتبەکە دەگۆڕدرێ و شەپۆلی ئەلکترۆنی دروست دەبێ. ئەم جۆرە میکرۆفۆنە زیاتر بۆ ستۆدیۆ دەست دەدا و بۆ دەنگی زێڵ زۆر باشە. فێرێکانسی تەواوە ٣٠- ١٨٠٠٠. چۆنیەتی دەنگی باشە، بەڵام وەکوو میکرۆفۆنی دەستی و بۆ سەر بووم بەکار نایێ.

- کریستاڵی

جۆرە کریستاڵێک هەیە کە ئەگەر فشاری بۆبێ (سەپۆلی دەنگ) شەپۆلی ئەلکترۆنی دروست دەکا. ئەم کریستاڵە لە سەر وەرەقەیەک دانراوە کە شەپۆلەکە دەباتە نێو وایەرەکانەوە. ئەم میکرۆفۆنانە زۆر هەرزانن، بەڵام فرێکانسەکەی زۆر سنورداره و زۆر زووش خراپ دەبێ. بۆ دەنگی دەرێ و لە مل هەڵاوەسران باشە.

- میکرۆفۆنی پارابۆلیک

میکرۆفۆنێک لە ناوەندی سینییەکی قووڵدا دانراوە.
سینییەکە شەپۆلەکان وەردەگرێ و دەیدا بە میکرۆفۆنەکە.
ئەم میکرۆفۆنەکەی یەک لایەنەیە و زۆر حەساسە.



- میکرۆفۆنی رادیۆیی:

ئەمانە بۆ رێگای دوور باشن (هەتا ٤٠٠متر) دەنگ وەردەگرن لە رێگای دوورەوە رەنگە شەپۆلی ناسازی وەکوو مۆبایلی لەگەڵ تێکەڵ بێتەوە. ئەمانە جۆری گوشیداریشی هەیە کە لە تلەڤزیۆن بۆ پێشکەشکار زۆر بەکەڵکە.

**٤- شێوەی کەڵک وەرگرتن:**


- میکرۆفۆنی کەسەکی: وایەردار و بێ وایەر. کە بە یەخەوە هەڵاوەسرێ. بۆ چاوپێکەوتن و نێو ستۆدیۆ باشە، بەڵام ئەگەر پێشکەشکار زۆر بجوڵێتەوە هەم دەنگ دەگۆڕدرێ و هەم وایەرەکە دەست و پاگیرە.
- ئەگەر میکرۆفۆن لەسەر سێپایە دانرابێ دەبێ ئاگاداری مەیدانی دەنگ وەرگرتنەکەی بین.
- ئەگەر چەند میکرۆفۆن لە بەرنامەیێکدا بەکار دەبرێ، دەبێ هەموو لەیەک جۆر بن، دەنا چۆنیەتی دەنگ جۆربەجۆر دەبێ.
- ئەگەر نەتوانین بۆ هەرکەسە و میکرۆفۆنێک دابین بکەین دەکرێ میکرۆفۆنەکە لە جێگایەکەوە هەڵاوەسین. ئەگەر میکرۆفۆنەکە یەک لایەنە بێ، دەبێ مەیدانەکەی بزانین. ئەگەر هەمە لایەنە بێ، خراپی ئەوەیە کە باقی دەنگەکانیش وەردەگرێ.
- بە پێچەوانەی گوێ، میکرۆفۆن هەموو دەنگەکان وەک یەک وەردەگرێ و تێکەڵیان دەکا. میکرۆفۆنی یەک لایەنە ئەم موشکلەی کەمترە.

**وایەر:**

دوو جۆر وایەری دەنگ هەیە: باڵانس نەکراو و باڵانس کراو.


- باڵانس نەکراو: دوو وایەرن کە یەکیان شەپۆلەکە دەبا و یەکی دیکە سفرە. کە زۆر جار پێچراوە بە دەور ئەوی دیکەدا کە ئەلکترۆنە زیادییەکان وەرگرێ و نەهێڵێ خشە بکەوێتە نێو دەنگەکە. ئەم جۆرە وایەرە دەبێ کورت بێ چونکە هەرچی درێژتر بێ خشەی زیاتر وەردەگرێ. کۆنتاکتەکەیان لە جۆری فیشە، کە پێی دەڵێن تێلە کۆنتاکت. جۆرێکی کۆنتاکتی دیکە بۆ ئەم وایەرانە هەیە کە پێی دەگوترێ فۆنۆکۆنتاکت یان (RCA) دوو سەری هەیە، یەکی سوورە و ئەویتریان سپی یان رەشە. سوورەکە شەپۆلی دەنگ دێنێ و ئەوی دیکە سفرەکەیە.






-

- باڵانس کراو: دوو وایەر دەنگەکە دەبەن و یەکێک سفرەکەیە. هەر دووک وایەرەکانی دەنگ دوو شەپۆلی هاوپەرا دەبەن و دەیگەیننە ترانسێکەوە کە لەوێ دەنگەکە بەهێز دەکرێ. ئەم جۆرە وایەرە خشەخش وەرناگرێ و دەکرێ هەتا کیلومترێکیش درێژ بکرێتەوە. کۆنتاکتەکەی سێ چڵە و بە (Line)ەوە دەبەسترێ.






- **ستریۆ:**


دوو میکرۆفۆن دوو دەنگی جیاواز وەردەگرن. یەکیان لەویتریان بەهێزترە. یان لە دوولایەنی جیاوازەوە دێن. وەکو بە دوو گوێ ببیسترێ. ئەم شێوە زیاتر بۆ موزیک و ئەو دیمەنانە بەکار دێ کە دەمانەوێ پرسپێکتیو(قوڵایی)ی تێدا بێ.
بۆ چێکردنی دەنگی ستریۆ شێوەی جۆربەجۆر هەیە، لەوانە دانانی دوو میکرۆفۆن بە زاویەی ٩٠دەرەجە، یان دوو میکرۆفۆن کە نێوانیان کەمتر لە مترێک نەبێ، یان دوو میکرۆفۆن کە وەرەقەی ئەستوریان لە نێواندا دانراوە و....







**تۆماركردنی موزیک:**

- به دەیان جۆر میكرۆفۆن بۆ تۆماركردنی موزیک هەیە و هەركام بۆ كارێک و بۆ دەنگێک و بۆ سازێک شیاون. به گشتی دوو شیوه تۆمار كردنی موزیک هەیە. یەک ئەوەیه كه میكرۆفۆنێک(یان دوو بۆ ستریۆ) له سالۆنەكەدا دابنین له جێگای بیسەر. وەک ئەوەی كه ببیبسین تۆماری بكەین. ئەمه بۆ ئەو سالۆنانه باشه كه ئەكۆستیكی زۆر باشیان هەیە. ئەم شیوه بۆ موزیكی كلاسیک دەست دەدا كه بەرزی ونزمییەكەی بۆ خۆی رەچاو كراوه. بۆ موزیكی راكیش دەبێ.

شێوەی دیكه ئەوەیه كه بۆ هەر سازێک یان هەر گروپه سازێک یەک میكرۆفۆن دانرێ و نیكس بكرێ. دەبێ ئاگادار بین دەنگی سازێک نەچێته نێو دوو میكرۆفۆنەوه. كه وابوو دەبێ میكرۆفۆنەكان زۆر له نزیكەوه دانرێن بەڵام زۆر جار دەنگی ساز له نزیكەوه خۆش نییه. ئیتر دەبێ هەڵبژێری كامت پێ باشه.

- **داڵبی**

چۆرێک دابەشكردنی دەنگ هەیە كه پێی دەڵێن داڵبی. دوو جۆر دەكرێ. A و B

داڵبی  دەنگ دەكرێته چوار باندەوه و لەسەر هەر بانده به جوێ كار دەكرێ و ژێر و بەمەكانی دروست دەكرێ.

داڵبی  دووبانده و دەنگه كزەكان بەهێز دەكرێن و دەنگه زۆربەرزەكان كەم دەكرێنەوه، دوایه لەكاتی بڵاوكردنەوەدا باڵانسەكەیان وەک خۆی لێدێتەوه.

**چەند تێبینی**

- هەرچی میكرۆفۆن نزیكتر له دەنگی سەرەكییەكەوه بێ باشتره، نه هەر لەبەر ئەوه كه دەنگی ناساز لادەین بەڵكوو لەبەر زایڵەی دەنگ و مانەوه له مەیدانی میكرۆفۆنەكەدا.

جاری وایه دەنگی كەش و هەوای دەوروبەركەشمان دەوێ ، وەكوو ورەوری خەڵک یان دەنگدانەوەی هۆڵێكی بەتاڵ، لەو كاتانەدا میكرۆفۆنەكه نەختێک دوورتر دەگرین.

- كاتێک له ستۆدیۆ میک بەكار دێنن لەو لایەی قسەبێژەكەی ببەستن كه سەری زیاتر بەولایەدا دەسوورێ. بۆ وێنه ئەو جێگا كه پێشكەشكارەكه دانیشتووه. هەر چۆنێک بێ میگ له میكرۆفۆنی گەوره باشتر نییه.
- میكرۆفۆنی دەستی بۆ پرسیار و وەڵامی زۆر كورت له نێو خەڵكدا باشه بەڵام دەبێ ئاداری لایەنی كاریگەریی میكرۆفۆنەكه و وایەرەكەی بین كه خشه خش دروست نەكا.

**چەند تێبینی بۆ مەودای میكرۆفۆن:**


- ئەگەر دەنگەكه (بۆ وێنه وتووێژێک) له ژوورێكی ئاوەدان (ئەشیای تێدایه) یان له دەرەوه و له دەنگی ئاسایی سروشت و كوچه و كۆڵاندا بگیرێ مەودای میكرۆفۆن و سەرچاوەی دەنگەكه ٣٠-٤٠س.م بێ.
- له خانووی چۆڵ و له دەرەوه كه دەنگی تەق و هۆڕ و هاژەی تێدابێ ١٠-٢٠س.م

- ئەگەر میکرۆفۆن زیاتر لە مەترێک لە سەرچاوەکەوە دوور بێ دژوارە بکرێ دەنگی کەسێک تۆمار بکرێ.
- پامپ کردنی دەنگ: ئەگەر دەنگ بە شێوەی ئۆتۆماتیکی تۆمار بکرێ. کاتێک کەسێک قسە دەکا دەنگەکە ئۆتۆماتیک دێتە خوارێ بەڵام کە مەودا دەخاتە نێوان وشەکان، کشە و هاژەی دەوروبەر بەرز دەبێتەوە، کە دەست بە قسە دەکاتەوە، هەتا دەنگەکە دابەزێتەوە نیو تا یەک چرکە دەبا، ئەمە پێی دەڵێن پامپ کردنی دەنگ و لە گوێدا ناخۆشە. باشتر ئەوەیە بە ئۆتۆماتیک کار نەکرێ.

**بۆ ئەوەێ دەنگە زیادییەکان کەم کەینەوە:**

کاتێک میکرۆفۆنی یەک لایەنە بەکاردەبەن بەشێوەیەک رایگرن کە پشتی لە دەنگە زیادییەکان بێ. لە دەرەوە میکرۆفۆنەکە لە خوارەوە راگرن بە جۆرێک کە سەری بەرەو ئاسمان بێ. دەنگە بەهێزەکانی دەوروبەر کەم دەبنەوە، بەڵام خشەی با بەوە چار ناکرێ.

ئەو شتانەی وەکوو سپلیت و باوەشێن و ... بکوژێننەوە. بە خەڵکی دەوروبەر بڵێن بێدەنگ بن، ئەگەر هەر نەکرا، جێ وتووێژەکە بگۆڕن.




شێوەی راگرتنی میکرۆفۆن

میکرۆفۆن گرتن بە دەستەوە: ئەگەر ماوەی نێوان کامێرا و قسەکەر کورتە میکرۆفۆنەکە بەدەستەوە بگرن (دەنا لەسەر سێپایەی دانێن) لە کاتی تۆمارکردندا پەنجەکان نابێ بجوڵێن، خشە خش دروست دەکەن. وایەری میکرۆفۆنەکە بخەنە نێوان دوو قامک چوونکە نابێ بلەقێ. لە کاتی پرسیار و وەڵامدا جێگۆڕکێ پێ مەکەن، (جاری بەرەو خۆت و جارێک بەرەو ئەو) ئەوە هاشەهاش لە نێوان دەنگەکەدا دروست دەکا و لە دیمەنیشدا جوان نییە. باشتر وایە میکرۆفۆنەکە جۆرێک لە سەرەوە راگیرێ کە دەنگی هەر دووکەسەکە وەک یەک بیگاتێ. دەنگی دەوروبەریش کەمتر دەبێتەوە. ئەگەر میکرۆفۆن لەسەرەوە بە یارمەتی دەسکەیێکی درێژ(بوم) ئاوێزان بکرێ دەکرێ جێگۆرکێشی پێی بکرێ.

**بەکارهێنانی دوو میکرۆفۆن:**

ئەگەر دوو کەس پێکەوە وتووێژ دەکەن باشتر ئەوەیە هەر کەسە و میکرۆفۆنێکی بۆ دانرێ. لەم حاڵەتەدا لەو میکرۆفۆنانە بەکار بێنن کە تەنیا لەلایکەوە دەنگ وەردەگرن. یان میگ بەکار بێنن. (میگ میکرۆفۆنێکی زۆر چکۆلەیە کە لە یەخەی کراس دەدرێ.) میکرۆفۆنەکان دەبێ میکس (تێکەڵ) بکرێن! بۆ ئەم کارە میکسەری دەنگ پێویستە کە میکرۆفۆنەکانی لێی ببەستین و دەنگەکان یەک میزان بکەین.

**تاقی کردنەوەی دەنگ:**

بەرلەوەی تۆمار کردن دەست پێبکا، دەبێ دەنگەکان بە یارمەتی هێدفۆن تاقی بکرێنەوە. ئەو کەسانەی قسە دەکەن یەک دوو وشە دەڵێن و ئەوەش لەبەرچاو بگرن کە زۆر کەس لە کاتی تاقی کردنەوەدا بەرزتر لە کاتی ئاسایی قسە دەکەن. دەنگی دەوروبەریش گوێ بدەن کە بزانن چەند دەنگی ناسازی تێدایە! دەبێ چارە بکرێ، یاخۆ دەکرێ کارەکەمان درێژە بدەین؟

کاتێک گوێ بە دەنگ دەدەن، چاوتان بقوچێنن و تەرکیز بکەنە سەر دەنگەکان. هەتا چاک و خراپییان باشتر تێبگەن.

****

## له ئایدیاوه هەتا سەناریۆ

لەوێوە دەست پێدەکا کە فکرەیەکت هەیە و دەتەوێ بیکەی بە فیلم.

- پێش هەموو شتێک کورتەیەک (نیو لاپەڕە) لە فکرەکەت بنووسەوە. بۆ ئەوەی خۆشت بزانی ئاخۆ داستانت هەیە یان نە. لێرەدا ئەوەندە بەسە کە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی بگوترێ.
- دوایە چەند پرسیار دانێ و وەڵامیان بدەوە:
  چی دەتەوێ بڵێی (بابەت)
  بۆچی؟
  چۆن (بە چ شێوەیەک)؟
  بۆ کێ؟

وەڵامی ئەم پرسیارانە بەرایی و چۆنیەتی کارەکەت بۆ روون دەکاتەوە.

- دواتر بابەتە سەرەکییەکەت لەنێو بازنەیەکدا بنووسە و بە دەوریدا ئەو شتانەی کە پێوەندی بە بابەتەکەوە هەیە نێونووسیان بکە. ئەو بەشانەی کە خۆت بە تەواوی دەیزانی لە ئاڵقەیەک دانێ و لەسەریان بنووسە. ئەوانی دیکە هێڵێکیان بە ژێردا بێنە و لە دووی زانینیان بکەوە. ئەمە هەنگاوی یەکەم بوو.
- کۆکردنەوە: هەنگاوی دووەم کۆکردنەوەی ئەو زانیارییانەیە کە بۆ چیرۆکەکەت پێویستیت پێیانە. بۆ نموونە ئەگەر دەتەوێ دێکومێنت یان درامایەک لەسەر نەخۆشییەک بکەی، دەبێ تایبەتییەکانی ئەو نەخۆشییە و نەخۆشەکە لە پزیشکێک بپرسی.
- کە زانیارییەکان کۆ بوونەوە دیتەوە دیاری چیرۆکەکەت و بە پێی ئەوانەی کۆت کردوونەتەوە، چیرۆکەکەت دادەڕێژی. لە پێشدا راست وەکوو کورتە چیرۆک (بەڵام بە کاتی ئێستا- زۆربەی چیرۆکەکان لە کاتی رابردوودان، ئەگەر چیرۆکەکەت لە کتێب وەردەگری ئەوە کارەکەت لەم هەنگاوەوە دەست پێدەکا کە دەبێ چیرۆکەکە بکەی بە کاتی فیلم) بۆ وێنە لەباتی رۆیشت دەنووسی دەڕوا. ئەم چیرۆکە نابێ زۆر درێژ بێ.

- گەڵاڵە: (سینۆپس) کورتەی داستانی فیلمەکەیە، شتێک لە نێوان کورتەچیرۆک و سەناریۆدا. چیرۆکەکە بە پێی شوێن و کات دابەش بکە. گرێ چیرۆکەکە و گرێیە چوکەکانیش باس بکە. هەروەها شوێنی رووداو و کەسەکان. نەختێک جێگا بۆ شتە دەروونییەکانیش بهێڵەوە. دیمەن بە دیمەن پێویست نییە. رەوتی رووداوەکان پێویست نییە. دیالۆگی ناوێ، بەڵام ناوەرۆکی گوتنەکان بنووسەوە، یەک دوو نموونە دیالۆگ و وێنە یارمەتی خوێنەر دەدا. ٥تا٧ لاپەڕە بۆ فیلمێک بەسە.

لێرە بەولاوە دراما و دێکومێنت لێک جوێ دەبنەوە.

دێکومێنت:

لە دێکومێنتدا پێویست نییە تایبەتمەندی کەسەکان بنووسرێ، یان وتەکانیان، بەڵکوو ئەگەر دەیاندوێنی دەبێ پرسیارەکان دیار بن.

دواتر پێویستیت بە پلانی کار هەیە. گرووپی وێنەگرتن بە پێی پلانی کار دەچن فیلم دەگرن. سەناریۆی تەواوکەر لە کاتی مۆنتاژدا دەنووسرێتەوە. (بڕوانە بەشی تۆمارکردن و مۆنتاژ)

فیلمی دێکومێنت زۆر جار لە دراما دژوارترە چوونکە دراما خۆت لەسەر چۆنیەتی چیرۆک و دیمەن و رووداو و شوێن و هتد.. بڕیار دەدەی بەڵام لە دێکومێنتدا ئەو ئازادییەت نییە.

هەر لە سەرەتاوە بەپێی زانیارییە کۆکراوەکانەوە دیاری بکە چ جۆر دێکومێنتێک باشترە بۆ بابەتەکەت. مێژوویی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، زانستی، شاعێرانە یان ریپۆرتاژ. کە جۆرەکەت دیاری کرد جارێکی دیکە بەم روانگەوە بە نووسراوەکانتدا دەچییەوە کە بزانی کەم و کووڕییان هەیە یان نە. بۆ نموونە ئەگەر دەبێتە دێکومێنتێکی سیاسی، پێویستە زانیارییە سیاسییەکانیش کۆ بکرێنەوە. شوێنەکان دەستنیشان دەکەی، لەگەڵ ئەو کەسانەی کە دەبێ بیانبینی پێوەندی دەگرییەوە و کەرەسەی کارەکە ئامادە دەکەی و دەبێ پێشبینی پێشهاتی چاوەڕوان نەکراویش بکەی.

زۆر جار قەوارە و جۆری دێکومێنت لە رەوتی کاردا دەردەکەوێ بەڵام ئەگەر لەپێشدا دیاریمان کردبێ لە نێوان کارەکەدا کێشەکان کەمتر دەبنەوە. دەکرێ فیلمێک چەند شێوە لەوانەی باسمان کرد، لەخۆ بگرێ. یانێ هەم کۆمەڵایەتیی بێ هەم سیاسی و هەم بەشی زانستی و مێژوویشی تێیدا بێ، بەڵام یەکیان بابەتی سەرەکییە و سێبەر

دەخاتە سەر ئەوانی دیکە. بۆ نموونە دەمانەوێ دێکومنتێک لەسەر بازار و ئەو کەلو پەلانە بکەین کە لە دەرەوە دێنە نێو بازارەوە. ئەگەر لە پێوەندی نێوان دوکاندار و کڕیاردا بمێنینەوە و تەنیا باسی گرانی و هەرزانی و چاک و خراپی کەلوپەلەکان بکەین ئەوە لە بازنەی ئابووریدا دەمێنێتەوە. ئەگەر باسی سەرچاوەی هاتنی کەلوپەل و دەوریان لە ئابووری گشتیی وڵات و پێشبرکێ نێوان شتە خۆماڵییەکان و هاوردەکان، بکەین ئەوە دەچێنە بازنەیەکی گەورەتر و دەبێتە ئابووری- سیاسی. ئەگەر پرسەکە بوو بەوە کە بە چ پلانێک دەبێ ئابووری وەڵات بپارێزرێ و گومرگ چۆن بێ و... ئەوە دەبێ وەزیری ئابووری وەڵام بداتەوە. ئەگەر وەزیر بڵێ ئێمە هیچ یاسایەکمان نییە بۆ سنووردانان لەسەر هاوردەکان، ئەوە پرسیارەکە لایەنی پارلەمان و سیستەمی بەڕێوەبەری وەڵات دەگرێتەوە و پانتایی باسەکە زۆر بڵاو دەبێتەوە و بەتەواوی شێوەی سیاسی دەگرێتە خۆی و ئەو بەشە کۆمەڵایەتییە کە لەوێوە دەستمان پێکرد وەکوو پێشەکییەک بۆ باسەکە خۆی دەنوێنێ و فیلمەکە لە جۆری کۆمەڵایەتی دێتە دەرێ. کە وابوو لەسەرەتاوە دەبێ بریار بدەین دەمانەوێ هەتا کوێ بڕوین، چۆن و بە چ شێوەیەک کاری لەسەر بکەین. ئەمە پێویستی بە دانانی پلان هەیە.

## ڕێپۆرتاژ

ڕێپۆرتاژ جۆرێک دێکومێنتە کە زیاتر لەگەڵ ڕووداوەکانی ڕۆژ و کێشە گرینەگەکانی ئەوڕۆی کۆمەڵدا سەروکاری هەیە. ئێمە هەموو ڕۆژێک لە ڕێگای ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تلەفزیۆنەوە ریپۆرتاژەکانمان پێدەگا و مەبەست ئەوەیە لە ڕەوتی ژیانی کۆمەڵایەتیی و ڕووداوەکانیدا بەشدار بین.

سێ وشەی سەرەکی لە هەموو ڕێپۆرتاژێکدا ڕێنموونی چۆنیەتی قەوارەی ڕێپۆرتاژەکەیە.

پرسیارەکە چییە؟ (بابەت)- بۆ وایە؟ ڕێگا چارە چییە؟

لە بەشی یەکەمدا دەبێ وێنەکان وەها بن کە بینەر ڕابکێشێ کە بیەوێ درێژەی ڕێپۆرتاژەکە ببینێ. خۆی لەنێو بابەتەکە بێ و ببێتە پرسیاری ئەویش.

لە بەشی دووەمدا قووڵ دەبینەوە لە بابەتەکەدا و هۆکار و ئاکامەکان دەردەخەین. لە فاکتا و چاوپێکەوتن و هێنانەوەی نموونە کەڵک وەردەگرین. فاکتاکان دەبێ زیندوو بن و بە گومان و گریمان نەبن و سەرچاوەکانیان دەستنیشان بکرێ. لەم بووارەدا ئینتێرنێت یارمەتیدەرێکی باشە.

لە بەشی سێهەمدا ڕێگا چارە بپرسین. چ لە کەسانێک کە بابەتەکە دەیانگرێتەوە، (دژ و لەگەڵ وەک یەک) چ لە خەڵکی بێلایەن یان پسپۆر لەو بووارەدا. لە ئاکامدا کۆکردنەوە و ڕەنگە پرسیارێکیش بۆ بینەر.

نموونە: دەمانەوێ لێکۆڵینەوەیەک بکەین سەبارەت بە جادەیەکی تایبەتی کە پێکدادانی سەیارە لەوێ زۆر ڕوو دەدا. دەچینە سەر ڕووداوێک، (بەشی یەکەم. دیمەنی دڵتەزێنی پێکدادانەکە. – سەرنجی بینەر ڕادەکێشین). بۆ ئەم ڕووداوە و ڕووداوەکانی لەم چەشنە دەقەومێ؟

(بەشی دووەم) دەپرسین، فاکتا – لە هەواڵەکاندا چەند ڕووداوی لەم چەشنە هاتووە. ئەگەر هۆیەکە تەنیا خێرایی زۆری سەیارەکانن. ئەوە لە بازنەی هەڵەی تاکەکەس و ئەخلاق و ڕەچاو نەکردنی یاسا لە لایەن شۆفێرەکانەوە دەمێنینەوە. ئەگەر کامێرا بگەڕێ و هەڵەی ڕێگاوبان ببینێتەوە، وەک نەبوونی تابلۆی خێرایی و کۆسپی زۆر لە نێو جادەدا و پێچی توند و... ئەوە بەدووی ئەو پرسیارەدا دەچینە ئێدارەی ڕێگا و بان و پۆلیس (بازنەکە گەورەتر دەبێتەوە و لە ئەرکی تاکەکەس دەردەچێ). ئەگەر لەوێ ئەو پرسیارە بێتە پێشەوە کە پارە نییە بۆ چاککردنی ڕێگا و پۆلیس بڵێ یاسامان بۆ خێرایی نییە و ناتوانین خەڵک جەریمە بکەین. ئەوە بازنەکە دەبێتە گشتی و وەڵامی دەوڵەت و پارلەمان دەگرێتەوە و دەبێتە سیاسی. دەتوانین ڕوو بکەینەوە لە خەڵک و بەرپرسایەتییەکەیان وەبیر بێنینەوە کە ئەگەر جادە خراپە ئەوان دەبێ بە ئاگادارییەوە باژوێن. ئەمە دەبێتە پەیامی فیلمەکە. لەبیرمان بێ نابێ هەموو خەتاکە بخەینە سەر لایەنێک بە تایبەت ئەگەر بەڵگەی زۆر ڕوون و ئاشکرامان بەدەستەوە نەبێ. دەنا ئێمەش تاوانبار دەبین. تێبینییەکی دیکە ئەوەیە کە پەیامنێر لە هیچ دێکومێنت و ڕێپۆرتاژێکدا بۆی نییە ڕاستەوخۆ بووچوونی خۆی بڵێ.

نموونەی کار: ئەم نموونە ڕێپۆرتاژێکە کە گروپێکی لاو کاریان لەسەر کردووە. چۆنیەتی ڕەوتی کارەکە پیشان دەدا.

چەند لاو لە بەشی فیلمدا لە ڕێگای نووسراوەی ڕۆژنامەوە تێدەگەن کە هەندێ لە لاوان تووشی ناکۆکی دەروونی دەبن، بەڵام لە نووسراوەکاندا ئاماژە بەوە ناکرێ کە بۆ وایە؟ بۆیە بڕیار دەدەن ڕێپۆرتاژێک لەسەر ئەم بابەتە بکەن.

**ئامانج**: ئەوەیە کە لە نێوان لاوەکان و دایک و باباندا وتووێژێک بێتە ئاراوە کە بەرپرسانی کۆمەڵیش بەخەبەر بێنێ. ئەوان بە شێوەی خوارەوە ئیش دەکەن.

**ئایدیا، سینۆپس (پێش نووس)، تایتڵ، سەناریۆ، دێکوپاژ، تۆمارکردن، مۆنتاژ.**

**ئایدیا:** فکرەی ڕیپۆرتاژەکە ئەمەیە (ناکۆکی دەروونی لاوان)، بەڵام بابەتەکە زۆر بەربڵاوە، بۆیە دەیانەوێ سنوورێک بۆ پرسیارەکە دابنێن. دەیکەن بە (بۆ لاوان ناکۆکی دەروونییان هەیە؟)
ئەمە پێی دەگوترێ گۆشە نیگا(سەرنج). دیاریکردنی گۆشە نیگا زۆر گرینگە، چ بۆ ڕەوتی کارەکە و چ بۆ ئاکامی وەڵامی پرسیارەکە.

هەنگاوی دوایی **کۆکردنەوەی زانیارییە**. لەم بووارەدا ئینتێرنێت یارمەتییەکی باشە و نووسراوەیەکی زۆر لەسەر ئەم بابەتە دەدۆزرێتەوە. تەنانەت نێوی ئەو کەسانەش کە پێوەندییان بە پرسیارەکەوە هەیە دەبیندرێتەوە. لەگەڵ چەند کەسێکیان پێوەندی دەگرن کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ بکەن.

**گەڵاڵە** (سینۆپس): ڕیپۆرتاژێکی باش بۆ ئەم بابەتە دەبێ چۆن بێ؟ چ کەسانێک چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەکرێ؟ کاتی ئەوە گەیشتووە سەبارەت بە ناوەرۆکی فیلمەکە فکرەکان کۆ بکرێنەوە و بنووسرێنەوە. ئەم نووسراوە وەکوو ڕێنوێنە بۆ کارەکە.
تایتڵ: یەک دێڕ دەنووسرێ کە هەموو لەسەری پێک هاتبێتن. ئەمە وەکوو دروشمی کارەکەیە و نابێ کەس گومانی تێیدا بکا. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوە ڕێگاکە خواروخێچ نەبێ. تایتڵی ئەم فیلمە دەبێتە (**بۆ ژمارەیەکی زۆر لە لاوان تووشی ناکۆکی دەروونی دەبن؟)**

**سەناریۆ:** گروپەکە پێکەوە سەناریۆیەک دەنووسن و لەوێ دیاری دەکەن چ شتێک لە فیلمەکەدا بێ و چ نەبێ و تەرتیبی یەک بەدووای یەک دانانەکەیان بە چ شێوەیەک بێ. هەر لێرە پێویستە دیاری بکەن **چۆن** دەبێ تۆمار بکەن. (دیمەن بە دیمەن) بۆ ئەوە دوای ئەوە کارەکە تەواو بوو نەگوترێ بریا ئەوەشمان گرتبا، یان چاوپێکەوتنمان لەگەڵ ئەمەش کردبا.

**دێکوپاژ:** دەیانەوێ دیاری بکەن کە وێنەکان چۆن بن. هێندێک دەڵێن ئەمە دێکومێنتە، لەکاتی تۆمارکردندا بڕیار دەدەین. ئەوانیتر نایانەوێ خۆیان بخەنە چەقە و هەرای ئەو کاتە و دەزانن لەوێ کات کەمە و ئاخری وای لێدێ کە یەک کەس بڕیار دەدا. هەروەها گرینگە کە وێنەکان و کەسەکان وەها بن کە نەتەنیا **لەگەڵ نێوەرۆکی بابەتەکە بگونجێ** بەڵکوو سەرنجی بینەر ڕابکێشێ. لەم بووارەدا باسی **دراماتۆلۆژی** دەکەن. یانێ ئەو شتانە کە دەبێتە هۆی گرێدانی بینەر بە فیلمەکەوە. لێرەدا ئەم خاڵانەی خوارەوە دەستنیشان دەکەن:

**پێناسە کردن**: بینەر دەبێ بتوانێ خۆی لە جێگای یەکێک لە بەشدارەکانی فیلمەکە دابنێ. بۆیە باش وایە چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسێک بکەن کە لە درێژەی فیلمەکەدا هەبێ. بینەر لەگەڵ ئەو بە نێو فیلمەکەدا دەکەوێ. چەند کەس گومان لەوە دەکەن کە کەسێکی وەها ببیندرێتەوە کە ناکۆکی دەروونی هەبێ و ئامادەش بێ لە بەرانبەر کامێرادا بوەستێ. ئەی چۆن دەتووانن بە شێوەیەکی باش ئەم ڕیپۆرتاژە بکەن؟ هەر نەبوو دەکرێ کەسێک پەیدا بکەن کە دەور بگێڕێ. (نەختێک بەرەو دراما دێکومێنت. لە دراما دێکومێنتدا ڕووداوەکە بەو شێوەی کە هەبووە ساز دەکرێتەوە، بەڵام ئاکتەر دەوری کەسەکان دەگێڕن. )

**دەستپێک**: یەک لە ئەندامانی گروپەکە پێشنیار دەکا کە فیلمەکە بەوە دەست پێبکا کە کچێک دانیشتووە و یادداشتی ڕۆژانە دەنووسێ. دەنگێک نووسراوەکەی دەخوێنێتەوە. ناوەڕۆکەکەشی دەکرێ لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکان وەربگیرێ. لە دیمەنی دووایيدا کچەکە بە تەنێ پیاسە دەکا. خوێندنەوەکە بەردەوام دەبێ. باسی بۆچوونی ئەو سەبارەت بە ژیانی ڕۆژانە و بەگشتی ژیان دەکا. ئەمە هەستێک دەدا کە لەگەڵ بابەتەکە دێتەوە.

**بەرفراوان کردنەوە**: لێرە چاوپێکەوتنەکان دەست پێدەکا. هەوڵ دەدەن بۆ لاوەکانی ئەوڕۆ ڕوونی بکەنەوە کە بۆ کێشەی دەروونییان هەیە. یەکێک دەڵێ گرینگ ئەوەیە کە هەرچی زیاتر لاوەکان تێیدا بەشدار بن و بیر و بۆچوونی خۆیان بڵێن، دەنا دەبێتە کۆمەڵێک پسپۆر و گەورە ساڵ کە لەسەر کورسی دادەنیشن و پێیان وایە هەموو شتێک دەزانن! ئەوانیتری گروپەکەش لەگەڵ ئەو بۆچوونە دان.

گرووپەکە بۆ چاوپێکەوتن ئەو شێوە کارە هەڵدەبژێرێ کە هەر ژوورناڵیستێک لەبەریەتی: کێ، چ بووە، لەکوێ، چۆن، بۆ، کەی، ئێستا چۆنە؟ و بۆچوونی سەبارەت بە دیاردەکە و لەئاکامدا چ دەتوانرێ بکرێ؟
ئەوەش دەزانن کە لەپێشدا لەگەڵ کەسەکان پێوەندییەکی وەها دروست بکەن کە لەکاتی تۆمارکردندا لەژێر گوشاردا نەبن ولە کامێرا نەسڵەمێنەوە و ئەمان بە نامۆ نەزانن.

**کۆتایی:** هەموو لەسەر ئەو باوەڕەن کە دەبێ کۆتایی فیلمەکە پێشنیاری روونی بۆ باشترکردنی هەلومەرجەکە تێیدا بێ. لە ئاخر دیمەندا دێتەوە لای کچەکە کە لە سەرەتادا دیتمان.

هەر بابەتێک نەختێک تایبەتی خۆی هەیە و پەیداکردنی شێوەی فیلم یان رێپۆرتاژەکە پێوەندی بە فانتزیا و زانستی گروپەکەوە هەیە، بەڵام رەوتی کارەکە بەگشتی بەم شێوەیە کە باسمان کرد.

## دراما

پاش ئەوەی گەڵاڵەی فیلمەکە ئامادە بوو، کەسایەتییەکان یەک بەیەک ریز دەکەی و پێیدا دییە خواری. تایبەتییەکانیان چن؟ چ لەباری جەستەیی و چ لەباری رۆحییەوە. رۆڵ و ئەرکیان لە چیرۆکەکەدا چۆنە؟
دواتر تایبەتییەکانی دەوروبەر، شوێنەکان، کات و رووداوەکان. ئەمانە دەوریان چییە و دەتەوێ چۆن بن. بەشێک لە دێکۆرەکان فانتزیای خۆتە و دەبێ دروست بکرێن، بەشێک شوێنی ئاسایین، لە نێو سروشتدایە یان لە جێگای تایبەتی دیاری کراو، بۆ نموونە هۆڵی وەرزش، مەکتەب یان... پێویستە بچی شوێنەکان لەو کات و ساتانەدا کە دەبێ چیرۆکەکە تێیدا روو بدا ببینی و لەگەڵ دەرهێنەرەکەت بیروڕا بگۆڕییەوە (ئەگەر دەرهێنەر خۆت بی، باش وایە پرس و ڕا لەگەڵ کەسێکی شارەزا بکەی.)
ئێستا کاتی ئەوە هاتووە هەموو ئەو نووسراوانە لە پێشت دانی و سەناریۆکەت بنووسییەوە.
دیارە ئەمە لێرە باس دەکرێ شێوەی کارە. بۆ فێربوونی دراماتۆلۆژی دەبێ خوێندنی تایبەتیت هەبێ. ئەم بەشە لە دەرەتانی ئەم کتێبەدا نییە، من تەنیا چەند ئاماژەیێکی کورت دەکەم. بۆ نموونە:

- لە سەناریۆدا هەستەکان نانووسرێن بەڵکوو نیشان دەدرێن. بە جووڵانەوە، دیالۆگ و... نەک پێداهەڵکوتنی ئەدەبی. بۆ نموونە ناتوانین بنووسین دەرۆێشت لە بیری دایکیدا بوو. دەبێ بیرەکە ببێ بە وێنە. یان بڵێین، حەمە چوونکە وڵاتەکەی خۆش دەوێ ئاوا دەکا. ئەو خۆشەویستییە بە دەنگ یان بە رەنگ دەبێ نیشان بدرێ.
- بینەر دەیەوێ بزانێ خەڵکی دیکە چ دەکەن؟ چۆن گیروگرفتەکانیان چارەسەر دەکەن و ژیان دەبەنەسەر. یانێ بینەر خۆی لە جێ کەسەکانی فیلمەکە دادەنێ.
- سەناریۆ دەبێ لۆژیک بێ و هەلومەرجی سرنج راکێش و بەهێزی تێدا بخولقێ.
- . دەبێ وەهابێ کە هەموو کاتێک بینەر لەخۆی بپرسێ ئاخۆ لە دیمەنی دوایی چ دەبێ و لەگەڵی بڕوا. وەک دەڵێن" لەگەڵت بێ بۆ پێکهێنانی دیمەنی دیکە.
- بیستووتانە: لە تەواشای تۆپێندا بینەر یەک بە خۆی هاواردەکا، بڕۆ بڕۆ! ئەی خەراپی کرد. ئەوە یانێ لەگەڵ بوون. فیلم دەبێ وەکوو تۆپێن بێ.

**ساختمانی دراما.**

- **پێشەکی:** لەم بەشەدا پێمان دەڵێن چ جۆر فیلمێک دەبینین و دەبێ بە تەمای چ بین. بۆ نموونە: شەوە، هەڵاتنی کەسێک لە تاریکیدا، دەنگی هەسکەهەسک و چەند گوللە. ئەمانە پێمان دەڵێن لەگەڵ فیلمێکی پۆلیسی داین.

- **پێناسەکردن**: ناساندنی کەسەکانی فیلمەکە، لە یەکەم کەسی چیرۆکەکەوە دەست پێدەکا، ئەو کەسەی کە لە سەرتاسەری فیلمەکەدا دەوری یەکەمی چیرۆکەکە دەگێڕێ. دوایە یەک یەک ئەوانی دیکە. ئەوەی یارمەتی کەسی یەکەم دەدا یان خۆشی دەوێ و ئەوەی دژیەتی و چیرۆکەکە بە موشکلەی نێوان ئەو دووانە قەوارە دەگرێ. (هیندێ فیلم هەیە کە چەند چیرۆکی تێدایە و هەرکام کەسی سەرەکی خۆیان هەیە، بەڵام بەوە دەست پێدەکەن کە ئەو چیرۆکانە پێکەوە گرێ دەدا. یان کردەوەکەی ئەو کارە دەکا. فیلمی بابێل باشترین نموونەیە. لە بەشی پێناسەدا بەشێک لە بابەتەکەش دەناسێندرێ و تایبەتییەکانی کەسەکان دیاری دەکرێن.

- **کێشە:** بابەتی سەرەکی فیلمەکەیە و پەیامی فیلمەکە لەگەڵ ئەمەدا خۆی دەنوێنێ. کێشە پێویست نییە دووبەرەکی بێ، دەکرێ پێوەندی نێوان دوو کەس بێ، گرینگ ئەوەیە بینەر بتوانێ خۆی لە نێو بابەتەکە دا ببینێتەوە. دەنا واز دێنێ. یانێ کێشەکە بکەی بە کێشەی بینەریش. (یەکەم خاڵی گۆڕینی دراما – چەند ڕێگا چارە دێتە پێشەوە)
- لە فیلمێکدا دەتوانێ جەندین کێشەی ورد و دروشتی دیکەش هەبێ، بەڵام هەموو بەدەوری کێشە سەرەکییەکە دان. ئەوان دێنە مەیدان، گرێیەکەیان دەکرێتەوە و جێ خۆیان دەدەن بە یەیکی دیکە، بەڵام هەموویان لەگەڵ کێشە سەرەکییەکەدا گرێیان دەکرێتەوە یان یارمەتی کرانەوەی کێشە سەرەکییەکە دەدەن. (ئەمە لە پێشنووسدا دێ و چۆنیەتی گێرانەوەکەشی دەبێ بگوترێ)

- **قووڵبوونەوە:** لێرە هەموو دەوروبەر و لایەنەکانی کەسی یەکەم و دژەکانی و هەواڵەکانی دەر دەکەوێ و چیرۆکەکە دەکەوێتە پانتایی خۆیەوە و بەتەواوی دەناسرێ.
- **خاڵی دووەمی گۆڕینی دراما:** لە کێشەکەدا کەسەکان دەگەنە هەلومەرجێک کە لە نێوان چەند ڕێگاکەدا یەیکی هەڵدەبژێرن و ئیتر گەڕانەوەیان بۆ نییە،

- **بەرزبوونەوەی پلێکانی درامایی:** لێرە بەولاوە کێشەکە لەبەرێکەوە توندتر دەبێ و گرێیەکان توند دەبن و ڕووداوەکان لەناکاو بە دووی یەکدا دێن هەتا دەگاتە سەرلوتکەی شەڕەکە. وەک تۆپەکە چووبێتە بەر گۆڵەکە. هەموو یاریکەرەکان هەرکام لای خۆیەوە هەوڵ دەدا. یەک بۆ ئەوەی گۆڵ نەبێ و یەک بۆ ئەوە کە گۆڵ بکا.

- **کردنەوەی گرێ:** کێشەکە بە لایەکدا دەکەوێ و کەسە چاکەکە دەیباتەوە و دزەکە ئاشکرا دەبێ، یان ژن و مێردەکە دەگەنەوە یەکتر. گۆڵەکە دەکرێ. چار وایە ڕاست لەو جێیەی پێمان وایە تەواوە نەختێک درێژ دەبێتەوە، فاکتەرێکی دیکە خۆی دەنوێنێ. وەکوو ئافسايد بووبێ، ئەمجارە ڕۆن داخ بەسەر ئاشدا دەکرێ و هەموو شتێک کۆتایی پێدێ، یا خۆ ئاکامەکە دێڵێتەوە بۆ بینەر. ئەوە بە پێ دەورانی چێکردنی فیلمەکە و وڵاتی فیلمەکە جیاوازی هەیە و لە هەندێ وڵات وکات ناکرێ باشەکە سەرنەکەوێ. گەرچی لە ژیانی ئاساییدا هەموو کاتێک وا نییە.

- کۆتایی: گەرچی فیلمەکە کۆتایی هاتووە بەڵام زۆر بە کورتی هەندێ وردە کێشە کە ماوەتەوە کۆتایی پێدێ، یان ئاکامی ئەخلاقی نیشاندەدرێ کە خەڵاتی کەسی سەرەکییەکەیە. زۆرتر وێنەکانی بەشی ئاخرە کە لەگەڵ بینەر تا ماوەیەک دەمێنێتەوە، مەگەر خۆی بیەوێ ئەوانی پێشووتر وەبیر بهێنێتەوە.

- شێوەی نووسینەوە:
  هەر دیمەن (سێکانس) لەسەر لاپەڕەیەک.
- چۆنیەتی جێگا و ڕێگا و دێکۆری دیمەنەکە، ئەگەر پێویست بێ کات و سات.
- ئەو ئاکتەرانەی کە تێدان- ئەگەر ئاکتەرێک بۆ یەکەم جار نێو دەبرێ دەبێ دروشت بنووسرێ.
- کورتەیەک لە هەلومەرجی چیرۆکەکە: کردەوە و ڕووداو لەو دیمەنەدا، دواتر زۆر پێویست نییە چوونکە دیمەنەکان درێژەی ئەوی پێشووترن.
- ئەگەر گوتنەکە تایبەتییە (پچە، بە قەڵسی) لە پەرانتێزدا لە شانی نێوی کەسەکە دەنووسرێ.
- کاتێک بۆ نموونە باسی دەستی کەسێک دەکەین مانای وێنەی نزیکە. یاخۆ کەسێک شتێک دەڵێ و مەبەستی شتێکی دیکەیە ئەوی دیکە لە پەرانتزدا دەنووسین. "تۆ پارەت لێرە نەدیوە" مەبەستی (نەت دزیوە)
- هەر دیمەنێک دەبێ بۆ خۆی کورتە چیرۆکێک بێ و گرێ خۆی هەبێ و کردنەوە و کشانەوەی هەبێ، ڕاست وەکوو هەموو فیلمەکە.

دوو شێوەی نووسینەوە هەیە. شێوەی ئەمریکی، کە تێکستەکە دەنووسرێتەوە و وتووێژەکان بە دوای تێکستەکەدا لە ناوەڕاستدا دەنووسرێ. وتەی هەرکەس لە ژێر نێوی خۆیدا. نێوەکە بە دروشت دەنووسرێ

مۆدێلی دوو ستوونی ئەورووپی: شەرح لە ستوونێک و دیالۆگ لە ستوونی دیکە. نێوی کەسەکە لە سەرەوە دروشت دەنووسرێ.

نموونەی ئەمریکی:

**ڕۆژ، ژوور، ماڵی هێرش.**
**هێرش** دەرکە دەکاتەوە و دێتە ژوورەوە. جلی کارەکەی لەبەر دەردێنێ و جلی خاوێن لەبەر دەکا و بانگی دایکی دەکا.

**هێرش** (بە دەنگی بەرز بۆ دوور)
دایە هیچمان هەیە بخوین؟
من بە پەلەم دەچمە دەرێ.

**دایک** (دەنگ لە دەرەوە)
ئەوە هاتم ڕۆڵە!

نموونەی ئەورووپی

| | |
|---|---|
| **ڕۆژ، ژوور، ماڵی هێرش.**<br><br>**هێرش** دەرکە دەکاتەوە و دێتە ژوورەوە. جلی کارەکەی لەبەر دەردێنێ و جلی خاوێن لەبەر دەکا و بانگی دایکی دەکا. | **هێرش**<br>(بە دەنگی بەرز بۆ دوور)<br>دایە هیچمان هەیە بخوین؟<br>من بە پەلەم دەچمە دەرێ.<br><br>**دایک:** (دەنگ لە دەرەوە)<br>ئەوە هاتم ڕۆڵە! |

سەناریۆنووسی زۆر بەتواناش هەیە کە شێوەی تایبەتی خۆیان هەیە.
نموونە: پیاو و ژنێک کە کاتی ژیانی هاوسەرییان بەسەرهاتووە،


وێستگەی قەتار
ئەو لە "فریدا" دوور دەبێتەوە
- یەکتر دەبیننەوە؟
- سووتی قەتار

•
بەم کورتییە بەڵام هەموو شتێکی تێدایە. جیابوونەوە، پرسیارێک کە هەردوو وەڵامەکەی دەزانن و بینەر بە سووتی قەتارەکەدا تێدەگا. ئیتر ئەمە وێنەکانی چۆن دەبێ، لە چ کاتێکدا تۆماری دەکا و دەوروبەرەکە دەبێ چۆن بن کاری دەرهێنەرە. ئاکتەرەکە دەبێ چ بکا و چۆن نیشان بدا کە بێزارییە یان ئارەزوو و پەشیمانی، ئەوە کاری ئاکتەرە.


**دێکوپاژ**
دابەشکردنی دیمەن بە چەند وێنە و ڕێکخستنی درامایی تەسویرەکان کاری دەرهێنەرە. زۆرجار ئەم کارە بە هاودەنگی لەگەڵ سەناریۆنووس دەکرێ، یا خۆ پێشتر سەبارەت بە چۆنیەتییەکانی بیروڕایان گۆڕیوەتەوە. هەتا مەبەستەکان وەکوو خۆیان بن.
یەکدەستکردن ورێک و پێکی و جووڵانەوەی کامێرا، نزیک و دووری وێنەکان، هاتووچووی ئاکتەرەکان لەپێوەندی لەگەڵ کامێرادا، ئاستی کامێرا و.. ئەو شتانەن کە دەبێ دەرهێنەر بەپێی ناوەرۆکی درامایی دیمەنەکە بڕیاری لەسەر بدا و ریتمی گشتی فیلمەکەش بپارێزێ. دەنگ، ڕووناکی، موزیک و دێکۆر و جل وبەرگ و لە هەموو گرنگتر کات و... دەستنیشان بکرێن. ئەمە سەناریۆی کارە و هەموو ئەوانەی لە فیلمێکدا بەشداری دەکەن ئەم نووسراوە دەخوێننەوە و هەرکام بە پێ ئیشی خۆی لیستەی کەرەسە و پێداویستییەکان دەنووسنەوە و کارەکە ئامادە دەبێ.
ئاکتەر هەڵس و کەوت و وتارەکان، وێنەگر چۆنیەتی ڕووناکی و ڕەنگ، دەنگ هەڵگر چۆنی و شوێنی مایکرۆفۆنەکا ن، دێکۆرکار و بەرپرسی جل و بەرگ و ماکیاژ و... لە ڕووی دێکوپاژ کارەکەیان دادەڕێژن.

بۆ نیشاندانی چۆنیەتی دێکوپاژی دیمەنێک نموونەیەک چاو لێدەکەین کە بزانین ڕووداوێکی هەرە کورت کە دەتوانێ دیمەنێک بێ لە فیلمێک چۆن دابەش دەکرێ. شێوەی ساکار و شێوەی تا ڕادەیەک پێشەیی جیاوازییان چییە؟


**باسی سەگەڕاوێکە:** پیاوێک لە باخێکدایە و سەگ پەلاماری دەدا، بەڵام خۆی ڕزگار دەکا.
یەکەم شێوە ئاماتۆرێک گێڕاویەتەوە کە درامای تەسویری بەکار نەهێناوە.



١ـ باخێک دیارە، پیاوێک بەهەڵاتن دەردەکەوێ. کامێرا لەگەڵی دەڕوا هەتا لە وێنە دەچێتە دەرێ. کامێرا لەسەر شانە، وێنە تەکانی هەیە، کامێرا لەگەڵ ڕۆیشتنەکەدا پان دەکا. (٢٠چرکە دەخاینێ)




٢ـ سەگێک لەنێو باخێکدا هەڵدێ کە وەکوو ئەو باخەی پێشوو دەچێ، کامێرا لەگەڵ سەگەکەش پان دەکا هەتا لە وێنە دەچێتە دەرێ. (چوونکە *ئەم وێنە دوای وێنەی یەکەم دێ و دەوروبەرەکەش لەیەک دەچێ، دەڵێین ئەو سەگە بەدووی ئەو پیاوەدا هەڵدێ. ئیدەچێ نێوان دوو وێنەکە زۆر بێ.*) (٢٠چرکە)



٣ـپیاوەکە لە سەر لقی دارێک دانیشتووە. سەگێک لە خوارەوە وەستاوە و دەوەڕێ. (*وا دەزانین پیاوەکە چووەتە گژ دارەکەدا و سەگەکە دواتر گەیشتووەتە جێ.*) (٢٠چرکە)


با ئێمە یارمەتی ئەم فیلمسازە بدەین کە چیرۆکێکی ئاوەها ئاسان نەختێک سەرنجڕاکێش تۆمار بکا. وای دادەنین کە دەنگ وەرناگرین و دواتر هێندێ موزیک و ئێفێکتی لەسەر دادەنین.




١ـ لە مێدیۆمێکدا پیاوەکە پێناسە دەکەین. ڕاوەستاوە گەڵاخەزان کۆ دەکاتەوە. ٢٥ساڵانە ڕدێنی دوو ڕۆژەی پێوەیە بەڵام جلی باشی لەبەردایە. لە سەرەتای گرتەدا تەواشای گەڵاکان دەکا، سەر هەڵدێنێ، نەفەسێک بە کەپۆ هەڵدەمژێ و ڕازی دیارە. دادەنەوێ و ڕاست دەبێتەوە دەست لە بناگوێ دادەنێ، شتێکی بیستووە. (*ئێچمی ئەو پیاوە دەبێ وا بێ کە هەر لاوێک خۆی لە جێ ئەو دابنێ*) (١٠چرکە)




٢ـ لە گرتەی نزیکدا سەگەکە پێناسە دەکەین. وێنەیەک لە قەپۆزی کراوەی سەگەکە وکەڵوە تیژەکانی. سەگەکە بەرەو لای ڕاست دەڕوانێ (بەرەو پیاوەکە) لە نیو چرکەی کۆتایی گرتەکەدا بەرەو لای ڕاست لە وێنەکە باز دەداتە دەرەوە. (٤چرکە)




٣ـ گرتەی بڵاو لە پیاوەکە کە بەرەولای ڕاست دەسووڕێ، شنکەشەکە بەردەداتەوە، بەشێک لە باخەکە دیارە کە لەگەڵ ڕووناکییەکەدا پێمان دەڵێ ئێوارەی پاییزە. (*ئێدەگەین کە پیاوەکە ترساوە*) پێی هەڵدێنێتەوە کە هەڵێ. ڕاست ئەو کاتە دەیبڕین بۆ.... ( ٥ چرکە)



٤- ... سەگەکە بەرەو لای راست هێرش دەبا و لە پەرژینی باخێکەوە هەڵدەبەزێتە دەرەوە.




٥- لاقێک بە کەوشی قاوەییەوە دەکوترێ بە گۆلە ئاوێکدا و بەرەو لای راست دەردەچێ. *(تێدەگەین پیاوەکە ئەوەندە ترساوە کە بێ گرنگیدان بە چۆنی رێگا هەڵدێ و بە خێرایی گرتەکەدا دەزانین کە سەگەکە نزیک بووەتەوە.)* (٣چرکە)




٦- گرتەیەکی بڵاو لە باخەکە و سەگەکە، کامێرا لەگەڵی پان دەکا. *(بینەر دەبینێ نێوان پیاوەکە و سەگەکە چەندە)* (٥ چرکە)




٧- گرتەی نزیک لە پیاوەکە، کامێرا بەسەر دەستەوە لەگەڵی دەڕوا، *(تەکانەکانی کامێرا هەوڵبوونی پیاوەکە دەردەخا)* لە پێشدا بەرەو پێش دەڕوانێ و دوایە لەسەر شانی چەپەوە خێرا تەواشایەکی پشتەوە دەکا و دیسان بۆ پێشەوە. پیاوەکە ترساو و ئارەقە کردوو دیارە. (٤ چرکە)



٨- گرتەی بڵاو. کامێرا وەستاوە. بۆ یەکەمجار هەردووک ئاکتەرەکە لە یەک وێنەدا دەبینین و *(دەزانین کە مەودای نێوانیان زۆر کەم بوەتەوە و رووداوە ناخۆشەکە نزیکە. ئاخۆ رزگار دەبێ؟)* لە وێنە دەردەچن. (٤ چرکە)




٩- لقەدارێک لە وێنەدا، دوودەستی پیاوەکە لە لای چەپەوە دێتە نێو وێنەکەوە و لقە دارەکە دەگرێ و خۆی هەڵدەکێشێ. چاوە پڕ لە هەوڵ و ترسەکانی دەبڕێتە ژێر پێی. (٤ چرکە)



١٠- گرتەی بڵاو، پیاو و سەگەکە. سەگ دەوەڕێ و هەڵدەبەزێتەوە، بەڵام ناگاتە لاقی پیاوەکە کە لاقی بۆ فڕێ دەدا. (١٠ چرکە)



١١- گرتەی نزیکی سەگەکە، حەپەی دێ. دەکرێ جار جار کەوشی پیاوەکە لە سووچی وێنەکەوە دەرکەوێ. (٥ چرکە)



١٢- گرتەی مێدیوّم، پیاوەکە بەتەواوی ترساو بەڵام رزگار بوو، لە کاتێکدا چاوی لە سەگەکەیە لە خوارێ خۆی جێ بە جێ دەکا، لەسەر لقەکە دادەنیشێ و دەستێک بە قژەکانیدا دێنێ. (تێدەگەین سەگەکە وازی لێ هێناوە.) (٨ چرکە)

ئەم فیلمە بوو بە ٦٧ چرکە و ١٢ گرتە. ٧ چرکە زیاتر بەڵام بە هێندێک زمانی فیلم و درامای تەسویرەوە. هەرچۆنێک بێ، چیرۆکێکی نە زۆرخۆشمان وا لێکرد کە دەکرێ تەواشای بکەی. دیارە تۆمارکردن و مۆنتاژەکەی کاتێکی زۆر زیاتر دەبا.

بەم شێوە فیلمێکی ئاسایی کە نزیک بە سەد دیمەنە دەبێتە زیاتر لە هەزار گرتە. دیارە نێوەرۆکی فیلمەکەیە کە بڕیار دەدا گرتەکان چەند کورت یان درێژ بن. هەروەها دەرهێنەری جیاواز سەلیقەی جیاوزیان هەیە. دەڵێن ئەگەر سەناریۆیەک بدەی بە ١٠ دەرهێنەر دە فیلمی جیاواز چێ دەکەن.
فیلمی "ئاوازێک لە قاتی دوەمەوە" کە خەڵاتی ئۆسکاری بردووە، ٤٧دیمەنە و ٤٧گرتەشە. کامێرا لە دوو جێگا نەبێ ناجووڵێ.
ئێستا کە ئیمکانی دیژیتاڵ هەیە و کەرەسەی جووڵانەوەی کامێرا زۆر پێشکەوتووە، زۆر جار کامێرا لەگەڵ ئاکتەرەکان دەجووڵی و جێگا دەگۆڕێ کە هەتا بکرێ کەمتر وێنەکان ببڕدرێن. بەم شێوە بینەر زیاتر لەگەڵ ئاکتەرەکان دەکەوێ و خۆی بە بەشدار دەزانێ و خۆی لە نێو رووداوەکەدا دەبینێتەوە.

**فیلم، فیلمگرتن، فیلمدیتن و هەڵسەنگاندنی فیلم، یان وێنە و کامێرا، تەلەڤزیۆن و ڤیدیۆ، ڕووناکی و کاری نواندن و، دەیان بابەتی پێوەندیداری فیلم باسی سەرزاری خەڵکە و بەشێکی بابەتی لاوەکیی گۆڤارو ڕۆژنامە کوردییەکانن. بەڵام سەرچاوەی فێربوونی ئەم بابەتانە ئەگەر بە زمانی کوردی هەبن، زۆر کەمن و کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نییە.**
**بە پێی نەریتی فێرکردنی فیلمکاری کەرەسەکانی وێنەگرتن بە دەستپێک دەگرین:**

- کامێرا
- جۆرەکانی کامێرا
- بەشەکانی کامێرا:
  ١- لێنز،
  - فۆکوس
  - ڕۆژنە (دیافراگم)
  - خێرایی
  ٢- باند- فیلم
  ٣- باتری
  ٤- سێپایە

وێنە
- ڕووناکی. هاوسەنگیی ڕەنگی سپی (وایت بالانس)
- پێکهاتەی وێنەگرتن (تەرکیبی تەسویر)
- کۆنتراست، ڕەنگ
- ئەندازە، جۆری ئەندازە لەگەڵ ناوەرۆک
- جوڵانەوە، پان، تیلت، زووم
- شوێنی کامێرا، ئاستی کامێرا.

- ئایدیا، سەناریۆ، دێکوپاژ
- تۆمارکردن
- دەنگ
- مۆنتاژ

## کامێرا

ئامرازی وێنەگرتن دیارە کە کامێرایە. بۆ گرتنی وێنەیەکی باش پێویست وەهایە کامێراکەمان باش بناسین.

کامێرا گەلێک جۆری هەیە و هەرکامێکیان بە و بۆ مەبەستی دیار و لە شوێنی دیاریکراودا بەکار دەبردرێت.

١- **کامێرای فیلم:** ئەم کامرایە بۆ کاری فیلم بەکار دێت و جۆرەکانیشی بە پێی ئەندازەی فیلمی بەکارهێنراو لێک جیا دەکرێنەوە: کرمێرای ٧٠ میللیم، ٣٥ میلیم، ١٦میللیم، و ٨ میللیم کە ئێدی لە بازاڕدا شک نابردرێت و کامێرای دیگیتاڵ جێی گرتووەتەوە.




کامێرای ٣٥میلیم




کامێرای١٦میلیم

٢- **کامێرای دیگیتال؛** ئەمانە لە پێشدا بۆ ستۆدیوی تەلەفزیۆنی دروست کران و ئێستاش بەکار دەبرێن. جێی کاسێتیان نییە و ڕاستەوخۆ بە دەستگەی ڤیدیۆی تایبەتییەوە دەبەسترێن، یان وێنەکەیان ڕاستەوخۆ ڕەوانەی پەخش دەکرێت.

جۆری دیکەی کامێرای دیگیتاڵ ئەوەیە کە کاسێتی لە نێو دادەندرێ و بە پێی شێوازی فۆرماتی تەسویرەکەی نێوی گەلێک جۆریان هەیە و چۆنایەتیی تەسویرەکەیانە باش و خراپی و هەرزان و گرانیان دەستنیشان دەکات ، جۆری **بێتا دیگیتاڵ- بێتا کام- یوماتیک- سوپێر ڤێ.ئێچ.ئێس- ڤێ. ئێچ.ئێس- دی.ڤێ کام و، دی.ڤێ هەیە.** فۆرماتی **دی.ڤێ** جۆرێکی هەیە بچووکە و تازەکاران بە کاری دەهێنن. ئەم جۆرەیان جێی کامێرای ٨ میلیمی گرتووەتەوە و بە دەست هەموو کەسێکەوە دەبێنرێت.



کامێرای ستودیۆی تەلەڤزیۆن




دی.ڤێ کام




ڤێ.ئێچ.ئێس


كامێرا لە چەند بەش پێک هاتووە.


**بەشی یەکەم گلێنە (لێنز)**

گلێنە ئەو بەشەیە کە دیمەنی ڕوو لە کامێرا بچووک دەکاتەوە و وەکوو چاو دەیخاتە سەر فیلمی نێو کامێراکە.

لە کامێرای دیگیتاڵدا لە جیاتی فیلم چیپسێکی هەستەوەر بە ڕووناکی دانراوە کە وێنەکە دەکات بە شەپۆلی ئەلەکترۆنی و بۆ بەشەکانی دیکەی دەنێرێت، کە داوی فیلمی نێو کامێراکە ( DV band) یەکێکیانە و ئێل سی دی یەکی(LCD)  دیکەیانە و....








گواستنەوەی وێنە لە لێنزدا


گواستنەوەی وێنە لە چاوی مرۆڤدا




لە کامێرای ئاسایی و لە پێشکەوتووکانیشدا چەندین گلێنە پێکەوە لە لوولەیەکدا دانراون کە نەک هەر کەموکوڕییەکانی یەکتر تەواو دەکەن، بەڵکوو مەودای نێوان کامێرا و وێنە ڕێک دەخەن بۆ ئەوەی وێنەکە بە ڕوونیی دیاربکەوێت. ئەم کارە پێی دەگوترێت فۆکوسکردن.

**ژمارەی لێنز:** لە ڕووی پێشەوەی هەر لێنزێکدا ژمارەیەک بە میلیمەتر نووسراوە، کە ئەندازەی لێنزەکە دیاری دەکات. مەودای نێوان ڕووپەڕی لێنز و ئەو خاڵەی کە وێنەی تێدادروست دەبێ ئەندازەی لێنز پێک دەهێنێت.



ژمارەی ئاسایی لێنز ئاماژە بە ئەندازەی ئەو وێنەیە دەدات کە بە چاو دەبینرێت. ئەم ژمارەیە بەپێ ئەندازەی فیلمەکە یان کاسێتەکە دەگۆڕدرێت: فیلمێکی ۳٥میللیم (کامێرای ئاسایی فوتۆ- کامێرای ۳٥میللیمی فیلم) لێنزە ئاساییەکەی 50 میللیمە. فیلمی ١٦میللیم لێنزە ئاساییەکەی ٢٥میللیمە و فیلمی ٨ میللیمیش ١٢ میللیمە. کامێرای ڤیدیۆش بەپێی بەندی فیلمەکەی بەم جۆرەیە: باندی بێتاکام و VHS دەکرێت وەک کامێرای ١٦میللیم بژمێردرێت و بەندی فیلمی DV و DVcom وەکوو ٨ میللیمی دابنرێت. کامرای تەلەڤزیۆنی کە کاسێت ناخوات بە پێی جۆرەکانی جیاوازیی تێدەکەوێت و دووهێندەی کامێرای ۳٥ میللیمی دەژمێردرێت. کە وابوو گلێنەیەکی ٥٠ میللیمی لە دوو کامێرای جیاوازدا (١٦ یان ۳٥) دوو وێنەی جیاواز دەدات. ئەگەر ژمارەی گلێنەی کامێرا لە ئاسایی سەرووتر بێت ( Tele)، گۆشەی دیتنی کامێراکە تەنگ دەبێتەوە و وێنەکە بەڕواڵەت نزیک دەبێتەوە. ئەگەریش ژمارەی گلێنەی کامێرا لە ئاسایی خواروتر بێت (Wide) گۆشەکەی بەرین دەبێتەوە و وێنەکە بەشێکی گەورەتری دیمەنەکەمان پیشان دەدات.

**تایبەتمەندیی لێنزی تێلە و وایدە.**

هەر لێنزێک تایبەتمەندی خۆی هەیە و بۆ کارێکی تایبەت بە کاردێت. یان دەکرێت بە پێچەوانەوە بڵێین هەر لێنزێک هەندێک ناتەواوی هەیە کە دەبێت لە کاتی بەکارهێناندا لێیان ئاگا بین.



**لێنزی تێلە**: گۆشەی دیتنەکەی تەسکە و قوڵایی وێنە کەم دەکاتەوە. بۆ وێنە لە پێشبڕکێیە وەرزشییەکاندا، کاتێک وێنەکە لە پێشەوە بە تێلە دەگیرێت، ئەسپ، ئۆتۆمبیل، یان مرۆڤەکان کە هەڵدێن، پێمان وایە زۆر لێک نزیکن و مەودای نێوانیان کەمە، خێراییەکەشیان زۆر کەم دیاردەکەوێت، بەڵام کاتێک لە تەنیشتەوە بە لێنزی ئاسایی نیشان دەدرێن، هەم زۆرخێراتر تێدەپەڕن و هەم ماوەی نێوانیشیان زۆرترە. لە هۆڵێکی ئاساییدا کاتێک لە پێشەوە ڕزنەی دانیشتوان بە تێلە نیشان دەدرێن پێمان وایە هیچ مەودایان نییە و قوڵایی هۆڵەکەش کەمتر خۆی نیشان دەدا. بەم ئاوایە لێنزی تێلە مەودای ڕزنەکانی نێو قوڵایی وێنەکە لێک نزیک دەکاتەوە. ئەگەر هەر ئەو وێنە بە لێنزێکی وایدە بگرین، هەموو ئەو تایبەتییانە پێچەوانە دەبنەوە.

لە ڕۆژانی گەرمدا، کاتێک بە لێنزی تێلە وێنە دەگرین شەپۆلی گەرما دیار دەکەوێت و دیمەنەکە شەپۆل دەدات ئەگەر نەمانەوێت ئەو شێوە دیمەنەمان پیشان بدەین، دەبێت لێنزی ئاسایی یان وایدە بە کار بهێنین و خۆمان لە دیمەنەکە نزیک بکەینەوە.


بۆ دیمەنی پۆرترێت لە کامێرای ۳٥میللمیدا لێنزی ٩٠ تا ١١٠ زۆر لەبارە.

مەودای فۆکوسی لێنزی تێلە کەمە، واتە قووڵایی بەشی سەرنجی وێنەکە لە چاو لێنزی ئاساییدا کەمترە. (بڕوانە قووڵایی وێنە) لە مۆنتاژی وێنەی تێلە و وایددا دەبێت وریا بین چونکە ڕووناکییەکە لە هەردووکیاندا وەکوو یەک

دیار ناکەوێت. لێنزی تێلە بڕێک ڕووناکی زیاتری دەوێت، کەچێ لە وێنەی وایددا لەبەر هەبوونی سێبەری زیاد و ڕەنگی جۆربەجۆر وێنەکە تاریکتر لە چاو دەدا.




**لێنزی واید:** لە زۆر ڕووەوە ە پێچەوانەی لێنزی تێلەیە. واتە قوڵایی وێنە (پەرسپێکتیڤ) زیاد دەکات، مەیدانی فۆکوسەکەی زۆرترە و مەودای ڕزنەکان زیاتر نیشان دەدات. ئەگەر بەم لێنزە زۆر لە بابەتەکەمان نزیک ببینەوە فۆرمەکەی دەگۆڕدرێت و(دێفۆرمەی دەکات) واتە دەیشێوێنێت. بەو مانایە ناوەندی وێنەکە زیاتر لە ئاسایی دەهێنێتە پێشەوە. ئەگەر بابەتەکە مرۆڤ بێ ئەوە لووتی زۆر گەورەتردەنوێنێت.





**بازنەی سەرنج( فۆکوس)**

لەسەر هەر لێنزێک بازنەیەک هەیە کە زۆرجار ژمارەی بە مەتر دەستنیشان کراوە. بە سوڕاندنی ئەو بازنەیە دیمەنەکە ڕوون دەبێتەوە یان لێڵ دەبێت. لە زۆربەی کامێرا دیگیتاڵەکاندا ئەو بوارە ڕەخساوە کە فۆکوسی ئۆتۆماتیکی هەڵببژێردرێت. بەڵام دەبێت بێرمان نەچێت کە ئەمیش شێوازی ڕێکخستنی خۆی هەیە. شێوازی ئۆتۆمات وایە کە لە کامێراکەوە شەپۆلێکی لێزەر لە بەردەمی کامێراکەوە دەنێرێت. ئەو شەپۆلە دەگاتە دیمەنەکە و دەگەڕێتەوە. کاتی هاتوچۆی شەپۆلەکە، مەودای دیمەنەکە بە کامێراکە ڕادەگەیەنێت و کامێراکەش خۆی ڕێک دەخات. دیارە ئەم شەپۆلە هەرکە بەر یەکەم شتی نێو دیمەنەکە دەکەوێت وەردەچەرخێتەوە، واتە ئەگەر مەبەستی ئێمە وێنەگرتنی شتێک بێت کە لە پشتەوەی شتەکانی ریزی پێشەوەی نێو دیمەنەکە جێگیر بووە، ئۆتۆمات کەڵکمان

ناگرێت و دەبێت کامێراکە بە دەست ڕێک بخەین ، لەسەر (نائۆتۆماتـ) ـی دابنێین: ئەگەر سێ کەس لە پشتسەری یەکترەوە دانیشتبن و بمانەوێت سەرنج (فۆکوس) لە ئەوی سێیەمیان بگرین، دەبێت بە دەست ئەنجامی بدەین.




**خاڵی سەرنج- مەودای سەرنجدانان**


**خاڵی سەرنج**: ئەو جێیە کە مەبەستی سەرەکی وێنە لەوێیە و سەرنج (فۆکوس)ـەکەمان لەوێ داناوە.

**مەودای سەرنجدانان:** مەودای نێوان دوو خاڵە کە لێیدا وێنە بە ڕوونیی دیار دەکەوێت. کورت و درێژیی ئەم مەودایە بە چەند شتەوە گرێ دراوە.

١- هەرچی لێنزەکەمان تێلەتر بێت مەودای سەرنجدان کەمترە.

٢- هەرچی بابەتەکە لە کامێراکە دوورتر بێت مەودای سەرنجدان زۆرترە.

٣- هەرچی ڕۆژنە (دیافراگم) تەنگتر بێت مەودای سەرنجدان زیاترە.




مەودای سەرنجدان لە ٣ ڕۆژنەی جیاوازدا

- گۆڕینی جێگای سەرنج. لە شت یان کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و ڕاگرتنی سەرنج لەسەر ئەو بابەتەی کە دەمانەوێت یەکێک لە شێوەکانی گواستنەوە و ڕاگرتنی سەرنجی بینەرە لەو جێگایەی کە دەمانەوێت.

**بازنەی ڕۆژنە (دیافراگم):**

ئەگەر تەماشای نێو لێنز بکەین، بازنەیەک دەبینین کە لە چەند *پەڕەکەیەک* پێک هاتووە. لەگەڵ سووڕاندنی بازنەیەکی تایبەتیدا کە لە دەوری لێنزەکەدایە ئەو پەڕەکانە، بە شێوەیەک جێبەجێ دەبن کە ڕۆژنەی نێوانیان گەورە و بچووک دەبێتەوە. ئەمە پێی دەڵێن دیافراگم، فەتحە، ئیریس، یان ئێف ستۆپ. ئێمە ڕۆژنەمان بۆ داناوە.

گەورە و بچووککردنەوەی ئەم ڕۆژنەیە دوو ئەرک دەگێڕێت.



یەکەم: ئەو ڕووناکییەی کە دێتە نێو کامێراوە کەم و زیادی دەکات. دووەم مەودای سەرنجەکە زیاد و کەم دەکات.


لە سەر بازنەی ڕۆژنەدا ئەم ژمارانە نووسراون. ١،٢/٤، ٢/٨، ٣/٥، ٤، ٥/٦، ٨، ١١، ٢٢، ٣٢، هەرچی ژمارەکە بەرەو زیادبوون بڕوا ڕۆژنەکە تەنگتر دەبێتەوە و ڕووناکی کەمتر دێتە نێو کامێراوە. لە ژمارەیەکەوە بۆ ژمارەیەکی دیکە ڕووناکی نیوە، یان دووبەرانبەر دەبێتەوە.

لە کامێرای دیگیتاڵدا ئەم ژمارانە لە ڕووپەڕی (ئێل.سی.دی) یەکەدا دەنووسرێن. ئەگەر کامێرا لەسەر ئۆتۆمات بێت، پێویست ناکات بیر لە هاوسەنگکردنی ڕۆژنە بکەینەوە، بەڵام ئەگەر بمانەوێت مەودای سەرنجەکەمان بگۆڕین، دەبێت ڕۆژنەکە لە ئۆتۆمات لا بدەین. بشمانەوێت مەودای سەرنجەکەمان زیاد بکەین دەبێت ڕۆژنەکەمان ببەستین، ئەودەم ناچار دەبین ڕووناکییەکەمان بە شێوەیەکی تر و هەر بەو پارسەنگە زیاد بکەین: ئەگەر کامێراکەمان لە ڕۆژنەی ٤ ببێت و ڕووناکیی دیمەنەکەمان ئاسایی بێت و بمانەوێت بچینە ڕۆژنەی ٨ بۆ ئەوەی مەودای سەرنجەکەمان زیاد بکەین، دەبێت ڕووناکییەکەمان چوارهێندە زیاد بکەین. یاخود بە پێچەوانە. کردنەوەی ڕۆژنە بۆ کەمکردنەوەی مەیدانی سەرنجدان پێویستی بەوە هەیە کە ڕووناکییەکەمان کەم بکەینەوە.

کەم و زیاد کردنی ڕووناکی بە دوو شێوە ئەنجام دەدرێت:

١- ئەگەر لە ژوورێک کار دەکەین و سەرچاوەی ڕووناکی بە دەست خۆمانە. بۆ زیاد کردن دەکرێت چرا زیاتر هەڵکەین. یان چراکە لە بابەتەکە نزیک بکەینەوە. بۆ کەمکردنەوە دەکرێت پرۆژێکتۆرەکە کز بکەین. دوورخستنەوە یان دانانی فیلتەر لە پێشی پرۆژێکتۆرەکە، یان کەمکردنەوەی ڕووناکییەکەی بە دیمەر.

ئەگەر لە دەرەوە بین، دەبێ فیلتەری تایبەتی لەسەر کامێراکە دابنێین کە فیلتەرێکی خۆڵەمێشییە و بە (ND) ناو دەبرێت. لە کامێرای دیگیتاڵدا ئەم فیلتەرانە لە نێو کامێراکە دانراون و بە بزواندنی دوگمەیەک، ئەو فیلتێرە دێتە پشت لێنزەکەوە.




٢- ڕێگەی دووەم کەم و زیاد کردنی ڕووناکییە لە ڕێی خێراییەوە.

**خێرایی:**

لە هەر کامێرایەکدا سیستەمێک بۆ خێرایی هەیە. بەم شێوە کە ڕۆژنە بۆ تۆمارکردنی هەر تاکە وێنەیەک ماوەیەک دەکرێتەوە ودوایی دەبەسترێتەوە، لە کامێرای فیلمدا ئەم خێراییە لە چرکەدایە ٢٤ یان ٢٥ جارە، واتە ئەم ڕۆژنەیە ٢٤جار لە چرکەدا دەکرێتەوە و دەبەسترێتەوە. هەر جارەی وێنەیەک دەگرێت. ئەم خێراییە ناگۆڕدرێت مەگەر بمانەوێت خێرایی فیلمەکە زیاد و کەم بکەین.

لە کامێرای فۆتۆدا بازنەیەک هەیە کە ئەم ژمارانەی لەسەر نووسراوە: B، ١، ٢، ١٥، ٣٠، ١٢٥، ٦٠،، ٢٥٠، ٥٠٠، (لە کامێرای دیگیتاڵدا لەسەر ڕووپەڕی ئێل. سی. دییەکە دەبینددرێت). ڕۆژنەی کامێراکە بۆ هەر وێنەیەک (بۆ نموونە ئەگەر لەسەر ٦٠دانرابێت) شەستیەکی چرکەیەک دەکرێتەوە و دادەخرێتەوە. لە ژمارەیەکەوە بۆ ژمارەیەکی دیکە ڕووناکییەکە دوو هێندەی خۆی یان نیوە دەبێت. کەوابوو هەر پلەیەک لەم ژمارانەدا بەرانبەر پلەیەک لە ژمارەکانی ڕۆژنە دەگرێت.

نموونە: ئەگەر هاوسەنگیی ڕووناکیی ڕۆژنەی ٨ و خێرایی ٦٠ دانراوە و بمانەوێت لەبەر کەم یا زیادکردنی مەودای سەرنج بیگۆڕین بە ڕۆژنەی ٤ دەبێت خێراییەکە بکەینە ٢٥٠. بەم ئاوایە ڕۆژنەکەمان دووجار کردوەتەوە و خێراییەکەمان دووجار زیاد کردووە. بەم شێوەیەش کەموکورتیەکانی یەکتر پڕ دەکەنەوە، و هاوسەنگیی ڕووناکییەکە ناگۆڕدرێت بەڵام چۆنایەتیی دیمەنەکە دەگۆڕدرێت.

کەم و زیاد کردنی خێرایی کار لە چۆنایەتیی وێنە ناکات، هەروا کە دانانی فیلتەری (ND) نییەتی. بەڵام ئەم تێبینییە ڕەچاو بکەن کە لە کامێرای دیگیتاڵدا نابێت خێرایی لە ٥٠ کەمتر بێت ئەگینا خێرایی دیمەنەکە خاو دەبێتەوە. ئەمەش بە (سلۆ) ناو دەبردرێت.

**سێپایە:**



زۆربەی ئەو کەسانەی کامێرایەکی بچووک دەکڕن و هەموو کاتێک پێیانە، سێپایە بەکار ناهێنن، بۆیە وێنەکانیان زۆر جار دەلەرێتەوە، بە تایبەت ئەگەر گلێنەی تێلەیان بەکاربردبێت، یان بە زمانی ئەوانەوە بیڵێین (وێنەکەیان هێنابێتە نزیکەوە).

وێنەیەک کە زۆر دەلەرزێ چاو ماندوو دەکات و هەرچەند ناوەڕۆکی وێنەکە جوان و گرینگیش بێت، دیسانیش بینەر لێی وەڕەز دەبێت. تێکەڵکردنەوەی وێنەی لەرزۆک لەگەڵ وێنەیێکی دیکەدا ناشیرینە. کەسانێک کە پیشەیان وێنەگرتنە هەموو کاتێک سێپایەیان پێیە و بە جەڵدی و چالاکی بەکاری دەهێنن. لەبیرمان بێت سێپایە دەبێت بە شێوەیێک بێت کە وەڵامی جووڵانەوەکان (پان، تیلت،....) بداتەوە. ڕێککەوتن و وەستانی جووڵانەوەکانیش نەرم بێت.

زۆربەی سێپایەکان دەستەکەیان کورتە. جووڵانەوە بە دەستەی درێژەوە زۆر نەرمتر و ئاسانترە. دەکرێت دەستەی سێپایەکە بە لوولەیەکی پلاستیکی درێژ بکەینەوە.


ئەگەر بتەوێت فیلمەکەت لە ئینتەرنێت دابنێیت، هەرچی زیاتر وێنەکە بجوڵێت بارەکەی قورستر دەبێت و دژوارتر دەچێتە سەر نێت. ئەگەر فیلمەکە لە سەر شاشەی گەورە نیشان بدرێت، بینەر تاقەتی دەچێت و چاوی لێ ناکات. ئەو فیلمانەی کە بە کامێرای سەردەست گیراون، یان وێنەی نزیک و ژمارەی برینەکانیان زۆرە لە سینەمادا سەرکەوتوو نابن.

ـ ئەگەر لە خۆپیشاندان و کارنەڤالدا نەتوانیت سێپایە بەکار بهێنیت باشترە لە لێنزی بڵاو کەڵک وەربگریت. یان ئەگەر بتەوێت لەگەڵ شتێک بگەڕی کە زۆر خێرا تێدەپەڕێت، کامێراکەت لەسەردەست دابنێ چونکە کارەکەت ئاسانتر دەکات. بۆ ئەم جۆرە کارانە پێشتر خۆت ئامادە بکە. لەم جۆرە شوێنانەدا پایەی یەک لاق زۆر بەکەڵکت دێت. دەکرێت پایەی یەکلاقەکە لە هەموو کاتێکدا بە کامێراکەتەوە بێت و لە جیاتی گرتنی کامێراکە پایەکە بگریت و لەرەی کامێراکە کەم بکەیتەوە. دەتوانیت بەرزی بکەیتەوە و لە جێگای زۆر ئاپۆرەشدا لە سەرەوە بۆ خوارەوە وێنە بگریت.

ـ بەکاربردنی چەند کامێرا: بەکاربردنی دوو یان سێ کامێرا بە تایبەت لە دێکومێنت کردنی ڕووداودا یارمەتیمان دەدا کە وێنەی هەر بەشە و لە کاتی خۆیدا بگرین. یەک کامێرا دادەنین بۆ وێنە گشتییەکان کە ئەمەیان دەکرێت وێنەگری لە پشت نەبێت. تەنیا ئەوەندە بەسە کەسێک ئاگای لێ بێت. کامێرایەکی دیکە بۆ وێنە نزیکەکان و دەنگە تایبەتییەکان و یەکێکی تر بۆ وێنەکانی دەوروبەر. بێگومان ئەمە لە کاتێکدایە کە هەڵی مۆنتاژکردن ڕەخسابێت. دەشکرێت سێ کامێراکە بە سێ وێنەگرەوە بچنە نێو ڕووداوەوە و هەریەکە و بەو مەرجەوە کاری خۆی بکات، پێشتر لەسەر کارەکانیان ڕێک کەوتبن و دابەشیان کردبن و بزانن چی تۆمار دەکەن. دەکرێت بە مۆبایل پێکەوە بدوێن کە نەهێنە نێو وێنەی یەکترەوە. گرینگە بزانین کاتێک دوو یا سێ کامێرا بەکار دەهێنین دەبێت هەموویان لە یەک جۆر بن و لەسەر یەک ڕووناکی و یەک ڕووپەڕی سپیدا (وایت باڵانس) کرابن. نابێت کامێرای سۆنی بۆ نموونە لەگەڵ پاناسۆنێک بۆ کارێکی هاوبەش بەکار بهێنین، چونکە جۆری ڕەنگەکانیان جیاوازە.

**کامێراکەت ئامادە بکە:**

بەر لەوەی وێنە تۆمار بکەیت بزانە لێنزی کامێراکەت خاوێنە؟ ئەگەر نییە بە دەسرەیێکی زۆر نەرم خاوێنی بکەوە. بزانە باترییەکەی پڕە؟ بەشی چەندە دەکات؟ بزانە باندت پێیە؟ ئەگەر بە چرا کار دەکەی، بزانە چراکان نەسووتاون و کار دەکەن؟ ئاخۆ چرای زیادت پێیە؟ وایەری زیادت پێیە؟ فیلتەرت هەڵگرتووە. ڕیفلێکتۆرەکەت لە بیر نەچووە؟ کاغەزی وایت باڵانست هەڵگرتووە؟....



**چۆنیەتیی ڕاگرتنی کامێرا**

**ئاگات لە کامێراکەت بێت.**


کامێرای دیگیتال زۆر ناسکە و دەبێت لە چەند شتێک بپارێزرێت:

- هیچ شتێکی بەر نەکەوێت! ئەم مەبەستە جانتایێکی باشی دەوێت، ئەگەر نەبوو جانتایێکی ئاسایی کە بە پەموو و هەور ئەستور کراوە.
- لە خۆڵ و خاک دوور ڕابگیرێ! لە کاتی تۆزوخوڵدا دەبێ کیسەیێکی پلاستیکی بە سەردا بکێشرێت. ئەگەر ڕێزەخیزێک بچێتە نێو لوولەی لێنزەکەوە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە فۆکوسەکە کار نەکات و....
- تەڕایی و نم کامێرای لە کار دەخات. هەر باران نییە، بەڵکوو جێگۆڕین لە سەرماوە بۆ گەرما دەبێتە هۆی هەڵم و پێکهاتنی دڵۆپەئاو لە نێو کامێراکەدا. ئەگەر بکەوێتە پشت لێنزەکەوە، تارمایی دروست دەکات، ئەگەر بکەوێتە سەر هێدی کامێراکە ئیدی ناسووڕیت و ئەگەر بکەوێتە جێگایەکی دیکەوە خەراپەی دیکە پێک دەهێنێت. جار هەیە باندەکە نم دەگرێت و ناسووڕێت. کە نەسووڕا دەری بهێنرێ و دەرپۆشەکەی لادرێ و ماوەیەک لە گەرمای نێوان ٢٠تا ٣٠ پلەدا ڕاگیرێ (بەر بە خۆرەتاوەوە نەبێت) هەتا وشک دەبێتەوە.

- كامێرا لە بەر خۆرەوە دانەنرێ. چ لە کاتی بەکارهێناندا و چ لە کاتی دیکەدا. ئەگەر سێبەر دەست ناکەوێت، چەترێک لەسەر کامێراکە ڕابگیرێ. لە سەرمای ژێر ٥ پلەدا کامێرا و باترییەکەی بە شتێک بپێچرێتەوە. باتری لەسەرمادا هێزی خۆی لە دەست دەدات. باتری یەدەک پێویستە!

**باند- فیلم**

ئەو بەشەی کامێرا کە فیلم یان کاسێتی تێیدا جێ دەگرێت، چەند ددانەچەرخێکی تێدا هەیە کە فیلم یان کاسێتەکە دەسووڕێنن.




لە کامێرای فیلمدا، فیلمەکە لە پشت پەنجەرەی گلێنەوە تێدەپەڕێت و هەر فرێم (یەک تاکە وێنە) بە ماوەی ١/٢٥چرکە ڕادەوستێت، وێنەکە ڕووناکیی وەردەگرێت و لە ١/٢٥چرکەدا جێی خۆی بۆ وێنەیەکی دیکە چۆڵ دەکات، لەوکاتەدا پەنجەرەی پشت لێنزەکە داخراوە. واتە لە هەرچرکەدا ٢٥ وێنە دەگیرێت. ئەم ئەرکە بە کەرەسەیەک دەکرێ کە پێی دەکوترێ بازنەی گەردان (shater)

لە ڤیدیۆشدا ژمارەی وێنەکان هەر ٢٥ جار لە چرکەدایە، بەڵام شێوەی تۆمارکردنیان جیاوازە. وێنە دەبێت بە شەپۆلی ئەلکترۆنی و دەگاتە سەرێکی خڕ کە پێی دەگوترێ هێد. باندەکە نیو بازنە بە دەور ئەوهێدەدا دەسووڕێت و سیگناڵەکان لەسەر باندەکە تۆمار دەبێت. بەشێک لە باندەکە تایبەتە بە وێنە و بەشێکیشی بە دەنگ.

فیلم پاش وێنەگرتن دەبێت ڕەوانەی تاقیگە بکرێت، بشۆردرێتەوە و کۆپیی پۆزەتیڤی لێی هەڵبگرترێت بۆ ئەوەی ببیندرێت، بەڵام کاسێت پاش تۆمارکردن دەکرێت هەر بەو کامیرایە یان بە ڤیدیۆیەک ببیندرێت.

**ئەندازەکان**

فیلم چەند ئەندازەیەکی هەیە کە کامێرایان پێ دەناسرێنەوە. کاتێک دەڵێین کامێرای ٣٥ میللیم واتە فیلمی ٣٥ میللیمی تێدا بە کار دەهێنرێت. فیلمی ٣٥ واتە ئەندازەی سووچاوسووچی تاکە وێنەیەک ٣٥ میللیمەترە، هەر بەم شێوەیە ٧٠میللیمی و ١٦میللیمی و ٨ میللیمیش.




لە کامێرای ڤیدیۆدا بە پێی مۆدێلی کامێرا و فۆرماتی وێنە کاسێت دەگۆڕدرێت. جۆرەکانی کاسێت لە گەورەوە بۆ بچووک ئەمانەن:

کاسێتی "یوماتیک" (جۆرێک کامێرا کە ئێستا لە بازاردا نەماوە)، "بێتاکام" (کامێرای پیشەیی دیگیتاڵ)

"سوپێر ڤی.ئێچ. ئێس" و "ڤی. ئێچ. ئێس". ئەم دوو کامێرایەی دواییە یەکەم کامێرای ئاماتوری بوون کە کەوتنە بازاڕەوە، بەڵام ئێستا بەجارێک کەم بوونەتەوە. کاسێت و ڤیدیۆکانیان هێشتا لە زۆر ماڵاندا ماون و "دی.ڤی.دی". بە تەواوی جێگای ئەمانەی نەگرتوەتەوە.




کاسێتی "دی.ڤی.کام" و "دی.ڤی". ئەمانە بۆ کامێرای نیوەپیشەیی و ئاماتوری بەکار دێن کە ئێستا زۆر باون. کاسێتی "دی.ڤی.کام" لە ئەندازەی گەورەتریشدا هەیە کە تەنیا بۆ ڤیدیۆ "دی.ڤی.کام" بەکار دێت و لە کامێرادا جێی نابێتەوە.

جۆرێک کامێرای دیگیتاڵ هەیە کە کاسێتی نییە و "مینی دی.ڤی.دی." تێیدا دادەنرێت. کامێرای دیگیتاڵ بە هۆی بەرنامەی تایبەتییەوە دەکرێت یەکسەر بە کامپیوتێرەوە ببەسترێت و وێنەکان ڕاستەوخۆ لە هاردیسکی کامپێوتێر گل بدرێتەوە.

**ئاگات لە باندەکانت بێ:**

خۆر، گەرما، سەرمای خواری 5 پلە، نم و هەڵم دژمنی کاسێتن و تێکی دەدەن. کاسێتی دیگیتاڵ و کاسێتی دەنگ لەسەر دەستگەی ڤیدیۆ و تەلەڤزیۆن و بە گشتی ئەو ئامێرانەی کە مەیدانی موگناتیسییان تێدایە دوور ڕابگیرێن.

لێدانەوەی کاسێت بەخێرایی چ لە کامێرا و چ لە ڤیدیۆدا هۆکاری خەوشداربوونی کاسێتەکە پێک دەهێنێت. بەربوونەوە و زیانبەرکەوتنی کاسێت دەشێت دیمەنەکان تێک بدەن، تەنانەت کاسێتی خاویش ڕەنگە بە زیانبەرکەوتن تێک بچێت.

**باتری**

هەموو کامێرایێکی فیلم و ڤیدیۆ بە باتری کار دەکەن. ١٢ یان ٦ وات، بەڵام ئامپێرەکانیان جیاوازە و باتریی هەر کامێرایەک بۆ ئەویتر نابێت، مەگەر لە یەک جۆر بن. ئەندازەی گلدانەوەشیان جیاوازە. باتری هەیە سێ خولەک و باتریش هەیە هەتا ٧٥٠ خولەک بڕ دەکات. دیارە هەرچی زیاتر کاری جۆربەجۆر بە کامێراکە بکرێت باتریەکەی زووتر بە تاڵ دەبێتەوە. ئەگەر زووم زۆر بکەین یان ئێل.سی.دی بەکار بهێنین یان کاسێتەکە زۆر پێش و پاش بکەین، هێزی زیاترمان لە باتریەکە وەرگرتووە و بەشی کاتێکی کەمتر دەکات. باترییەکان بە هۆی ئامێرێکەوە کە لە کارەبا دەدرێت، پڕ دەکرێنەوە. یەکەمجار کە دەمانەوێت بەکاری بهێنین دەبێت بە لای کەمەوە دوازدە سەعات لە کارەبای بدەین تاکوو پڕ دەبێت. ئەگەر باتری لەسەر کامێرا بێت و

کامێرا لە کارەبا بدرێت، بەو مەرجەی کامێراکە کوژابێتەوە، باتریەکە ڕاستەوخۆ پڕ دەبێتەوە و پێویستیی بە ئامێری پڕکردنەوە نامێنێت.

گەرما و زیانبەرکەوتن لە تەمەنی باتری کەم دەکەنەوە.

ئەگەر لە سەرمای ژێر ٥ پلەدا کامێرا بەکار دەهێنری سەرپۆشیک بەسەر باترییەکە دانرێ، چونکە لە سەرمای وادا باتری بێهێز دەبێت.

ئەگەر بۆ ماوەیێکی درێژ کەڵک لە باتریی کامێرا وەرناگرن، بە پڕیی بە جێی بهێڵن.

**بەرنامەی تلەڤزیۆنی**

**پێش پرسیار**

پێش دانانی هەر بەرنامەیەک چەند پرسیار لە خۆت بکە:

- ئامانجت چییە؟ بە چ شێوەیەک بەرنامەکەت یارمەتی ئەو ئامانجە دەدات؟
- چ گروپێک لە خەڵک چاوی لێدەکات؟ کەی و لەکوێ چاوی لێدەکەن؟
- چ هەستێکیان دەبێ یان چی لێ فێر دەبن؟ پەیامێکی تایبەتیت بۆیان هەیە؟
- چ شێوە بەرنامەیەک بۆ ئەو گروپە لەو کات و جێگادا باشترە؟
- ئەم بابەتە جگە لە بۆ خۆت و ئەو بینەرانە بۆ چ کەسانێکی دیکە سەرنج راکێشە؟
- ئاخۆ ئەو بەرنامە پێویستە؟

- ئەگەر تۆ ئاماتۆری یان هونەرمەند ئەوە بۆ ساز کردنی فیلمێک یان بەرنامەیەک تەنیا هەست و داوخوازی خۆت بەسە. بەڵام کاتێک لە دەزگایەک بە پارەی کەسی دیکە ئیش دەکەی زۆر گرینگە بزانی ئەو بەرنامە چەند پێویستە و دەبێ ئەو پێویستییەی بە هێنانەوەی سیستەماتیکی بورهان و دێکومێنت بسەلمێنی. رەنگە بۆ ئەو مەبەستە بەرنامەیەکی تلەڤزیۆنی وەڵامدەرەوە نەبێ، بەڵکوو دەبێ پەخشانێکی لەسەر بنووسرێ. یان سیاسەتی ئەو دەزگا کە تۆ کاری تێدا دەکەی بۆ ئەو بەرنامە گونجاو نەبێ.

- ئەگەر بەرنامە بۆ گروپی تایبەتە، دەبێ لەباری چەندی و چۆنییەوە ئەندازە بکرێ. بۆ نموونە: دەڵێن ١٥٠٠ کەس ئاوارە بووە. بەرنامەکەی تۆ رووی لەوانە. کە وابوو دەبێ وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە ئەوانە دەبێ چ بکەن یان چییان بۆ دەکرێ. و بە چ شیوەیەک دەبێ بکرێ؟ لە بیرت بێ هەروا کە دیاری دەکەی کە چی دەبێ بڵێی هەرواش دەبێ بزانی چی نابێ بڵێی.

ئەم پرسیارانەی خوارەوە لە خۆت بکە:

- دەتەوێ بینەر چ هەستێکی هەبێ کاتیک کە بەرنامەکە تەواو دەبێ؟
- دەتەوێ بینەر ج زانیارییێکی دەست کەوتبێ؟
- پاش ماوەیەک ئەم هەست و زانینە لای بینەر چی لێدێ؟ (دەمێنێتەوە یان پشت گوێ دەخا، دەیخاتە بیری ئەوە کە کارێک بکا، یارمەتی دەدا، خۆ پیشاندان دەکا......)
- بەو کات و ئیمکاناتەوە کە تۆ هەتە چەند شانسی ئەوەت هەیە ئەو ئامانجە کە داتناوە بێتە دی؟

**دیاری کردنی سنوورەکان لە باری چەندی و چۆنییەوە:**

- دەبێ بزانین ئەو بابەتە کە دەست نیشانمان کردووە چەندی کات دەوێ؟ ئەگەر کاتمان کەمە و بابەتەکە بەربڵاوە، خەتەری ئەوە هەیە کە بینەر تێنەگا. ئەگەر بابەت چووکە و کات زیادە و دەمانەوێ بە شتی نێوان پڕکەرەوە، یان دووپات کردنەوە، پڕی کەینەوە، خەتەری ئەوە هەیە کە بینەر تاقەتی نەمێنێ و بە جێ بێڵێ.

- ئەگەر شێوەی کارەکەمان لەگەڵ ناوەرۆکەکە یەک نەگرنەوە (هەر بابەتێک شێوە گوتنەوەیێکی هەیە) بینەر سەری لێدەشێوێ. بۆ وێنە دەمانەوێ لە بازار بەرنامەیەک بکەین لەسەر جل و بەرگی کوردی. بە هۆی تاریک و روونی توندی نێو بازارەوە وێنەکانمان بە شێوەیەکی درامی و بە موزیکی ئەو جۆرە دیمەنانە دەست پێدەکەین. بینەر پێ وا دەبێ کە لەدووی مرۆڤکوژێک کەوتووین. دواتریش ئەو بینەرەمان بۆ نایەتەوە سەر مەبەستەکە، هەر ماتڵە شتێکی سەیر روویدا.

- گوتمان دەبێ گروپی بینەران لەبەرچاو بگرین و ئەوەی ئێمە بڵاوی دەکەینەوە لەگەڵ میزانی تێگەیشتنی ئەواندا بگونجێ. هەر وەها کە دەبێ لەگەڵ تەمەن، زانست، رابردوو، نرخاندن، (پێخۆش بوون و پێناخۆش بوون) کولتور و زمانی ئەوان بگونجێ.

- لەبیرمان بێ تلەڤزیۆن کەرەسەیەکی باش بۆ ژمارە و دێکومێنتی نووسراوە نییە. بەڵام زۆر باشە بۆ نیشاندانی رووداو و دانی هەست بە بینەر. دەبێ لەو باشی و خراپێیە ئاگادار بین و بە شیوەیەک کارەکەمان رێک بخەین کە لایەنە باشەکە لایەنە کزەکە قەرەبوو بکاتەوە.

- ئەگەر هەواڵێک یان دێکومێنتێک بە تەواوی لێتان روون نییە و شکتان لە راست و دروست بوونی هەیە بەکاری مەهێنن، چونکە: یەکەم: دواتر رەخنەتان دێتەوە سەر، کارەکەتان بێ بایەخ دەبێ و دەبێ داوای لێبوردن بکەن. دووەم: خەڵک بە هەڵە فێر دەکەن. خەڵک دەڵێ تلەڤزیۆن وای گوتووە، و وەکوو بەڵگە بەکاری دێنن. ئەوە لەو باوەرە جێکەوتووەوە دێ کە رادیۆ و تلەڤزیۆن نابێ شتی هەڵە بڵاو بکەنەوە. ئەگەر جارێک بۆیان کەشف بێ کە وا نییە ئیتر باوەریان پێ نامێنێ.

**دارمای تەسویر**

- لە بەرنامەیەکی تلەڤزیۆنیدا:

<u>چ دەبینین</u>: مرۆڤ، جل و بەرگ، شت و مەک، دەوروبەر، کات.

<u>بە چ شێوەیەک دەی بینین:</u> تەرکیبی تەسویر، ریکخستنی دێکۆر، بچوک و گەورەیی وێنە، زاویەی وێنە.

جووڵانەوەی کامێرا، چۆنیەتی رووناکی و تەرتیبی وینەکان.

<u>چ دەبیسین:</u> موزیک، دیالۆگ و مۆنۆلۆگ، ئێفێکت و دەنگی سروشتی.

- تلەڤزیۆن زۆر بە هاسانی لە رێگای دیمەنی جوان یان دەنگی باشەوە هەست و سرنجی خەڵک رادەکێشێ و هەستی شادی، خۆشەویستی، بەخێڵی، هاودەردی و خەم و هتد..یان تێدا دەبزوێنێ، بەڵام هەر کام لەمانە شێوەی خۆی هەیە. سرنجی بەرنامەکان بدەن بۆ ئەم شێوە جۆربەجۆرانە.

- وروژاندنی هەست، بە تایبەت ئەگەر بەهێز بێ ماوەیەکی زۆرکاریگەری لەسەر بینەر دەمێنێتەوە و لەو ماوەیەدا بینەر زانیاری دیکە (کە دەتوانێ مەبەستەکەی تۆی تێدا بێ وەرناگرێ. بۆیە دەبێ ئەو دوو بەشەی بەرنامە لێک جوێ بکرێتەوە. بۆ وێنە لە کاتی پیشاندانی قوربانییەکانی مالوێرانییەکدا، نابێ زانیاری گرنگ بدەین. ئەوانە دەکرێ بە زمانی یەکێکەوە لە ستۆدیۆدا بگوترێ.

- ئەگەر دەتەوێ سەرنجی بینەر رابکێشی کارێک بکە کە بینەر خۆی لە جێگای کەس یان کەسانێک دابنێ کە تۆ باسیان دەکەی. بۆ گەیشتن بەم مەبەستە دەتوانی لە روانگەی کەس یان گروپێکەوە چاو لە رووداوەکە بکەی. یان خۆت لە جێ ئەوان دابنێ و چاو لە ئیشەکەی خۆت بکە.
- هەموو بابەتێک دەتوانێ کەم یان زۆر شتی هەستبزوێنی تێدا بی. شتێک کە بە چاوی عەقڵ نابیندرێ. پیشاندانی شتێکی وەها لە بەرنامەیەکدا بینەر رادەگرێ، دەشتووانێ جاروبار دووپات بێتەوە. پێویستە نییە زۆر بەهێز بێ. نەرم و لە سەرە خۆ.

- لە بەرنامە یان رێپۆرتاژێکدا بە پێناسەکردن، یان رووداو، یان مرۆڤ دەست پێ بکە، بەوە سرنجی بینەر رادەکێشی، دوایە نۆبەی هێنانەوەی زانیاری و باسی چۆنیەتی بکە. دوایە دیسان بگەڕیوە سەر پێناسە و رووداو، لێرە برۆ بۆ ئەو دیمەنە هەست بزوێنانە، بۆ ئەوەی بابەتە زیندوو راگری و بینەر بە قسەی وشک و دیمەنی تاڵ ماندوو نەکەی. دواتر وەرەوە سەر زانیاری و هەر بەم شێوە هەتا کۆتایی. یاسایەکی تایبەتی بۆ ئەم تەرکیبە نییە. یەک لە پێشدا نەرم دەست پێدەکا و دوایە دەچێتە لوتکە. یەکیتر لە پێشدا بۆمبێک دەتەقێنێتەوە کە بزماری خۆی بکوتێ، دوایە زانیاری و باسەکانی پێوە هەڵداوەسێ.

- هەموو بەرنامە یان رێپۆرتاژێک دەبێ مەبەستێکی تایبەتی و روونی هەبێ و چیرۆکەکەت ئەوەی بسەلمێنێ. بۆ وێنە دایدەنی کە بیسەلمێنی ئەوەی بە مەستی سەیارە باژوێ دەبێتە هۆی پێکدادان. یان ئاکامی دزی زیندانە، دزی نەگیراو پادشایە. ئەمانە پێویست نییە بە راشکاوی بگوترێ. ئەو بەشانەی یارمەتی ئەم مەبەستە نادەن بیانبڕە! هەرچەند دیمەنەکانیشی زۆر جوان بن.
- چیرۆکەکەت دەبێ بە شێوەیەک بچێتە پێشێ کە هەموو کاتێک بینەر لەخۆی بپرسی ئاخۆ دوایە چ روو دەدا. وەڵامی پرسیارەکە چ دەبێ....؟

- بینەر لەگەڵ ئەو کەسەیە کە دژواری دێتە رێ، سەرکۆنە و سەرکوت دەکرێ بەڵام واز ناهێنێ و خۆ ناداتە دەستەوە، بە تایبەت ئەگەر کەم ئەندام بێ، لاقی شکا بی، یان پارەی نەبێ...بترسی بەڵام کاری نەترسانە بکا.

- **دانانی چاوەڕوانی:** سەیارەیەک بە خێرایی دەڕوا، لە پێچەکەی ئەو لاترەوە کە ئەو نایبینێ و ئێمە دەیبینین نیشانەی هەڵدێر دانراوە. بینەر ماتڵی هەڵدێرانە. دەزانین بۆمبێک لە مەکتەبێک دانراوە، ئەگەر پۆلیس تا نیو سەعاتی دیکە نەیبینێتەوە ئەوە ١٥٠ قوتابی دەکوژرێن قوتابییەکان پێ نازانن و خەریک گۆرانی گوتنی خۆیانن...ئەمانە چاوەڕوانی بۆ بینەر دروست دەکەن.

- بۆ هەر بەرنامەیەک پەیامێک دیاری دەکرێ. پەیامەکە یان بە ئاشکرایی دەگوترێ یان ناگوترێ و بە شێوەیەک رێکی دەخەن کە بینەر بۆ خۆی تی بگا. دەزانین کە ئەو کاتەمان نییە کە باسی هەموو شتێک بکەین و دەبێ هەرچۆنێک بێ بە کورتی بیبڕینەوە. کەوابوو دەبێ فێر بین کە چۆن مەبەستەکەمان بە کورتترین شێوە

باس بکەین. ئەوەشمان لە بیر بێ کە بینەر هەمووشتێک تێ ناگا. دەبێ بە سادەیی باس بکەین و وێنەکان نابێ لە مەبەستەکە دور کەونەوە.

## تۆمارکردن

سێ کەس لە هەر پرۆژەیەکدا پێکەوە کاردەکەن

- بەرهەمهێنەر؛ کاری ئیداری و پێوەندییەکان دەکا و دێکومێنت کۆ دەکاتەوە.
- - دەرهێنەر بەرپرسی وێنە و چۆنیەتی کارەکەیە.
- پەیامنێر بەرپرسی چاوپێکەوتن و دانانی پرسیار و کۆکردنەوەی زانستی سەبارەت بە کەسەکانە.

جاری وا هەیە یەک کەس کاری دوو کەس دەکا. جاروایە هەرسێ کارەکە یەک کەس دەیکا. ئەمە جیا لە کاری تێکنیکە.

**کارەکان:** لە پێشدا جێگای کارەکە دیاری دەکرێ. پێوەندی دەکرێ بەو کەسانەوە کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەکرێ. زانیاری دروست سەبارەت بە رووداوەکە وەردەگیرێ. پارەی پێویست دابین دەکرێ. تەکنیک کار و جێگرەکانیان دیاری دەکرێن و پێوەندییان پێوە دەکرێ. هەتا هەموو شتێک لەکاتی خۆیدا لە جێگای وێنەگرتن ئامادە بێ. ئەگەر هەلومەرجەکە دەگۆڕدرێ و جێگا دەگۆڕدرێ بە زووترین کات بە هەمووان رادەگەیندرێ کە بتوانن لە جێگاکەی دیکە هەموو کەرەسەکان ئامادە بکەن.

بۆ ئەوەی کە وێنەکان بەهێز بن دەبێ دەرهێنەر و وێنەگر بەرپرسایەتی لە نێوان خۆیاندا دابەش بکەن. لێرەدا چەند پەندێک هەیە:

- شتی چاک هەڵبژێرە، هەندێ شت هیچ کاتێک لە وێنەدا باش نابن، لەوانە چاوپۆشی بکە.
- هەموو کاتێک چەند چرکە پێشتر گومان لێبدە کە دواتر چ دەقەومێ. خۆت ئامادە بکە بۆ جووڵانەوەی کامێرا و بە رێکوپێکی لەگەڵی بجوولەوە. ئەگەر کامێرا بجولێ و شتەکە نەبزوێ ئەوە تۆ گرنگیت داوە بە شتەکە.
- زووم بۆ ئەوەیە تۆ بێ ئەوەی جێگا بگۆڕی ئەندازەی چوارگۆشەکەت بگۆڕی نەک بۆ زووم کردن.
- بە گۆڕانی هەرچەند بچوکی شوێنی کامێرا دەتوانی ئەو شتانەی کە لە دەوروبەری شتە سەرەکییەکە دان و لە وێنەکەت دا بەدیار دەکەون، هەڵبژێری. هەندێکیان لادەی و هەندێکیان دابنی هەتا وێنەکەت باشتر بێ و جار وایە مانای جیاواز بدا.
- هەموو کاتێک بیربکەوە کە چۆن دەکرێ ئەو وێنە گیراوانە پێکەوە مۆنتاژ بکرێ؟ ئایا وێنەی ناوبەینیان دەوێ یان نا؟ لە باری دوور و نزیکییەوە لەگەڵ یەک دێنەوە؟ بەرلەوە کە شوێنەکە بەجێ بهێڵێ وێنە زیادییە پێویستەکان تۆمار بکە.
- هەموو کاتێک بە ئەوانەی کە وتووێژیان لەگەڵ دەکەی رابگەینە کە چۆن وێنە دەگری، ئەوان بۆ کوێ بڕوانن و دەنگەکە چۆنە و دوایە چ دەبێ و چ روودەدا.

- کامێرای چوک و گەورە زۆر جیاوازییان نییە، تۆ دەبێ کامێراکەت بە هەموو جۆرێک بناسی و زاڵ بی بەسەریدا. تۆ دەبێ بزانی چیت لێدەوێ و چۆن دەبێ لەگەڵی بجووڵێتەوە.
- هەموو کاتێک باشترین جێ بۆ کامێراکەت بدۆزەوە! بۆ وێنە ئەگەر کەسێک قسە بۆ خەڵک دەکا تۆ لە قسەکەرەکە نزیک بەوە بۆ ئەوەی قسەکانی تۆمار بکەی. پێشتر یان دواتر وێنە گشتییەکان بگرە.
- پێش ئەوەی تۆمارکردن دەست پێ بکا، جووڵانەوەکانی کامێرا بەتاقی بکەوە. جووڵانەوەی بە بێ تاقیکردنەوە کۆتاییەکەی خراپ دەردەچێ. لەبیرت بێ هەر جووڵانەوەیەکی کامێرا سەرتا و کۆتاییەکەی دەبێ راوەستاو بێ.
- بینەران وێنەکانی تۆ لەگەڵ باشترین وێنەکانی دیکە وەکوو کاناڵی ب.ب.سی بەراورد دەکەن. ئەوان کاریان بەوە نییە تۆ ئەو ئیمکانەت هەبووە یان نە. بۆیە دەبێ هەوڵ بدەی رازییان بکەی!

## لەبیرت نەچێ

کاتێک رێپۆرتاژێکت لە پێشە ئەم شتانەت لەبیر بێ، چونکە کات کورتە و فرسەتی بیرکردنەوە نییە. دەشتوانی وەکوو لیستەیەک هەڵیگری و جاروبار چاوی لێبکەی.

١- وێنە لە خودی رووداوەکە:

- وێنەیەک لە نێو سەیارەوە کە بەرەو رووداوەکە دەڕوا. دابەزە سەیارەکەش بگرە کە دەڕوا.
- وێنەی گشتی لە جێگای رووداوەکە لەسەر سێپایە. چەند دیمەنی جۆربەجۆری دوور و نزیک. یان بەسەر دەستەوە بە لێنزی بڵاو / لە دوور و نزیکەوە.
- وێنەی نزیک و زۆر نزیک لە خودی رووداوەکە. بۆ یارمەتی مۆنتاژ.
- لە پێشدا خودی رووداوەکە تۆمار بکە ئەو جۆرەی کە هەیە. بۆ نموونە: یەکێک تەندوری نانەوایی چێدەکا. دوایە دەکرێ پێی بڵێی هەندێک لە کارەکە بۆ تۆ دووپات بکاتەوە کە لە سووچێکی باشەوە وێنە بگری. لە کاتی دووپات کردنەوەی رووداوەکەدا هەوڵ بدە وێنەکانت بە شێوەیەکی دیکە بن کە رەنگە دواتر بە مەبەستێکی دیکە بەکاریان بەری.
- ئەگەر شتێکی کتوپڕ روویدا ئامادە بە لە دووی کەوی و تۆماری کەی بەڵام لەبیرت بێ خۆت نەخەیە خەتەرەوە. وێنەیەک بایەخی گیانی مرۆڤێکی نییە.
- بیری لێبکەوە کە سێکانسەکەت چۆن دەست پێدەکا و چۆن تەواو دەبێ. وێنەی دەست پێکردن و تەواو کردنەکەت لەبیر نەچێ.

٢- وێنەی کەسی یەکەم:

- وێنەی کەسی یەکەم کە قسە دەکا یان چاوپێکەوتنی لەگەڵ دەکرێ لەنێو جێگای رووداوەکەدا تۆمار بکە (هەر لە پشت مێزەکەی نەبێ) بۆ وێنە لە نێو کارگەکەیدا یان لە نێو ئیدارەکەیدا.

- تەنیا ئەو وێنانە مەگرە کە ئەو لە ئیشەکەیدا نیشاندەدا، بەڵکوو ئەو وێنانەش کە ئەو وەکوو مرۆڤێکی ئاسایی نیشاندەدا. لە پێش چاو پێکەوتن یا دوایە لە کاتی پشودا. ئەمە یارمەتییەکی زۆر دەدا کە بینەر زیاتر سەرنجی ئەو کەسە بدا.
- کاتێک لە ڕیپۆرتاژێکدا لەدووی یەکێک دەکەوی هێندی وێنەی دیکەش بگرە کە ئەوی تێدا نەبێ دەنا مۆنتاژ کردنی دژوار دەبێ.

٣- وێنەی دەوروبەر:

- چەند وێنەی کورت و بێ جووڵەیە کە شوێن و ناوچەی ڕووداوەکە دەناسێنێ. بۆ نموونە دەرەوەی بینای زانکۆ ئەگەر ڕووداوەکە لە ژوورەوە روو دەدا.
- وێنەیەکی بێ جووڵە لە دوورەوە لە ڕووداوەکە بۆ دەستپێکردن یان تەواو کردنی ڕیپۆرتاژەکە.
- چەند وێنە لە خەڵکی دەوروبەری ڕووداوەکە و ئاکاریان لە بەرانبەر ئەو ڕووداوەدا. ئەوە ڕووداوەکە زیاتر دەکاتە دێکومێنت.
- چەند وێنەی بێلایەن کە ڕووداوەکە یان کەسەکەی تێیدا نییە. بۆ ئەوە دواتر بە یارمەتی ئەوانە بتوانی ڕیپۆرتاژەکەت کورت بکەیەوە.
- چەند وێنە کە نیشان بدا جەوەکە چۆنە. خەڵك پێدەکەنێ، چەپڵە لێدەدا یان تووڕەیە. یان بێ لایەنە.
- وێنە لەو کەسانە کە لەگەڵیان سەفەر دەکەی. ئەمە یارمەتی دەدا کە بینەر لەگەڵ خۆت بخەی بۆ سەفەرەکە.
- وێنەی فیکس: کاتێک کە ناتوانی زۆر بە دیار شتێکەوە ڕاوەستی، یان شریتی کەمت پێ ماوە کامێراکەت بخەسەر فتۆ و وێنەی فیکس بگرە. دواتر دەتوانی لە مۆنتاژدا بەنەرمی جووڵانەوەی بۆ دروست بکەی. بەشێکی بهێنە پێشەوە و بە نێویدا پان بکە. لەبیرت بێ بۆ مەبەستی وا دەبێ وێنەکەت شتی چووڵێنەری وەکوو سەیارە یان ئاوی ڕووبار و دەریای تێیدا نەبێ.


**ئەو شتانەی کە نابێ ڕوو بدا:**

- وێنە تەکانی هەبێ – بلەرزێ!
- فۆکوس نەبوونی بە هەڵە!
- دەنگ کرەکڕی تێدا بێ!
- مایکرۆفۆن زۆر لە دوورەوە بی، دەنگی دەوروبەر زۆر بێ و تێکەڵاوی دەنگی سەرەکی بێ!
- ڕووناکی زۆر تەخت بێ!
- دەموچاوی سێبەرداگرتوو بە بێ هۆ.
- جامپ کات (دوو وێنە بەدووی یەکدا لە هەمان شت بە گۆڕینی جێ کامێرا کەمتر لە ٣٠دەرەجە)
- وێنەی خۆشەویست مەگرە (خۆشەویستەکەت بکوژە) وێنەی پێویست بگرە.


**یاسای ۱۸۰دەرەجە:**

کاتێک دوو یا چەند کەسمان لە دیمەنێکدا هەیە، یان سوارێک بەرەو شوێنێک دەچێ، ئەوە خەتێکی فەرزی لە زەینماندا دروست دەبێ کە کامێرا یان کامێراکان نابێ ئەو خەتە ببەزێنن. ئەو خەتە لە نێوان دووکەس یان سوارەکە و شوێنی ڕۆیشتنەکەیدایە. کامێرا بۆی هەیە لە کەوانێکی ۱۸۰دەرەجەدا جێگۆڕکێ بکا بەڵام بۆی نییە بچێتە ئەو دەستەوە. ئەگەر وا بکا هەموو دیمەنەکە پێچەوانە دەبێتەوە. مەگەر کامێرایەک کە خەتەکە دەبەزێنێ لە حاڵی وێنەگرتندا بڕواتە ئەو بەرەوە و بینەر بزانێ کە ئەوە جێگای گۆڕیوە.

باشترین نموونەی ئەم یاسا، یاری فۆتباڵە. لای ڕاستمان هەولێرە و لای چەپ دیاربەکر کە پێکەوە یاری دەکەن. هەموو کامێراکان (لە یارییەکانی ئێستادا لانی کەم ۱۲کامێرا دادەنێن) لە لایەکی مەیدانەکەوە وەستاون و هەر وێنەیەک پیشان دەدەن لە هەموو کاتێکدا هەر لای ڕاست هەولێرە و لای چەپ دیاربەکر. یانێ خەتێکی فەرزی لە نێوان ئەو دوو دەروازەی مەیدانەکەدا کێشراوە کە هیچ کامێرایەک بۆی نییە بیبەزێنێ. ئەگەر وا بکا ئەوە جێگای یانەکان دەگۆڕدرێ و بینەر پێوادەبێ کە نیوەی دووەمی یارییەکەیە.




ئەم یاسایە لە نێوان دووکەسدا کە لە ستۆدیۆ دانیشتوون یان لە بازار پێکەوەن، یان سەیارەیەک کە بۆ شوێنێک دەچێ و...، دەبێ ڕەچاوبکرێ.




**چەند تێبینی:**

- ئەگەر کەسێک لە وێنەی یەکەمدا پیاسە دەکا لە وێنەی دووەمدا نابێ خێرا بڕوا یان هەڵێ. ئەگەر پێویستە هەڵێ دەبێ دەستپێکردنی هەڵاتنەکە نیشان بدرێ. ئەم ئیدامەکارییە دەوروبەر و کەش وهەوا و ناوەرۆکیش دەگرێتەوە. ناوەرۆک بە مانای جل و بەرگ و ماکیاژ و دەنگی دەوروبەر و باقی شتەکانە کە لە دیمەنەکدا دەبیندرێن یان دەبیسرێن. گۆڕانکارییەکان دەبێ یان لە پێش چاو بینەر بکرێ یان بینەر بە شێوەیەک پێی بزانێ.

- دوو وێنە دەبێ پێکەوە کلاف بکرێن. بۆ نموونە: ئەگەر کەسێک لە وێنەیێکی گشتیدا بە خێرایی دەڕوا و شانەوشان دەکا، کاتێک دەبڕدرێ بۆ وێنەیێکی مێدیۆم و پێی دیار نییە، نەتەنیا خێراییەکەی دەبێ وەک یەک بێ بەڵکوو شانەوشان کردنەکەشی وەک یەک بێ. ئەگەر لە دیمەنی یەک پێ راستی هەڵگرتووە و شانی چەپی دابەزیوە، لە دەسپێکی وێنەی دووەمیشدا شانی چەپی دانەوی بێ. بۆ هەڵە نەکردن لەم بووارەدا باشتر ئەوەیە بە دوو کامێرا تەسویر بکرێ، یەک وێنە بڵاوەکە بگرێ و یەک مێدیۆمەکە یان نزیک. ئەگەر یەک کامێرا زیاتر دەست نادا، دوو جار لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی تۆمار بکەن. بەم جۆرە دەکرێ رویشتنێک دوو سێ جار ئەم وێنە و ئەو وێنەی پێی بکرێ. وێنەی ١ دوایە ٢، دیسان ١، دووبارە ٢....
- زمانی وێنە بە پێ گۆڕان و پێشەوەچوونی تەکنیک گۆڕانکاری بەسەردا دێ. زۆر شتی باوی ساڵەکانی سینەمای بێدەنگ ئێستا نەماون. دیژیتاڵ دەرکەی دنیایەکی تازەی کردوەتەوە. شاشەی گەورە بوەتە هۆی ئەوە کە وێنەگرەکان زیاتر سەرنج بدەنە رەنگ و فوکوس و بەکاربردنی سێپایە. دێکۆر و ماکیاژیش گۆڕدراوە. تەکنیکی کرۆما بەشێک لە ئەرکی دیمەنە پڕ خەرجەکانی کەم کردوەتەوە. بەڵام هەموو ئەمانە نەتەنیا ئەوانەی کە باسمان کرد بێ نرخ نەکردووە بەڵکوو دەبێ زۆر بە وردی رەچاو بکرێن چوونکە هەر بەو پێیە بینەریش ورياتر بوەتەوە و چووکترین هەڵە بەدی دەکا.

## هەواڵ

بەشی هەواڵەکانی تلەڤزیۆن وا دامەزراوە کە هەموو کارەکان لە کاتێکی زۆر کەمدا جێبەجێ بکرێ. لە هەموو لایەکەوە هەواڵ و ریپۆرتاژی بۆ دەنێردرێ، کە دەبێ بە پێ گرینگی بخرێتە شوێن یەکترەوە، یان بریار بدرێ چ شتێک بڵا و ببێتەوە و چی رابگیرێ.

- ئەو هەواڵانەی کە کاتیان نییە، پەلەی لێ ناکرێ و لە سەرووی لیستەی ئەو هەواڵانەوە دادەندرێ کە دوا دەخرێن. ئەگەر هەواڵەکانی رۆژ کاتی زۆر بگرن ئەوە ئەوانیتر یان رادەگیرن یان زۆر بە کورتی ئاماژەیان پێ دەکرێ. هەواڵی گرینگ ئەوەیە کە خەڵکێکی زۆرتر بگرێتەوە. ئەگەر هەواڵێک تاقانە بێ، ئەتۆ هەت بێ و دەستگای دیکە نەیان بێ، ئەوە گرێنگی زۆر دەدرێتێ. ئەمە ئەوەیە کە هەموو ژۆرنالیستێک گیانی لەسەر دادەنێ. یان ئەگەر هەموو هەیانە هەر کەسە و هەوڵ دەدا شتێکی تایبەت بە خۆی تێیدا هەبێ، یان قووڵتر بچێتە نێو بابەتەکەوە. هەر هەواڵنێرێک گۆشەی تایبەتی دیتن بۆ خۆی دەدۆزێتەوە.

**- ئەو شتانەی کە تایبەتی دروست دەکەن**: یەکێک شوێن و کەسانی دەوروبەری رووداوەکەیە، کە هەر کەس شتێک و بە شێوەیەک دەتوانێ ببینێ. ئەم دیتنە دەکرێ پێش رووداوەکە تۆمار بکرێ.

**- ئاماژە بە رووداوی هاوکات** : ئاماژە بەوە کە هەر لەو کاتەدا کە ئەم رووداوە قەوماوە رووداوێکی دیکەی لەم چەشنە لە جێگایەکی دیکەش قەوماوە. بۆ نموونە لێرە لافاو هەڵستاوە و، لە خورماڵیش هەروەها.

- زۆربەی هەواڵەکان مرۆڤی سیاسی و خاوەن ئابووری و ئیدارەجاتی سازی دەکەن و ئەوان لە روانگەی خۆیانەوە دنیا دەبینن و بە زمانی خۆیان دەدوێن. دەبێ وشە و زاراوەی ئەوان بۆ خەڵکی ئاسایی ڕوون بکرێنەوە. بۆ وێنە کەسێک دەڵێ: دەرامەتی ناخالیسی ئەو ساڵ کەم دەبێتەوە، بۆیە ئێمە دەبێ ئیمپۆرتی خۆمان کەم بکەینەوە. لە تێکستی هەواڵەکەدا دەبێ بە شێوەیەک مانای ئەو دوو وشە بگونجێندرێ. ئەم کارە دەکرێ بە هێنانەوەی نموونە بۆ خەڵک روون بکرێتەوە. بۆ نموونە: کەم کردنەوەی هاوردەکان بۆ بازاری هەولێر ئاکامی چییە و چ روودەدا بۆ منی کڕیار.

- **ڕێپورتاژ لەسەر هۆکار:** هۆکاری رووداوێک کە بەردەوام دەقەومێ چییە؟ وەکوو زەویلەرزە لە ژاپۆن، یان تۆزوبا لە هەولێر. بۆ تورکیە دەیەوێ بچێتە نێو بازاڕی هاوبەشی ئەورووپاوە و بۆ فەرەنسە دژیەتی؟
باسی هۆکار و رابردوو (پاشخان) و ئاکامی رووداوێک بە ئەندازەی خودی رووداوەکە گرنگە. هیچ رووداوێک بە تەنێ بۆ خۆی نییە، بەڵکوو ئالقەیەکە لە زنجیرەیەکە. بۆ نموونە: تەقینەوەکەی هەولێر..... تەقینەوەکە هەر ئەوەندە گرینگە کە هۆکارەکەی و ئاکامەکەی. خەڵک زۆرتر بیر لەو بەشانە دەکاتەوە و دەیەوێ بزانێ چ دەبێ بکرێ کە ئەو کارەساتە جارێکی تر روو نەداتەوە.
- هەواڵێک بۆ چ کەسانێک گرینگترە، دەبێ رێپۆرتاژ روو لەوان بکات. گرانبوونی نەوت رووداوێکە، ئەوەی دەوڵەمەندە زۆر مەبەستی نییە، بەڵام ئەوانەی کە داهاتی کەمیان هەیە پێوە پەرۆش دەبن. دەبێ لەگەڵ ئەوان وتووێژ بکرێ و نیشان بدرێ کە ئاکامەکەی بۆ ئەوان چییە؟
- جێگای رووداوەکەش دەتوانێ گرینگ بێ: تەقینەوەیەک لە کەرکووک روو دەدا رەنگە بە لای خەڵکی سلێمانییەوە ئەوەندە گرینگ نەبێ کە بە لای خەڵکی خودی کەرکووکەوە گرینگە.
- زۆربەی جاران هەواڵ خۆی لە خۆیدا زۆر وشک و رەقە، ریپۆرتاژێکی نەرم و سرنجراکێش دەتوانێ زیندووی بکاتەوە. بۆ نموونە: کاتێک کە رێکخراوی نێو نەتەوەیی ساڵیادی بوو، کاناڵی چواری سوید لەگەڵ پیرەژنێک وتووێژێکی کردبوو کە چل ساڵ لەو رێکخراوە کاری کردبوو و زۆربەی پیاوە ناودارەکانی دونیای دیتبوو.و باسیانی دەکرد.

- کاتێک باسی کەسایەتییەک دەکەین دەکرێ کەسێک بدۆزینەوە کە لە روانگەیەکی زۆر تایبەتییەوە باسی ئەو کەسایەتییە بکات. بۆ نموونە: ئەگەر کەسێک باسی ئەوە بکات کە ئاخۆ شێخ مەحمود حەزی لە چ جۆرە مۆسیقایەک بووە ریپۆرتاژەکەمان نە تەنیا زیندوو ڕادەگرێت، بەڵکوو بێوێنەی دەکات.

## چاوپێکەوتن

چاوپێکەوتنی تلەفزیۆنی زۆر ناسک وهەستیارە. ئەگەر لەگەڵ کەرەسەکانی دیکەی ڕاگەیاندندا بەراوردی بکەین، زیاتر باوەڕپێکراوە. دەکرێ چاوپێکەوتنێک کە لە رۆژنامەدا کراوە، گومانی لێی بکرێ، یان هەڵسەنگاندنی لەسەر بکرێ. (ئاخۆ چۆنی گوتووە و چۆن نووسراوە و..) بەڵام زۆر کەم دەکرێ گومان لەوە بکرێ کە لە چاوپێکەوتنێکی تلەڤزیۆنیدا گوتراوە و نیشان دراوە.

کامێرا لەسەری میوانەکە راوەستاوە و بچووکترین جووڵەی وەردەگرێ. ئێمە دەبینین ئاخۆ لەژێر گوشار دایە، پێدەکەنێ، رەنگی پەڕیوە، هەوڵە یان لەسەرەخۆ وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە. هەرچی بکا ئێمە دەیبینین.
چاوپێکەوتنێک دەتوانێ بە شێوەی جۆراوجۆر بێ. لە وتوو وێژێکی بێ کێشە و ئاساییەوە هەتا مشت و مڕێک لە نێوان پێشکەشکار و میواندا کە لەوێ پێشکەشکارەکە دەیەوێ بە زەبری ئامار و نموونە هێنانەوە دەسەڵاتدارێک بخاتە سووچێکەوە و گوشاری بۆ بێنێ. چاو پێکەوتنێکی ئاسایی نە فەرموو فەرمووی میوانداریيە و نە مشت و مڕ.
چاوپێکەوتنی تلەڤزیۆنی، ئامار و نموونەی تێیدایە، بۆچوون و هەستیشی تێیدایە، بەپێی ئەوە کە پێوانەی بەرنامەکە چۆن بێ. ئێمە باسی چەند جۆر چاوپێکەوتن دەکەین. دیارە سنوورەکان دەتوانن ئەملا و ئەولا بکەن. شتێکی بەتەواوی جودا و دابڕاو لەیەکتر نین. بەڵام هوموویان لە قەوارەدا ئەم پرسیارانە وەکوو بنچینە رەچاو دەکەن کە هەر رۆژنامەوانێک لەبەریەتی:

کێ (باسی کێ دەکرێ)

چی (رووداوەکە چییە)

لەکوێ (روویداوە)

بۆچی (وایە- روویداوە)

چۆن (بە چ شێوەیەک)

کەی (روویداوە)

دەکرێ ئەم پرسیارە بنچینەییانە بە پێ بابەت چەند پرسیاری دیکەی لێی زیاد بکرێ:

ئاکامەکەی چییە؟

کێشە دروست دەبێ؟

چ دەبێ بکرێ؟

چەندی تێدەچێ؟

ئەم پرسیارانە بە شێوەیەک لە رستەی جوان و گرێدراو بە بابەتەکەوە دادەرێژرێ و ئاراستەی میوانەکە دەکرێ. چاری واش هەیە لە پرسیاری یەکەمدا وەڵامی چەند پرسیاری دیکە دەرێتەوە.

**جۆرەکانی چاوپێکەوتن:**

**نموونە (فاکتا) هێنانەوە:**

لە چاوپێکەوتنی لەم شێوەیە، پێشکەشکار بەهێنانەوەی نموونە دەست پێدەکا و لە نێواندا نموونەی هەستیار دەخاتە روو، یان لەسەر ئەو نموونە دەڕوا کە میوانەکە باسی دەکا. هێنانەوەی نموونەی دیکە و پێشکەشکردنی بەشێوەیەکی راهێنەرانە و کاریگەر لە نێوان بەرنامەدا کارێکی هاسان نییە. باشتر وایە لە کاتی چاوپێکەوتنی پێشەکیدا (کە تۆمار ناکرێ) ئەو نموونانە باس بکرێ و دوایە لەکاتی تۆمارکردندا پێشکەشکار بیگێرێتەوە و بڵێ کە ئەوانەی لەکوێ دەست کەوتووە. لەکاتی تۆمارکردندا، میوانەکە (کە پسپۆڕە یان کاربەدەستە) خۆی یەک دوو نموونە لەوانە بگێرێتەوە. ئەمە بۆ ئەوەیە کە قورسایی زۆرتر بە فاکتاکان بدرێ.

شێوەیەکی تایبەتیش هەیە کە چەند کەس سەبارەت بە بابەتێک قسە دەکەن هەرکام بەشێکی دەگێرنەوە و دوایە دەبێتە پرسیار بۆ میوانەکە. باشی ئەو شێوە ئەوەیە هەستی میوانەکە دەبزوێنێ و چاوپێکەوتنەکە زیندووتر دەبێ.

**بۆچوون:**

چاوپێکەوتن بە مەبەستی زانینی بۆچوونەکان. بۆچوونی کەس یان کەسانێک وەردەگیرێ و پێشکەشکار نموونەکان دەخاتە بەردەست. دەکرێ بۆچوونی کورتی چەند کەس وەربگیرێ (دژ و لەگەڵ وەک یەک) نیشان بدرێ بە بینەران و بە میوانەکە و دوایە رای ئەو بپرسرێ.

**کەسایەتی:**

ئەم جۆرە چاوپێکەوتنە زیاتر بۆ ناسین و ناساندنی کەسێکە. بەڵام نابێ بە پرسیاری ئاسایی سەبارەت بە ژیانی خۆی کۆتایی بێ، بەڵکوو روانگە و بۆچوونەکانی باس بکا. دەبێ دەرکەوێ کە ئەو کەسە لەبەرچی گرینگە کە ئێمە چاوپێکەوتنی لەگەڵ دەکەین. بۆ نموونە ئەگەر نووسەرە، ئەوە گرینگی بدەین بەو بەشە و تایبەتییەکانی روون بکەینەوە.

ئەم جۆرە چاوپێکەوتنە زۆر جار درێژە و دواتر بەشە گرینگەکانی مۆنتاژ دەکرێ. بۆیە نابێ ئینسێرت (وێنە بۆ نێوان بەشەکان، کە پێوەندی لەگەڵ بابەتەکە هەیە) لەبیرکەین.

**ئێفێکت:**

جۆرێک وتوو وێژە لەگەڵ خەڵک، بۆ زیادکردنی تام وچێژی بەرنامە. ناوەرۆکەکەی زۆر گرینگ نییە. زیاتر بۆ پێوەندیدانی بینەرە لەگەڵ رووداوەکە یان کەسەکاندا. بۆ نموونە: باسی پێشبڕکێیەک دەکرێ. یەکێک لە وەرزشوانەکان راست بەرەو کامێرا چەند ووشە دەڵێ (من زۆر ئامادەم و هیوادارم باش بچێتە پێش و..) دوایە پێشبڕکێیەکە دەست پێدەکا و ئەگەر درێژخایەن بێ لە نێواندا لەگەڵ یەک دوو پسپۆر یان وەرزشوانی کۆن وتوو وێژی کورت دەکرێ.

**رای گشتی:**

یەک پرسیار لە چەند کەس دەکەی، وەڵامەکان دوواتر بەکورتی لەدووی یەک مۆنتاژ دەکەی. (بە پێ دووپاتکردنەوەی پرسیارەکە) ئەمە هێز و خێرایی بە بەرنامەکەت دەدا و رای گشتی سەبارەت بە بابەتی بەرنامەکەت دەردەخا، بەڵام دەشکرێ درۆی پێی بکرێ و ئەوانەی کە بە دڵمان نییە لە مۆنتاژدا فڕێیان دەین. ئەم جۆرە لە هەڵبژاردنەکاندا زۆر باوە.

**وتوو وێژی چەند کەسی:**

چەند کەس بانگ دەکرێن کە هەرکام (دەکرێ بڵێین) نوێنەری گروپێکی جیاوازن لە کۆمەڵدا. زۆر جار روانگەکانیان دژی یەکترە. (بۆ نموونە: دوو حیزب کە پێشبڕکێ یەکتر دەکەن) لێرە پێشکەشکار رۆڵێکی گرنگی هەیە کە پرسیاری بە جێ بکا کە هەڵیانخرێنێ هەتا کێشەکەیان بێتە بەر باس و بێنەر بزانێ هەرکامیان چ دەڵێن و بۆچی دەڵێن و گرفتییان چییە؟

**شێوەی کار لە چاوپێکەوتندا:**

ئەتۆ کە چاوپێکەوتن دەکەی دەبێ پێش هەر شتێک سەرنجی بینەر راکێشی نەک بەرەو خۆت بەڵکوو بەرەو ئەو کەسەی کە چاوپێکەوتنی لەگەڵ دەکەی. خۆت لە دەرەوەی وێنە راگرە و کاتێک قسە بکە کە پرسیاری زۆر روون دەکەی. میوانەکە لەنێو باسەکەدا راگرە، یارمەتی بدە بچێتە پێشەوە و سفرەی دڵی بکاتەوە.

وەکوو پێشکەشکار ئەتۆ نوێنەرایەتی بینەران دەکەی. پرسیاری وا بکە کە وەڵامدەرەوەی چاوەڕوانی بینەران بێ و بۆیان گرینگ بێ. بە شێوەیەک بدوێن کە بینەر هەم پرسیارەکان و هەم وەڵامەکەیان تێ بگا.

**خۆ ئامادە کردن:**

لە کاتێکدا گروپی تەکنیک خەریک خۆئامادە کردنە، ئەتۆش میوانەکەت ئامادە بکە. ئەگەر ئارامی و ئاسایش هەست پێنەکا، رەنگە دڵەرپێیەکی وەها بگرێ کە نەتوانێ چاوپێکەوتنەکە بکا. بە باسکردنی هەندێ شتی تەکنیکی یاخۆ دڵنیا کردن سەبارەت بە ئەوە کە ئەگەر باش نەبوو دەتوانن دووپاتی بکەنەوە (ئەگەر راستەوخۆ نەبێ) منداڵان دەکرێ چاو لە وێنەی کامێراکە بکەن. هیندێ باسی جوێ لەبابەتی چاوپێکەوتنەکە بکە. بیر لە دەوروبەر بکەوە، کە بزانی جێگاکەتان ئارامە؟ کەسی دیکە خۆی ناکوتێتە ناو باسەکە کە کارتێکەری لەسەر وەڵامەکانی میوانەکە هەبێ و هتد...

**چاوپێکەوتنی پێشەکی:**

بەرلەوە چاوپێکەوتنەکە تۆمار بکرێ، سەبارەت بە بابەتەکە لەگەڵ میوانەکەت بدوێ و هێندێ لە فاکتاکانی لەگەڵ باس بکە. هەر بەو تەرتیبە کە بیرت کردووەتەوە پرسیار بکەی، بەڵام پرسیارەکانتی پێی مەڵێ. ئەم پێش چاوپێکەوتنە یارمەتیت دەدا کە زاڵ بی بەسەر هەلومەرجی دژوار و لێک تێنەگەیشتندا. ووشەی قورس و هێندێ شیکردنەوەی بێ جێ لەم ووتوو وێژە پێشەکییەدا دێ و دواتر دووپات نابێتەوە، یانێ بەم شێوە خۆت لەوانە دەرباز دەکەی. و راستەوخۆ دەچیتە سەر پرسیارە سەرەکییەکان و چاوپێکەوتنەکە کورت و پوخت دەبێ. ئەم وتوو وێژە پێشەکییە یارمەتی وتاری بەرنامەکەش دەدا. ئەگەر تێگەیشتی کە ووشەی قورس بەکار دێنێ، دەتووانی پێی بڵی لەکاتی تۆمارکردندا ووشەی دیکە بەکار بێنێ کە بینەری ئاسایی تێبگا. ئەگەر لەکاتی تۆمارکردندا ووشەی ناقۆڵا یان ووشەی زمانێکی دیکەی بەکار هێنا بەشێوەیەکی نەرم بچوە نێو قسەکانی و ووشەکە روون بکەوە، یا خۆ لە خۆی بپرسە مانای ئەو ووشە چییە؟

گرینگە کە بزانی وەڵامەکە بە دروستی تێ گەیشتوی، دەنا دەتووانی بپرسی (ئەگەر باش تێگەیشتبێتم ئێوە دەڵێن....)

**ئەو پرسیارانەی کە وەڵامیان هەیە:**

لە چاوپێکەوتندا ئەو پرسیارانە بکە کە بینەر ماتڵی وەڵامیەتی. بۆ ئەوەی خۆ لا بدەی لە پرسیاری بێخۆ، خۆت بنە جێگای ئەو کەسە کە دژی روانگەی میوانەکەتە. بەڵام دەبێ نیشان بدەی کە ئەو پرسیارە (کە بۆچوونی تێیدایە) هی تۆ نییە، دەنا چاوپێکەوتنەکە قفڵ دەبێ.

نموونە: (بە میوانەکەت دەڵێی) ئەتۆ پێت وایە کارخانەکەت هەوای پاکی هەیە، بەڵام کاریگەرەکان دەڵێن: کاتێک لەوێن سەریان دێتە ژان کردن....؟

**ئاستی شیاو بە دەنگت بدە!**

راستە کە تۆ دەبێ پرسیاری  هەڵخڕێنەر بکەی، بەڵام دەبێ بە ئاهەنگێک بێ کە میوانەکە پێی وانەبێ تۆ قەڵسی. یان دادگایی دەکەی. ئەو بیانووە مەدە بە میوانەکە چاوپێکەوتنەکە بەجێ بهێڵێ، یان کە تەواو بوو بڵێ چاک لووتی کابرام شکاند" کاتێک بورهان دێنێتەوە، کارێک بکە زیاتر بۆچوونەکانی دەربخا.

**رۆڵی پسپۆڕ مەگێرە!**

وا نیشان مەدە کە ئەتۆش ئەو بابەتە باش دەزانی. نیشان بدە تۆش دەتەوێ ئەو شتە لەو فێر بی. دەنا پاش تاوێک بینەر پێی وادەبێ کە ئەوتان لەبیر کردووە و بۆ خۆتان قسە دەکەن.

دیارە دەبێ زانیاریت لەسەر بابەتەکە هەبێ، ئەوە یارمەتیت دەدا کە پرسیاری بەجێ بکەی و چاوپێکەوتنەکەت رێکوپێک بێ، بەڵام نابێ خۆت بکەی بە پاڵەوانی دیمەنەکە. باش وایە میوانەکە وابزانێ تۆ خبرەت لە بابەتەکەدا کەمە و دەبێ بۆت روون بکاتەوە.

**پرسیاری کورت:**

پرسیار دەبێ راست و رەوان و کورت بێ. هەر جارە پرسیارێک. ئەمە گرینگترین یاسای چاوپێکەوتنی تلەڤزیۆنییە. نە میوانەکە و نە بینەر ناتوانن پرسیاری درێژ لە مێشکیاندا راگرن. ئەگەر بوو بە دوو پرسیار بەیەکەوە، میوانەکە ئەوەی پێی خۆشتر و ئاسانتر بێ وەڵام دەداتەوە. ئەوە زۆر ناشیرینە کە میوان ناچار بێ بپرسێ (ئەرێ پرسیاری دووەمت چی بوو؟)

ئەتۆ دەبێ لە درێژەی چاوپێکەوتنەکەدا خۆت لەسەر خەتێکی بەردەوام لۆژیک راگری و لەبابەتەکە نەچیتە دەرێ و بە پرسیاری ئەملا و ئەولا نەیشێوێنی. پرسیارە سەرەکییەکان لە پێشدا بنووسەوە، بەڵام لە کاتی تۆمارکردندا لە رووی نووسراوەکە مەیخوێنەوە. ووشەکان با هی ئەو کاتە بن. ئەگەر پرسیارەکان تەنیا بە یەک دوو ووشە بنووسیتەوە باشە، تەنیا بۆ وەبیر هاتنەوە.

**پرسیارەکان مەدە بەدەستەوە !**

لە پێش چاوپێکەوتندا پرسیارەکان بەو شێوە کە دەتەوێ دواتر بیکەی بە میوانەکە مەڵێ! ئەو رەنگە بپرسێ، بەڵام تۆ بەگشتی ئاماژە بە بابەتەکە بکە، و بڵێ "ئاوا هەندێ شت لەو بوارەدا" دەنا خۆی بۆ ئامادە دەکا و چاوپێکەوتنەکە دەبێتە شانۆگەری و بینەر پێی وادەبێ ئێوە لە پێشدا رێک کەوتوون چ بپرسن و چ بڵێن.

**پرسیاری سەرنجراکێش:**

پرسیارەکان نابێ بە شێوەیەک بن کە وەڵامیان ئەرێ یان نە بێت. بەڵکوو بە شێوەیەک بێ کە میوانەکە ناچار بێ لەسەری بڕوا. بەڵام ئەوەندەش درێژ نەبێ کە ببێتە خەتابەدان (سخنرانی). پرسیارەکان دەبێ بۆ بینەریش سەرنجراکێش بن، شتێک کە خۆی بیری لێی نەکردبێتەوە.

**رادەربڕین دژکردەوە پێک دێنێ:**

رادەربڕینی تۆ میوانەکەت تووڕە دەکا، بەتایبەت ئەگەر پێی وابێ بۆچوونەکەت هەڵەیە، بەڵام ئەگەر نموونەی لەگەڵ بێ میوان ناچار دەبێ وەڵام بداتەوە و بینەر یەکیان هەڵدەبژێرێ. شێوەی ئاسایی ئەوەیە کە رایەکی کورت (هی خۆت نەبێ باشتر، بۆ نموونە بڵێی زۆر جار دەگوترێ... بیستوومانە دەڵێن..) ئاماژەیەک بە پێشینەی پرسیارەکە و دوایە پرسیار لەسەر ڕا یان بۆچوونی میوان.

نموونە: ئەو بنەماڵانە کە منداڵیان زۆرە، داهاتیان بەشی جلوبەرگی مەکتەب ناکا: ئایا دەوڵەت بیری کردوەتەوە کارێکیان بۆ بکا؟

**گوێ بدە بە وەڵامەکە:**

وەکوو پێشکەشکار هەموو کاتێک دەبێ هەنگاوێک لە پێش میوانەکەتەوە بی. ئەتۆ بە پێی وەڵامەکان پرسیاری دوواییت دادەڕێژی. کەوابوو دەبێ گوێ بدەی بە وەڵامەکە. جار وایە پرسیاری دووەم کە خۆت بۆ ئامادە کردووە وەڵام دراوەتەوە. بۆ بەرەپێشچوونی چاوپێکەوتنەکە دەبێ پرسیاری زیندوو ئامادە بکەی.

وەڵامێکی نارێک هەموو کاتێک لەبەر ئەوە نییە کە میوانەکە نایەوێ هاوکاری بکا، بەڵکوو رەنگە ووشەی شیاو بۆ ئەو مەبەستە نادۆزێتەوە، یان هەلومەرجی تۆمارکردنەکە کاری تێکردووە، یان خۆ لە شتێک دەپارێزێ. بۆ ئەوە کە چاوپێکەوتنەکەت گرێ تێنەکەوێ خۆت لە پرسیاری هەستیار بۆ ئەو کەسە بپارێزە. ئەگەر هەر دەبێ پرسیارەکە بکەی، بە شێوەیەکی هەتا دەکرێ ئاسایی پرسیارەکە بهێنە پێشەوە.

نموونە: لەباتی ئەوە کە بپرسی رای تۆ بەرانبەر بە ئەم سیاسەتەی حێزبەکەت چییە؟ بپرسە: پێت وایە ئەندامانی حێزب سەبارەت بەم سیاسەتە چ بیر دەکەنەوە؟

**پرسیاری زنجیرەیی:**

ئەو پرسیارانە کە پێوەندییان پێکەوە هەیە زیندوویی و قووڵبوونەوە بە چاوپێکەوتن دەدەن و دەیکەنە وتوو وێژ. بەم شێوەیە کە تۆ دەتوانی توانایی رۆژنامەوانی خۆت نیشان بدەی.

دیارە پرسیاری زنجیرەیی پێشتر ناکرێ بنووسرێتەوە، بەڵکوو لە وەڵامەکانی میوانەکەدا دەردەهێنرێ و ئەوەش پێوەندی بە زانیاری تۆ لە بابەتەکە و گوێدان بە وەڵامەکانەوە هەیە. هێندێ پرسیار هەیە کە بە هەموو وەڵامێک دەخوا وەکوو (مەبەستت چییە؟) ( پێت وایە ئاکامی چ دەبێ؟) ئەمانە بە هاسانی میوانەکە دەخاتە بەرگری کردنەوە و زیاتر لەسەری رۆیشتن.

**ئەتۆ وتوو وێژەکە بەرێوە دەبەی!**

کاتێک وەڵامی پرسیارەکەت درایەوە دەبێ هەر بەو رێچکەدا وتوو وێژەکە بەریتە پێشەوە.

١- ئەگەر میوانەکە وەڵامی باشی دایەوە، ئەوە دەچی بۆ پرسیاری دووەم.

٢- دەشتوانی قووڵ بیتەوە لە وەڵامەکەدا. داوا بکەی کە زیاتر شی بکاتەوە. لێکدانەوە بکا یان ئاکامی وەڵامەکە هەڵسەنگێنێ. بەو پرسیارە رۆژنامەوانەیانە کە باسمان کرد. خۆت دەتووانی وەڵامەکە کۆ بکەیتەوە یان ئاکامەکەی دەستنیشان بکەی و داوای بۆچوون بکەی.

نموونە: وەزیری دارایی "ئەگەر کارخانەیەک قازانج ناکا، ئەوە دەبێ سەرمایەکەی بروا بۆ شوێنێکی دیکە!

پێشکەشکار: ئەوە بەو مانا نییە کە پێنسەد کاریگەر بێکار دەبێ؟ یا خۆ؟

وەزیر: نا... ئەوانیش دەتووانن........

لەگەڵ ئەم جۆرە پرسیارانە ووشەی وەکوو (ئەگەر باش تێگەیشتبم، یاخۆ، ئایا دەتووانین وا بڵێین) لەگەڵ بخەن کە رێگا بدا بە شیکردنەوەی زیاتر.

٣- جار جار میوانەکە پاڵ پێوەنانێکی دەوێ کە لەسەر ڕێچکەی بابەتەکە لانەدا و بەردەوام بێ. هێندێ ڕستەی لاوەکی وەک "ئەمە شتێکی سەرنج ڕاکێشە" "ئا... سەیرە" یان نیشاندانی بێدەنگی گوێدەرانە، بەڵام قەت لەبەر خۆتەوە بۆڵە و ئم، ئم مەکە!

٤- لێیگەڕێ باسەکە درێژە بدا با درێژ دادڕیش بێ. کە قسەکانی تەواو بوو ئەوجا بیبەوە سەر ئەو بەشە کە بۆ تۆ گرینگە و داوای روون کردنەوەی زیاتر بکە. جاری وایە بە بێدەنگی خۆت نیشان دەدەی کە ماتڵی گوتنی زیاتری.

**نیشان بدە کە گوێ دەدەی!**

بە ئاراستەکردنی پرسیارێک کە لە وەڵامەکەی ئەوت دەرهێناوە نیشاندەدەی کە تۆ زۆر باش گوێت داوە. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوە کە باسی وەها بێتە گۆڕێ کە میوان لە پێشدا خۆی بۆ ئامادە نەکردووە "ئەمە بەو مانایە کە ..." "دەکرێ وا بڵێین کە..." ئەم گوتنانە ئاماژە بە گوتنەکانی ئەو دەکا. وشەی "بەڵام" لەسەرەتای پرسیاردا گومان لەقسەکانی ئەو دروست دەکا و دەیخاتە بەرگری کردنەوە. خۆ لەو ووشە بپارێزن.

ئەگەر دەتانەوێ بگەڕێنەوە سەر بەشێک کە باش شی نەکراوەتەوە، ووشەی "بەڵام ئەگەر..." لە سەرەتای پرسیارەوە یارمەتی دەدا. کاتێک ناتانەوێ شتێک دووپات بێتەوە (لە دووپاتەکردنەوەی تۆمارکردندا یان دەزانین لە کاتی دووەمیشدا، یان لە پرسیاری دووەمیشدا، دەچێتەوە سەر دۆخەکەی خۆی) بەوە دەست پێی بکەن کە بڵێن "جگە لەوە....." یان "ئەگەر ئەو بەشە وەلا بنێین...".

**مۆنتاژی چاوپێکەوتن**

مەترسی مۆنتاژی چاوپێکەوتن بەرلە هەمووشتێک نەبوونی هاوپەرایی وێنە و دەنگە (سینک نەبوون). بۆیە دایم دەبێ ئەو دووانە پێکەوە ببرین. دووەم چامپ کردنی وێنەیە. دانانی دوو وێنەی لێک نزیک کە گۆڕانی زاویەکەیان کەمتر لە ٣٠ دەرەجەیە. لەو جیگانە دەبێ وێنەی ناوبەین (ئینسیرت) دابنێین. جار جاریش دەکرێ بە دیزالوێکی بچووک چارەسەر بکرێ. (ئەمە کاتێکە کە بێژەر یەک ڕستەی گوتووە کە دەتانەوێ دەریبێنن. بێ ئەوە کە وێنە بگۆڕدرێ. نابێ دەنگەکە دیزاڵو بکرێ.

**ڕاوەستان پاش هەر وەڵامێک:**

لە نێوان وەڵامێک و پرسیاری دووایدا چەند چرکە ڕاوەستە. ئەمە مۆنتاژ ئاسان دەکاتەوە. ئەگەر ووتەکان تێکەڵ ببنەوە ناکرێ لە مۆنتاژدا جوێیان بکەینەوە. لەسەرتا و لە کۆتایی ووتوو ویژەکەشدا چەند چرکە بێدەنگی پێویستە.

**دووپاتەکردنەوەی چاوپێکەوتن**

ئەگەر چاوپێکەوتنەکە زۆر درێژە و وەڵامەکان روون نین. باشتر ئەوەیە چاوپێکەوتنەکە دووبارە بکەیەوە لە باتی ئەوە کە بە مۆنتاژ نەجاتی بدەی. ئەگەر دڵنیا نیت کە باش دەبێ یان نە، دوو یان سێ پرسیاری سەرەکی دووپاتە بکەوە کە بتوانی دوواتر ئەو بەشە کورتە بەکاربێنی، کە زۆرجار وای لێدێ.

**وێنە:**

هەوڵ بدە میوانەکەت ببەیە ئەو جێگا کە پێوەندی بە بابەتەوە هەیە و لەوێ وتوو وێژی لەگەڵ بکە. لە باتی ئەوە کە لە پشت مێزێک دانیشێ.

ئەگەر لە سوێنی گشتی چاوپێکەوتن دەکەی دەبێ لەبەرچاو بگری کە ئەو شتانەی کە لە پشتەوە روو دەدا دەتووانێ سەرنجی بینەر رابکێشێ و گوێ نەداتە ووتەکان.

**چاوەکان:**

گرینگە کە بینەر هەردووک چاوی بێژەر ببینێ و بەرەو ڕوو قسەی لەگەڵ بکرێ. وێنەی لە شاندستەوە بینەر بێزار دەکا. پێشتر وەکوو کوفرێک بوو کە میوان لەباتی چاو لە پێشکەشکار بکا، چاوی لە کامێرا کردبا، بەڵام ئێستا نەختێک گۆڕدراوە و دەکرێ چاو بگێرێ. گرینگ ئەوەیە جووڵانەوەکە سروشتی بێ.

**بریار لەسەر دیمەنی پشتەوە:**

ئەگەر بە لێنزی تێلە وێنە بگرین بەشێکی کەم لە دیمەنی پشتەوە دەبیندرێ و فوکوس نابێ، بەڵام بە لێنزی بڵاو و لە پێشەوە هەموو پشت سەرەکە دیار دەبێ. کامێرا بەرز کەیەوە زەوی زۆر دیار دەبێ و دایگری ئاسمان زۆر دەبێ ئەمانە کار دەکاتە سەر رووناکی سەروچاو. ئەمانە هەموویان دەبێ لەبەرچاو بگیرێ.

باشتر وایە لە پێشدا بە وێنەیەکی گشتی نیشان بدەی کە میوانەکەت لە کوێیە و دوایە بە وێنەیەکی نزیک بەردەوام بی و ئاگات لە هاتووچوو و چاولێکردنی خەڵکیش بێ.

وێنەیەکی بڵاو کە پێشکەشکار لە پشتەوە و میوان بەرەوڕوو دەبیندرێن بۆ دەستپێکردن باشە. ئەم وێنە دوواتریش دەکرێ بۆ وێنەی پرسیارەکانی دیکەش کەڵکی لێی وەرگیرێ، چوونکە زاری پێشکەشکار دیار نییە. لەبیرت بێ ئەم وێنە دەبێ درێژ بێ و هەر جارە بەشێکی بەکار بێنی، نەک هەر یەک وێنە بێ کە دووپات بێتەوە.

**وێنەی ئەو شتانە کە باسی لێوە دەکرێ.**

شێوەی ئاسایی ئەوەیە کە ئەو شتانە کە باسی لێوە دەکرێ لە نێوان قسەکاندا نیشان بدرێ. ئەمانە یارمەتی دەدا بە بینەر زانیاری زیاتری لە بابەتەکە هەبێ. یارمەتی مۆنتاژیش دەدا و بەرنامەکەش خۆشتر دەکا.

جار و بار دەکرێ زوومێکی زۆر نەرم بکەی و وێنە بگۆڕی. لە کاتی پرسیاردا دەکرێ پێشکەشکار نیشان بدەی بەڵام لەبیرت بێ ئەوە وەڵامدەرەوەیە کە بۆ بینەر گرینگە.

## مۆنتاژ

بڕینی وێنە و دەنگ و پێکەوە بەستن و کلاف کردن و تەواو کردنی پەیکەرە و جوانکارییەکانی چیرۆکی فیلم. کە وێنەگرتن تەواو بوو، دەنگەکانمان ئامادە کرد و ووتارەکان تۆمارکران، کاتی مۆنتاژ کردنیان هاتووە. لە سەرەتادا وەکوو ئەوەیە کۆڵێک وشەت لەم لا و لەولاوە هێنابێ و بتەوێ رستە بە رستەیان بکەی، بیانهۆنیتەوە و لە ئاکامدا بیانکەی بە چیرۆک. یەک جوانە و یەک ناشیرینە، یەک باشە بەڵام لەگەڵ ئەوانی دیکە ناگونجێ، یەک خەمگینە و یەک شادە. ماوەتەوە هونەری تۆ کە بەرهەمێکی شیاویان لێ دەربێنێ و پەیامەکەت بگەیێنێ.

هەر وێنەیەک کە لەپاڵی وینەیەکی دیکەدا دادەندرێ، سەرنجی بینەر بۆ شتێک رادەکێشێ. وەکوو چۆن دوو وشە پێکەوە مانایێکی جیا لە ناوەرۆکی خۆیان پێک دێنن کە هیچکام بە تەنێ ئەو مانایە نادەن. خاک وشەیێکە و دیمەنی خۆی لە مێشکی ئێمەدا هەیە. خوێن وشەیێکی دیکەیە و دەزانین چییە. کە کوتت خاک و خوێن، مانای خۆبەخت کردن لە پێناوی نیشتماندا دەدات. ئەگەر دوو دیمەنی ئاو و چاو لە پاڵ یەک دانێن مانای فرمیسک دەدا و باسی خەم دەکەن.

ئەگەر وێنەیەک سێ جار کۆپی بکەین و لە پاڵ سێ وێنەی دیکە داینین، سێ مانای جیاواز پێک دێنن. وێنەی کەسێک لەگەڵ پاروە نانێک دەبێتە برسیەتی. هەر ئەو وێنە لەگەڵ کێردێک دەبێتە تووڕەیی و ترس. ئەگەر هەر ئەو وێنە لە گەڵ گڵکۆیەک دابنین خەم و کەرەسەمان بۆ مانا دەکاتەوە. ئەمە ژێربینای مۆنتاژە.

- ئەو ماناگەلە کە لە ریزکردنی وێنەکان دروست دەبن، هەموویان دەبێ لەخزمەتی بەرەوپێشبردنی چیرۆکەکە و نزیک بوونەوە لە پەیامەکەدا بن. دەنا زیادین و لە دانانیان خۆ بپارێزن.

- ئەگەر لە نووسینێکدا وشەیەک زۆر جار دووپات بێتەوە لێی ماندوو دەبین هەر بەو شێوەش دووپات کردنەوەی وێنە بە بێ هۆ و بەس لەبەر جوانی یان مەبەستی جیا لە بابەتە سەرەکییەکە مەلەل دروست دەکا.

- جار وایە وێنە وتار تەواو دەکا و جاریش وشە وێنە تەواو دەکا. ئەو دووانە نابێ دووپاتکردنەوەی یەکتر بن. بۆ نموونە کەسێک تفەنگێکی بەدەستەوەیە و سێری لە نیشانەیەک گرتووە. ئەگەر بڵێ بەم تفەنگە دەیپێکم، وشەی تفەنگ زیادیە چونکە دەیبینین. هەر ئەوەندە بەسە بڵێ دەیپێکم.

- هەر وێنەیێکی تازە کە لە ریزی ئەوانی دیکەدا دایدەنین دەبێ شتێکی تازەی بۆ بینەر پێبێ. و دووپاتکردنەوەی مانای وێنەکەی پێشوو بە شێوەیێکی دیکە نەبێ.

**- بڕینی جووڵانەوە لە وێنەدا:** یاسای ئاسایی ئەوەیە کە دوو وێنەی بە جووڵە نابێ پێکەوە دانرێ، بەڵکوو تەنیا دوو دیمەنی بێ جووڵە. بۆیە وێنەگر دەبێ لە سەرەتا و کۆتایی هەر جووڵانەوە (پان – تیلت) راوەستێ، تاکوو بکرێ پێکیانەوە گرێ بدەین. دیارە دەکرێ ئاخر فرێمی وێنەکە راوەستێنین،(بەو مەرجە کە لە نێو دیمەنەکەدا جووڵە نەبێ). بەڵام لە یەک شێوەدا دەکرێ دوو جووڵانەوە پێکەوە گرێ بدرێ. ئەویش کاتێکە کە جووڵانەوەکان چ لە خێرایی و چ لە ئاراستەدا وەک یەک بن و تەواوکەری یەکتر بن.


- بە پێچەوانەوە، ئەگەر کەس یا شتی وەک سەیارە و.. لە دیمەنەکەدا دەجووڵێتەوە، دەکرێ لەکاتی جووڵانەوەدا بیبڕی و درێژەی رویشتن یان جووڵەکە لە وێنەیەکی دیکەدا پیشان بدەی. بەو مەرجەی یاساکانی پێڕەو بکەی. بۆ نموونە: ئەگەر کەسێک دەیەوێ هەستێ، کاتێک کە نیوەخێز دەبێ و دەیەوێ چۆک راست بکاتەوە دەیبڕن

بۆ وێنەیەکی دیکە لە گۆشەیەکی دیکەوە یان بۆ ئەندازەیەکی دیکە.. یان بە پێچەوانە ئەگەر دەیەوێ دانیشێ لە کاتی چۆک شکاندندا وێنە دەگۆڕدرێ. نموونەی دیکە: کەسێک بە شوێنێکدا دەڕوا و دەیەوێ بگەڕێتەوە.
سەرچەرخاندنێکی چوک بەسە کە ببێتە هوی بڕینی وێنەکە بۆ وێنەیەکیتر.
- لە بڕینی وێنەیەکی بێجوولە بۆ هەمان بابەت لە سووچێکیترەوە خۆ بپارێزن.
- کاتێک دوو وێنە جێگۆڕکێ دەکەن، وێنەی یەکەم هێشتا کارتێکەری لە مێشکدا ماوە کە ئەوی دیکە جێی گرتوەتەوە کە وابوو گرێدانەکان دەبێ وەهابێ کە هەست بە بڕینەکە نەکەین. دەڵێن نابێ باز بدا.

**چەند جۆر پێکەوەگرێدانی وێنە:**


- بڕین (کلیپ) ئاساییترین جۆری پێکەوە نووساندنی وێنەیە. ئەم شێوە گرێدانێکی توند وتۆڵ لە نێوان دوو وێنەدا پێک دێنێ و پێوەندی ڕاستەوخۆ لە نێوانیاندا دروست دەکا. ئەگەر هیچ شتێکی دیکە نەیێتە کایەوە، ئەوە وێنەی دووهەم درێژەی وێنەی یەکەمە و هەر لەو کات و جێگا دایە، تەنیا زاویەکەی گۆڕدراوە.

- تێکهەڵکێشان (دیزاڵو) تێکەڵکردنی ئاخر و سەرەتای دوو وێنە بە شێوەیەک کە وێنەی یەکەم کاڵ دەبێتەوە هەتا ون دەبێ و وێنەی دووهەم بەرەبەرە پەیدا دەبێ هەتا سەد لە سەد دیار دەبێ. کاتی ئەم شێوە گرێدانە لە نیو چرکەوەیە هەتا ٢ یان ٣ چرکە.



ئەم شێوە پێشتر بۆ تێپەڕاندنی کات و گۆڕینی جێگا (لە کاتی کورتدا) بەکار دەهات، بەڵام ئێستا زیاتر بۆ نەرمکردنەوەی کلیپ بەکاری دێنن. چونکە کەمتر هەڵەی بڕینەکە دەردەکەوێ. لە فیلمی دێکومێنتدا ئەم جۆرە بڕینە باو نییە.

- تاریک و ڕوونکردنەوە (فەید):
ڕەشکردنەوەی بەرەبەرەی وێنەی یەکەم هەتا دەگاتە تەواو ڕەش و ڕوونکردنەوەی وێنەی دووەم لە تاریکەوە بۆ تەواو ڕوون.



ئەم شێوە گرێدانە بۆ تێپەڕاندنی کات (درێژخایەنتر لە دیزاڵو) و گۆڕینی جێگا و هەروەها لە سەرەتا و کۆتایی فیلمدا بەکار دەبرێ. ئەم شێوە، چیرۆکەکە لە شوێنێک ڕادەگرێ و لە شوێنێکیتر دەست پێدەکاتەوە. بە مانای جیاکردنەوەی دوو بەش لە چیرۆکدا.

**- ئێفێکت: گۆڕانی وێنە بە هۆی ئێفێکتەوە:**

دەیان شێوە ئێفێکت هەیە کە لە نێوان دوو وێنەدا دادەندرێ. بەشێکیان باویان نەماوە و بەشێکی دیکە هێشتاش لە تلەڤزیۆن کەڵکی لێ وەردەگیرێ و زیاتر لە نێوان بەرنامە یان بۆ تایتڵ بەکاری دەبەن. یەک زنجیرە لەمانە پێی دەگوترێ "وایپ". لەم شێوەدا وێنەیەک دێ، وێنەیەکی دیکە دەسڕێتەوە. لە لایێکەوە یان لە نێوەراستەوە بە شکڵی بازنە یان چوارگۆش، لە سووچێکەوە بۆ سووچێکیتر یان بە شەترەنجی و هتد...

شێوەی دیکە ئەوەیە کە چەند دیمەن بەجارێک دەبیندرێن و پاشان یەکێکیان گەورە دەبێتەوە و ئەوانی دیکە دەسڕێتەوە.

بنەماڵەیێکی دیکە لە ئێفێکتەکان پێیان دەگوترێ "تریک". وێنەیەک بەرەبەرە دەگۆڕدرێ بە وێنەیێکیتر، بۆ نموونە سەگێک دەبێتە بەراز. یان وێنەیەک پریش پریش دەبێتەوە و پریشەکانی وێنەیێکی دیکە دروست دەکەن. و هتد...

- مۆنتاژی باش ئەوەیە کە بڕینەکان هەست پێنەکرێ و درێژەی جووڵانەوە و رویشتنەکان بەشێوەیەک بێ کە چاو بەتەمایەتی.
- ئەگەر کەسێک لە چەپەوە بۆ راست دەڕوا لە وێنەی دووهەمیشدا هەر دەبێ لە جەپەوە بۆ راست بڕوا، یا لە وێنەی یەکدا لە خوارەوە بۆ سەرێ دەڕوا لە وێنەی دووش هەروا بێ. ئەگەر بە پێچەوانە بێ وەکوو ئەوەیە بە شوێنی خۆیدا گەڕابێتەوە. ئەگەر لە پێچی شەقامێکدا ون دەبێ دوایە دەتوانێ بەرەو هەر کوێ بچێ.

**رێکوپێککردنی مادەی خاو:**

لە مۆنتاژی فیلمدا یەک یەک وێنەکان جوێ دەکرێتەوە و لەگەڵ دەنگەکەیان بە جوێ دادەندرێن و دوایە سێکانسەکان کلاف دەکرێن و هەر سێکانسە بە جیا مۆنتاژ دەکرێ. دواتر هەر ٢٠ خولەکی فیلم دەکرێتە ئاڵقەیەک و دەنێردرێتە لابراتوار بۆ بڕینی نێگاتیڤ و ئۆپتیک کردنی دەنگ و دروست کردنی دیزالڤ و فەید و ئێفێکت.

لە کاری دیژیتاڵدا هەموو ئەم کارانە لە کامپیوتێردا دەکرێ. سەرەتا مادە خاوەکان کاپچێر دەکرێتە نێو کامپیوتێرەکە. باشتر ئەوەیە هەر سێکانس یان هەر بەشە لە فایلێک دابندرێ. بۆ نموونە. چاوپێکەوتن لە فایلێک، وێنە گشتییەکان لە فایلێک، و هتد.... بەم شێوە دۆزینەوەی وێنەکان ئاسانتر دەبێتەوە.

هەر سێکانس لەسەر تایم لاینێک دروست بکرێ و دوایە بخرێتە پاڵ یەکتر. دیارە بە پێ بەرنامەیەک کە کاری پێدەکرێ شێوەی کار نەختێک دەگۆڕدرێ و باشترە لە رووی مانواڵی بەرنامەکە توانایی و تایبەتییەکانی ئەو بەرنامە بزانرێ. بەڵام ئەوە دەزانین کە هەموو بەرنامە قورسەکان (ئاوید – فایناڵ کات – پرۆمیێر) توانایی ئەو کارانەیان هەیە کە لەسەرەوە باسمان کرد.

**دروست کردنی ستروکتور(قەوارە):**
لە فیلمی دراماڤا ئەوە دێکوپاژی فیلمەکەیە کە دیاری دەکا قەوارە و شێوەی مۆنتاژەکە دەبێ چۆن بێ، دەمێنێتەوە دروست کردنی ریتم و هارمۆنی لە نێوان وێنەکاندا کە مۆنتور دەبێ ئاگای لێ بێ. نیو چرکە درەنگتر وێنەیەک ببڕدرێ مەلەل دروست دەکا و نیو چرکە زووتر سەقەتی دەکا. ئەم درێژ و کورت بوونە بە پێ هاوپەراییەک دەبێ کە لە هەموو بەشەکاندا دەبێ رەچاو بکرێ.
لە فیلمی دێکومێنتدا ئەرکی سەرەکی دەرهێنانی قەوارەی فیلمەکە لە ئەستۆی مۆنتۆرە کە دەبێ بە لەبەرچاو گرتنی پەیام و شێوەی کاری کامێرا و ئیمکاناتی ئەو مادە خامانەی کە لەبەر دەستیدایە، قەوارەی شیاو بۆ فیلمەکە پەیدا بکا. (بروانە بەشی فیلمی دێکومێنت)

چەند تێبینی:
هەموو کاتێک دەکرێ دوو دیمەنی نزیک (کلۆز) بە دووی یەکدا دابندرێ.
دوو دیمەنی ناوەنجی (مێدیۆم) ئەگەر لە دوو کەس یان دوو جێگای جیاواز بن دەکرێ دابندرێ.
دوو دیمەنی گشتی، زۆر بە دەگمەن دەگونجێ بە دووی یەکدا دابندرێ.
پێشتر لە فیلمدا کەمتردوای دیمەنێکی گشتی دیمەنی نزیک دەهات. یان بە پێچەوانە. بەڵکوو دوای گشتی، ناوەنجی دەهات و دوایە نزیک. بەڵام ئێستا ئەگەر پێویست بێ. زۆر بە ئاسایی چاوپۆشی لە وێنە ناوەنجییەکە دەکەن.
دوو جووڵانەوەی کامێرا (پان – تیلت) ئەگەر خێراییان وەک یەک نەبێ باشترە لە دووی یەک نەخرێن.

## گێرانەوەی رووداو یان چیرۆک

ژێربینای تلەڤزیۆن و سینما وێنەیە. بۆ پێکهێنانی هەستێکی راستەقینە و بەردەوام لە رووداوێک بە بینەر، دەبێ وێنەکان بە شێوەیەک پێکەوە گرێ بدرێن کە وەکوو رووداوێکی بەردەوام خۆیان بنوێنن. چ بە یەک کامێرا تەسویر کرابێ چ بە چەند کامێرا یان لە کاتی جیاوازدا. یەک هەڵە بەسە تاکوو بینەر هەستەکەی لەدەست بدا و سەری لێ بشێوێ و باوەری نەمێنێ.
لەم بەشەدا ئاماژە بەو یاسا گشتییانە دەکەین کە دەبێ هەموو کاتێک رەچاو بکرێ، هەر لە تۆمارکردنی یەکەم وێنەوە هەتا کۆتایی مۆنتاژ. ئەمانە لە هەموو بەرنامە و کاری فیلمدا، چ لە رێپۆرتاژ و دێکومێنتدا بێ یان لە دراماڤا، دەبێ لەبەرچاو بگیرێ.
گێرانەوە بە وێنە زمان و دەستور زمانی خۆی هەیە. هەر وەکوو گوتن و نووسین، وێنەش سەروژێرکردن و بەرز ونزمی و مانا و ناوەرۆک و مانای شاراوەی هەیە.
دەکرێ بە شێوازی جیاواز، برینی نەرم و زوێر، یان گرێدان و کڵاف کردنی جۆربەجۆر سرنجی بینەر لە ماوەی چیرۆکەکەدا راگری. لەم بوارەدا ئیمکانەکان بێ سنورن. بۆ ئەوەی کە بە شێوەیێکی کارامە پەیامەکەت بگەینیتە بینەر، دەبێ بە زمانێک قسە بکەی کە بینەر دەیزانێ. راستە دەبێ هەوڵ بدەین هاوکات زمانەکە پێش بخەین، راستە

دەستور و یاساکان دەکرێ بگۆڕدرێن و دەگۆڕدرێ بەڵام دەبێ ئەو مەودایە ئەوەندە بێ کە بینەر قوبوڵی بکا دەنا ئەوە ئەتۆی کە بینەرەکانت لەدەست دەدەی.

**سێکانس (دیمەن)**

بەرنامە یان فیکمێک دابەش دەبێ بە بەشی کورت، کورت کە پێی دەگوترێ سێکانس. جاری وایە وەکوو یەک رستەیە و جاری واشە زۆرترە. بەگشتی کاتێک کە جێگا یان کات لە چیرۆکەکەدا دەگۆڕدرێ ئەوە سێکانس گۆڕاوە. وەکوو هاتنە سەر خەت لە نووسیندا. لە ژوورێکەوە بۆ ژوورێکی تر یان بۆ دەرەوە، لە رۆژەوە بۆ شەو یان لە ئەوروەوە بۆ مانگ یان ساڵێکیتر ئەوە سێکانس دەگۆڕێ.

هەر تاکە وێنە وەکوو وشەیێکە کە رستەی پێی دروست دەکرێ. وشەکە دەتوانێ کورت بێ یان درێژ. یەک تاکە وێنە دەتوانێ سێکانسێک بێ. بەرنامە یان فیلمێک دەتوانێ تەنیا یەک سێکانس بێ.

- سێکانسێکی لەبەردڵان و کاریگەر دەبێ نەتەنیا وێنەکانی جوان بن، بەڵکوو تێکەڵێک بی لە وێنەی کورت و دریژ، زاویەی جۆر بەجۆر، تەرکیبی جیاوازی ناوەرۆک و رەنگ و کۆنتراست و جووڵانەوەی جۆراوجۆر.

- دوو وێنەی لەیەک چوو نابێ بەدووی یەکدا دابندرێ. گۆڕانی وێنە بە شێوەیەک کە بینەر هەست پێبکا کە پێویست بە گۆڕان نەبوو، یانێ جیاوازی وێنەکان ئەوەندە کەمە کە بینەر پێی وادەبێ کە بەشێک لە نێوانیاندا بردراوە. ئەمە لە کاتێکدا روودەدا کە جێگۆڕکێ زاویەی کامێرا کەمتر لە ٣٠دەرەجە بێ یان هەر لە جێ خۆیەوە نەختێک پێش و پاش دەکا. ئەم جۆرە برینە بینەر بێزار دەکا و پێی دەگوترێ **جامپ**. ئەگەر ناچاری بێ دەبێ وێنەیێکی جیاواز لە نێوانیاندا دابندرێ کە پێی دەگوترێ ئینسێرت.

- ئەوە زۆری وێنەکان نییە کە بەرنامە یان فیلمێکی باشی لێدەردێ، بەڵکوو پەیوەندی نێوان وێنەکان، چۆنیەتی، کارامەیی و شایستەییە کە هاورێ لەگەڵ وێنەکان کارەکە جوان دەکەن.

- دەکرێ بە شێوەی جۆراوجۆر بابەتێک نیشان بدرێ، هەروەک چۆن بە رێکخستنی وشەی جۆراوجۆر دەکرێ بابەتێک بگێردرێتەوە. دەبێ بزانین چ شێوە رێکخستنێک گێرانەوەیێکی پرهەست، یان وشک، یان پرزەوق دروست دەکا. بەراورد بکەن هەستی وێنەیەکی دژ بە تاو لەگەڵ وێنەیەکی تەختی روو بە تاودا.

- زۆرجار پێشدێ دیمەنێکی زۆر جوانمان لە شوێنێک گرتووە، هەوڵ دەدەین لە شوێنێک جێ بکەینەوە، گەرچی لەگەڵ چیرۆکەکەماندا ناگونجێ، تەنانەت هەوڵ دەدەین چیرۆکەکە بەشێوەیەک بگێرینەوە کە ئەو دیمەنە تێیدا بگونجێ. ئەمە قوربانی کردنی هەموو ئەوانیترە بۆ ئەو خۆشەویستە. باش ئەوەیە بەدیاریەوە دانەنیشین و بەکاری نەهێنین. ئەمە بووەتە مەتەڵ کە دەڵێن خۆسەویستەکەت بکوژە.

**بیناکردنی سێکانس:**

سێکانس بریتی نییە لە کۆی وێنەکان بەڵکوو چۆن وێنەکان ریز کراون. ئەگەر وێنەکان جێگۆڕکێیان پێ بکرێ ماناکە دەگۆڕدرێ. بۆ نموونە: لە وێنەیەکدا منداڵێک دەستی لە پەرداخە ئاوێک دەکەوێ و دەیرێژێ. لە وێنەی

دووهەمدا دایکی دەبینێ و پێی دەڵێ: ئای کە شیرزەی! ئێستا ئەگەر جێگای وێنەکان بگۆڕین: دایک بە منداڵەکەی دەڵێ ئەتۆ شیرزەی دوایە منداڵەکە ئاوەکە دەڕێژێ. لە سێکانسی یەکەمدا، دایک شیرزەییەکە دەبێنێ و سەرکۆنەی دەکا. لە سێکانسی دووهەمدا سەرکۆنەکردنەکە دەبێتە هۆی دژکردەوەی قسەی دایک لە لایەن منداڵەکەوە. تەنانەت هەندێ بینەر پێی وادەبێ کە منداڵەکە زمانیشی لە دایکی دەرێناوە گەرچی نەیاندیتووە.

- گرینگ ئەوەیە کە بزانین درێژی وێنەیەک دەبێ چەند بێ. لە چ جێگایەک دەبێ ببڕین و پەیوەندی لەگەڵ وێنەی دواییدا چۆنە؟ زۆر جار دەکرێ لەسەر تێگەیشتنی بینەر حساب بکرێ، بۆ نموونە: پەرداخێک چای پڕدەکرێ، ئێمە قورییەکە نابینین بەڵام دەزانین ئەوە لە قورییەکەوە چایەکە تێدەکرێ و نەک لە سەماوەرێکەوە. چوونکە پایەی سەماوەرەکە لە پشت پەرداخەکەوە دیار نەبوو، یان بە گشتی ئێمە دەزانین چای لە سەماوەر ناکرێ و لە قۆری دەکرێ.
- خێرایی بڕینەکان:

کورت و درێژی وێنەکان دەبێتە هۆی هەستی جیاواز. ئەگەر وێنەکان وەکوو دیمەنی شەڕوپێکدادان یان ڕەپێنانی سەیارە بە دووی یەکدا، کورت کورت بن، ئەوە هەستێکی توند و بە پەلە پێک دێنێ و زوو دەمانەوێ بزانین چ دەقەومێ. ئەگەر وێنەکان درێژ بن با لە نێو وێنەکەشدا جووڵانەوەی خێرا هەبێ، ئەوە هەستێکی ئارام دەدا و چاوەڕوانی زیاد دەکا. ئەگەر پاش وێنەیەکی درێژ چەند وێنەی کورت دابندرێ خێراییەکەیان زیاتر لە چاو دەدا.

هەرچی وێنەکە بەستراوتر بێ (وێنەی نزیک) چوونکە زانیاری کەمتری تێدایە پێویستی بە راگرتنی زۆر نییە، بەڵام وێنەی بڵاو دەبێ ئەوەندە راگیرێ کە بینەر سرنجی هەموو وردەکارییەکانی نێو وینەکە بدا. ئەمە لە کاتێکدایە کە وێنەکە جووڵانەوەی تێدا نەبێ، دەنا دەبێ راگیری هەتا جووڵانەوەکە دەگاتە مەبەست یان قسەکە تەواو دەبێ. یان بە پێ یاسای جووڵانەوە ببڕین. یانێ درێژەی جووڵانەوە یان قسە لە وێنەی دیکەدا بەردەوام بێ.

وێنەکان بە کورتی تەسویر مەکەن. دواتر لە مۆنتاژدا کاتەکەیان دیاری دەکرێ.

لە کاتی وێنەگرتندا دەبێ بڕیار بدەی کە وێنەکەت بۆ چ مەبەستێک دەوێ! دەتەوێ چیرۆکەکە بە وێنە بگێڕییەوە یان قسەی لەسەر دەکەی، یان بۆ یارمەتی وینەکانی دیکەت دەوێ. وێنەیەک کە بۆ خۆی چیرۆک بگێڕێتەوە دەبێ زۆر وردەکاری و دیقەتی تێیدا کرابێ.

- لە زۆر شوێندا پێویستە پشت بە فانتزی بینەر ببەستین. گەڵایێکی زەرد نیشانەی پاییزە، کەمتر پێویست دەبێ هەموو باخەکە نیشان بدرێ. باشترە بینەر هان بدرێ کە بیر بکاتەوە هەتا زیاتر خۆی بە بەشدار بزانێ.

**کاتی وێنە لە تلەڤزیۆندا:**

وێنەیەک لە رۆژنامەدا، چاوتروکانێک لە رووداوێک نیشان دەدا، بۆیە وێنەگر هەوڵ دەدا هەرچەندە دەکرێ زانیاری زیاتر لەو تاکە وێنەدا بگونجێنێ. لە تلەڤزیۆندا وێنە کاتێکی زۆرتری دەوێ، زانیاری زیاتر دەدا و لەهەمان

کاتدا بینەر ناتوانێ زیاتر لەو کاتەی ئەتۆ بۆت داناوە بە دیار وێنەکەوە راوەستێ و سەیری دیمەنەکە بکات. کەوابوو هەم دەبێ یارمەتی بدەی زانیارییەکان ببینێ و هەم زۆریش بەدیاریەوە رانەوەستێ کە ماندوو بێ. هەر وێنەیەک دەکرێ ١-٣٠ چرکە بوەستێ.

ئەگەر یەک خولەک دابەش بکەین لە نێوان وێنەی جۆراوجۆردا بەم شێوە دەبێ. بۆ نموونە: دوو ٢٠ چرکە بۆ دوو دیمەنی گشتی. دوایە دوو دیمەنی مێدیۆم هەرکام ٥ چرکە. سێ وێنەی نزیک هەرکام ٣ چرکە بەسەریەکەوە ٥٩چرکە دەگرن.

ئەگەر دەتانەوێ بزانن رووداوەکانی دەوروبەرمان چەند دەخاینێ دەکرێ کاتەکەیان بەتاقی بکەنەوە. بەم شێوە فێر دەبن هەر پەیامێک چەندە کاتی پێویستە کە بینەر بتوانێ بەتەواوی وەری بگرێ. دەشزانین کە کات لە تلەڤزیۆندا زۆر کەمە و دەبێ بە کورتترین شێوە باسەکەمان تەواو کەین و زیادییەکان فڕێ دەین.

**کورتکردنەوەی کات:**

بۆ گێرانەوەی رووداوێک بە وێنە دەبێ کاتی رووداوەکە بە شێوەیەک کورت بکرێتەوە کە بینەر هەست بە ناتەواوی نەکا. دەکرێ رووداوی یەک رۆژی تەواو بە سێ خولەک و نیو بگێردرێتەوە. بۆ کورت کردنەوەی کات لە شێوەی جۆراوجۆر کەڵک وەردەگیرێ. بۆ نموونە: لە پێشبڕکێ هەڵاتندا، دەست پێکردن و کۆتایی هاتنی هەڵاتنەکە نیشان دەدرێ، بینەر لە مێشکی خۆیدا ناوەندەکەی پڕ دەکاتەوە. سووڕاندنی سویچی سەیارەیەک یانێ وەڕێکەوتن. پێ لە سەر تورمز داگرتن یانی راوەستان یان کەم کردنەوەی خێرایی. ئەگەر دەنگی تێکوتانی بەدوادابێ ئەوە وا دەزانین لە شتێکی کوتا. نیشاندانی هەموو رووداوەکە پێویست نییە.

بێگومان کورت کردنەوە لە دراماادا پێویستە. ژیانی مرۆڤێک لە لە دوو سەعاتدا دەگێردرێتەوە بێ ئەوە بینەر هەست بە کورت کردنەوە بکا. ئەم هۆنەرە پێوەندی بە شێوەکانی کورتکردنەوەی کاتەوە هەیە.

- دانانی اینسێرت رێگایێکی دیکەی کورتکردنەوەیە. کەسێک خەریک کارێکی دەستییە. لە وێنەیەکی مێدیۆمدا کارکردنەکەی نیشان دەدەین دوایە وێنەی نزیکی دەست و کارەکە. وێنەیەکی نزیکی سەروچاوی وەستا، یان کەسێک کە راوەستاوە و چاو لەدەستی وەستا دەکا. لە ئاخرەوە دەست و کارەکەی کە لە تەواوبووندایە. دانانی ئینسێرتێک ماوەیێکی زۆری بۆ کورت کردوینەتەوە.
- دوو کەس لە نێو بازاردا پێکەوە قسە دەکەن، یەکیان دەڵێ: سبەی لە ماڵێ دەتبینم و دوایە جوێ دەبنەوە. وێنەی دوایی ماڵی کەسەکەیە و درێژەی چیرۆکەکە. بەم شێوە یەک رۆژمان بە چرکەیەک تێپەڕاند.
- ئەگەر کەسێک لە وێنە چووە دەرەوە، لە وێنەی دووهەمدا دەتوانێ لە هەر جێگایێکی دیکە بێتە نێو وێنەوە و کاتێکی زۆر یان کەم تێپەڕ بووبێ. لەم شێوەدا کۆتایی وێنەی یەکەم و سەرەتای وێنەی دووهەم دەبێ ماوەیێکی کورت بەتاڵ بێ.
- دیزالڤ و ئێفێکت و فەیدیش دەتوانێ بۆ تێپەڕاندنی کات بەکار بهێنرێ.

ئەمانە و دەیان شێوەی دیکە بۆ کورتکردنەوەی کات هەیە بەڵام هەرکامە کە بەکار ببرێ سی شت دەبێ لەبەرچاو بکیرێ:

١- ئەوەندە قورسایی نەخەینە سەر بینەر کە لێی ببێتە مەتەڵ و نەتوانێ هەڵی بێنێ.
٢- پێناسەی رووداوەکە
٣- وێنەی هەست بزوێنەر و نیشاندانی هەستی کەسەکە.

**دوو یاسای زمانی وێنە:**

١- ئەگەر دوو وینە بەدووی یەکدا بێن، بینەر پێکەوە گرێیان دەدا مەگەر وێنەکان بەڕاشکاوی دەریخەن کە ئەو مەبەستەیان نییە. بۆ نموونە: ئەگەر کەسێک بۆ شوێنێک دەڕوانێ و وێنەی دووهەم دارە سێوێک نیشان دەدا، ئەو دوو وێنە وا لە بینەر تێدەگەیێنێ کە ئەو کەسە چاو لە دارە سێوەکە دەکا. بەڵام ئەگەر وێنەی دووهەمیش خودی کەسەکەی تێدا بێ ئەو گومانە دروست نابێ.

ئەگەر خانوویەک لە دوورەوە نیشان بدرێ و دوایە ژوورێکی دانیشتن کە رەنگە لە ستۆدیۆ بێ. بینەر وادەزانێ کە ئەو ژوورە لەو ماڵەدایە.

٢- بینەر پێی وایە کەسەکانی ناو وێنەکە هەر لەوێ ماونەتەوە کە ئاخر جار دیتوویەتی، مەگەر پێیان بگوترێ کە لەوێ نەماون. جێگۆڕکێ بە بێ نیشانەی راشکاو سەر لە بینەر دەشێوێنێ.

ئیدامەکاری:

کاتێک بینەر شتێک یان کەسێک لە چەند وێنەی بە دووی یەکدا دەبینێت، رووناکی و خێرایی و شێوە و ئەندازەی لە زەینیدا دەمێنێتەوە و چووکترین گۆڕان هەست پێدەکا و نابێ ئەو گۆڕانە بە بێ هۆ رووبدا و هۆکەش دەبێ زۆر ئاشکرا بێ، دەنا بینەر لە زمانی چیرۆکەکەت تێناگا. ئەم بەردەوام بوونە لە بەرەولایەک رویشتنیشدا هەیە. کە بەرەو راست رۆیشت لە وێنەکانی دیکەشدا هەر دەبێ بەرەو راست بڕوا. ئەگەر کەسەکە لە شوێنێک با بداتەوە دەبێ بادانەوەکەی ببینین هەتا تێبگەین کە ئەوە جادەکەیە پێچ دەکاتەوە دەنا ئەو هەر بەرەو شوێنەکەی خۆی دەڕوا. ئەمە پێوەندی بە یاسای ١٨٠دەرەجەوە هەیە کە دەبێ لە هەموو شوێنێک ئاگاداری بین.

**********************************************

تەیفور زستانی ٢٠٠٨ هەولێر